# بەدرێژیی زستان
# گەرمم کەوە

# بەدرێژیی زستان
# گەرمم کەوە

کۆمەڵێک نووسەر

**وەرگێڕانی**
**محەمەدئەمین شاسەنەم**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی

- **بەدرێژیی زستان گەرمم کەوە**

- **نووسینی:** کۆمەڵێك نووسەر
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** محەمەدئەمین شاسەنەم
- **پیچنین: شاسەنەم**
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی وەرزس و لاوان (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٢)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**


زنجیرەی کتێب (٥٠٩)

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێننەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## ناوەڕۆك


چەرخوفەلەک ............................................ ٧
بە درێژیی زستان گەرمم کەوە! ........................... ٢٣
پاشنیوەڕۆی یەکشەممانە .................................. ٤٠
چلە ........................................................ ٦١
مارا و پادشا ............................................... ٦٧
کیژەکان ..................................................... ٧٧
سێدارە و چۆلەکەکان ...................................... ٨٠
هاوڕێ کامیل ................................................ ٩٠
قەبری دایکێک ............................................. ١٠٣
پەندێک لە شەقامەوە ...................................... ١٠٩
بەرەو ژینێکی باشتر ...................................... ١١٤
نیشتمان پەروەری ......................................... ١٢٧
لێپرسینەوە ................................................. ١٢٧
میرات ....................................................... ١٢٧
نوسخە ...................................................... ١٢٨
بەربەرەکانێ ................................................ ١٢٩
مەسخ ....................................................... ١٣٠١٢٣



**عەلی خودایی**

ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی  لە شاری تاران لە دایک بووە. لە شاری ئیسفەهان لە تاقیگایەک سەرقاڵە. هەتا ئێستا دوو کتێبی چیرۆکی بڵاو کردۆتەوە: «لە نێو شووشەوە، لە نێو مژەوە»، «بە درێژیی زستان گەرمم کەوە»، کە ئەم بەرهەمەی دوایی لە ساڵی ١٣٧٩دا "خەڵاتی گوڵشیری" بردۆتەوە.

ئەم سێ چیرۆکە لە کتێبی «بە درێژیی زستان گەرمم بکەوە» وەرگیراوە.

# چەرخوفەلەک

خەریک بوو خاولییەکەی حەمامی لەخۆی دەپێچا، کە دەنگی ژنەکەی بیست:

ـ درەنگە؛ زوو کە.

گوتی: "ئەوە هاتم."

بە دەست، هەڵمی ئاوێنەکەی سڕی. ڕیشی تاشیبوو. درگاکەی کردەوە.

ژنەکەی گوتی: "هەر بۆخۆی درەنگە، خاوەخاویش دەکەی؟ جلەکانتم لە سەر تەختەکە داناوە. دوو کراس و گۆرەوی و شۆرتێکیش لە جانتا سەفەریەکە دایە. پێموا نەبێ شتێکت کەموکەسری بێ. ئەگەر دەزانی شتێکی دیکەت دەوێ بیڵێ، با دوایە پرتە و بۆڵە نەکەی."

لە نێوەڕاستی دیوەکە[1] ڕاوەستابوو و دەستی بە ڕوومەتیدا دەهێنا.

ـ هەتا خۆت ویشک دەکەیەوە... زوو بە. دەرفەتێکی زۆرت نیە. خۆت درەنگ دێیەوە و دەڵێی زوو کە ناگەمێ، ئێستا کێ وەدرەنگی خستووی؟

گوتی: "کێ خاوەخاو دەکا خانم؟ دەرفەتم هەیە." چووە دیوی نووستن خۆی ویشک بکاتەوە.

ـ خانم! خانم! چی لەبەر کەم؟ کوا چاویلکەکەم؟

ـ لای مێزەکەیە، لەپاڵ چراکە.

لەسەر تەختەکە دانیشت. کۆت و شەڕواڵی خۆڵەمێشی و کراسی سوورمەیی. دەستی برد و چاویلکەکەی لە لای چراکە هەڵگرت.

ـ سەعاتەکەم کوانێ؟

کوڕەکەی هات و گوتی: "من هەڵمگرتووە بابە، فەرموو."

---

١- دیو: ژوور. دیوەکە: ژوورەکە

کاتژمێرەکەی وەرگرت. لاقی ویشک ببوونەوە. سەری ویشکەوە کرد. ئۆدکلۆنی لە خۆی دا و جلەکانی لەبەر کرد. خاولیەکەی لە سەر تەختەکە دانا.

دەنگی ژنەکەی هات: "ساز بووی؟... خاولیەکەت لە سەر تەختەکە دامەنێ. لە حەمام هەڵیواسە."

کابرا، خاولیەکەی هەڵگرت.

- ساز بووم. تۆ پەلەی کۆبوونەوەی ئەمشەوتە. ئەگەر پێتخۆش نییە، زەنگ لێ دەدەم بۆ ئاژانس، تاکسی بنێرێ.

- خۆم دەتبەم.

خاولیەکەی لە حەمام هەڵواسی. ژنەکە ملپێچەکەی لە ملی کوڕەکەی دەپێچا. جانتاکەی هەڵگرت.

- ئامادەی؟

- زۆر دەمێکە سازم.

- سەرمات نەبێ، میسواک و ڕیشتاشەکەتم لە ژێر جلەکانت داناوە.

چراکانی کوژاندەوە.

- کلیل هەڵگرە با شەوێ لە بەر درگا نەمێنیتەوە.

درگاکەی پێوەدا. سواری ماشێن بوون، کوڕەکە درگای حەوشەی کردەوە. کە ماشێنەکە چووە دەرێ، درگای پێوەدا. وەڕێکەوتن.

ژنە گوتی: "درگاکەت چاک پێوەدا؟"

کوڕە گوتی: "پێوەمداوە."

ژنە گوتی: "کارەکانی سبەینێت کردووە هەتا لەوێ بۆڵەبۆل نەکەی؟"

کوڕە گوتی: "بابە چیم بۆ دێنی؟"

ژنە زەفتەکەی[٢] هەڵکرد. پیاوەکە لە پشت چرای سوور وێستا. چاوی لە میلی بێنزین کرد.

- باکەکەم پڕ کرد.

---

٢- زەفت: تەسجیل

ـ خاڵی نابێ. شوێنێکمان نییە بچین. ئەویش تاقە شەوێک و بەم کوڕەوە. جەنگەی تاقیکارییەکانیەتی. کوێمان هەیە بچین؟ خۆ تۆش زۆو دێیتەوە. تەنیا پێی بڵێ پرتەوبۆڵە نەکا. ڕیش‌تاشەکەشت... وەبیرم هاتەوە کە پێم گوتی... لە جانتای سەفەرەکەتدایە.

چرا سەوز بوو و وەڕێ کەوتن. کە گەیشتنە شارێ، ژنەکە گوتی:"خۆ پەلەت نییە. بۆ وا توند دەڕۆی؟ خۆ بە دووتەوە نین؟" پیاوەکە لاقی لە سەر پێدالی گازەکە لابرد.

کوڕە گوتی: "چیم بو دێنی بابە؟"

ژنە گوتی: "هەر لە بیری چی دێنی چی دێنی دای. چیت کردووە هەتا شتێکت بۆ بێنێ؟"

کە چراکانی فڕۆکەخانە وەدەرکەوتن، کوڕە گوتی: " بابە نەتگوت."

ژنە گوتی: "خۆ دەستوورنامەکەت پێیە؟"

پیاوەکە گوتی: "ئێوە مەیەنە ژوورێ. بگەڕێنەوە."

ژنەکە گوتی: " وەدرەنگ ناکەوی؟ هیوادارم. خۆ برسیت نییە؟"

کاتێ گەیشتنە فڕۆکەخانە پیاوەکە دەنگی زەفتەکەی کەم کردەوە و گوتی: "گەیشتین." وێستا. لە تاریکی شەودا ڕوومەتی ژنەی ڕامووسی.

ژنە گوتی: "زوو وەرەوە."

کوڕە دەستی خستە ملی باوکی.

ـ ماشێن حیسابێکم بۆ بێنە.

ژنە گوتی: "جوان چاو لێ بکە، شتێکت کەموکەسری نەبێ."

پیاوە گوتی: "هەموو شتێکم پێیە. کاغەزەکانم هەڵگرتووە. ئێوە بگەڕێنەوە."

دابەزی و جانتاکەی هەڵگرت و بەرەو درگای چوونە ژوورەوەی فڕۆکەخانە ڕۆیشت. لەو بەری شووشەکانی هۆڵی چاوەڕوانی، دەستی بۆ هەردووکیان ڕاوەشاند.

کە بلیتەکەی پەسند کرا چوو بۆ هۆڵی فڕین. ویستی جگەرەیەک داگیرسێنێ، شەمچەی پێ‌نەبوو. دەستێکی بە سەریدا هێنا. هێشتا هەر خاو

بوو. دەنگێک لە بڵیندگۆوە گوتی: "مسافیرەکانی فڕینی ژمارە 116ی ئیسفەهان- تاران... "

فڕۆکەی727 بە چرا هەڵکراوەکانی پەنجەرەکانیەوە. "بریا چاییەکیان پێبدایەین؛ چاییەکی گەرم." لە پلیکانەکان وەسەر کەوت. هەر لەم ڕیزانەی پێشەوە.. لە ڕیزی پێنجەم یان شەشەم بوو کە دانیشت. شوێنی بەتاڵی زۆر بوو. فڕۆکەکە لە شیرازەوە هاتبوو. میواندارەکە نوقڵی هێنا. هەڵیگرت.

گوتی: "خانم ڕۆژنامەی ئەمڕۆتان لە لایە؟"

میواندارەکە گوتی: "بۆتان دێنم."

نوقڵەکەی لە زاریدا سووڕاند. مزر. گەرمای نێو فڕۆکە و وێنەیەکی تەختی جەمشید لە ڕووبەڕوویدا و پشتی بەرزی کورسیی فڕۆکە، کە ئەو بە ئاسوودەییەوە پاڵی پێوەدابوو. چاوی قووچاند. فڕۆکە بە هێواشی کەوتە ڕێ. کە چاوەکانی هەڵهێنا، فروکە بەرز ببۆوە. بە تاقە زەنگێک کە لێدرا، دیتی ڕستەی «پشتێندەکان ببەستن» کوژاوە. مزرایی پاشماوەی نوقڵەکەی قووت دا.

میواندار گوتی: "کاکە ببوورە..."

پیاوەکە سەری هەڵێنا و گوتی: "سپاس. ڕۆژنامە...؟"

میواندار گوتی: "دەیهێنم. ببوورن. ئێوە ئاغای سەلیمین؟"

گوتی: "بەڵێ، بەڵێ. بۆخۆمم."

میواندار گوتی: "خانمێک لە منی پرسی... چەند ڕیز لە دوای ئێوەوە دانیشتوون. گوتی پرسیار بکەم بزانم تۆ ئاغای "سەلیمی"ت؟"

پیاوەکە گوتی: "بەڵێ بۆخۆمم. کێ پرسیویە؟" لە جێگاکەی هەستا و هەتا کۆتایی فڕۆکەکەی ڕوانی. ئاشنایەکی وەبەر چاو نەهات. گوتی: "لە کوێیە؟"

میواندار گوتی: "بە دوای مندا وەرن."

پیاوەکە دەستی دا جانتاکەی و وەدوای میواندار وەڕێ کەوت. چەند ڕیز دواتر، لە لای پەنجەرە، ژنێک دانیشتبوو، جانتاکەی لە سەر کورسییەکەی پەنای خۆی دانابوو. میواندار گوتی: "ئەم خانمە بوو."

پیاوەکە گوتی: "سپاس. سڵاو خانم. من سەلیمیم." چاوێکی لە ژنەکە کرد و دوایە پێکەنی و گوتی:"زۆر سپاس. سڵاو خانمی فەرەهمەند. سڵاو."
خانمی فەرەهمەند گوتی: "سڵاو ئاغای سەلیمی. کەس لێرە دانانیشێ."
پیاوە دانیشت و گوتی: "لە کوێ بووی؟"
ژنە گوتی: "تۆ لە کوێ بووی؟"
پیاوەکە گوتی: "خۆ، من هەموو کاتێ لە ئیسفەهانم."
ـ منیش هەر لە شیرازم، ئاغای سەلیمی.
پێکەنی. پیاوەکە جانتا دەستییەکەی خۆی لە سەر لاقی دانابوو و جانتاکەی خانمی فەرەهمەندیشی لە سەر جانتاکەی خۆی.
ـ ماندوو دەبی، جانتاکە لە سەرێ دانێ.
پیاوە گوتی: "دەترسم لە بیرم بچێ، ژنەکەم زۆری ڕاسپێری کردووم."
هەردووکیان پێکەنینەوە.
پیاوە گوتی: "لە مێژساڵە یەکترمان نەدیوە شەهلا."
شەهلا گوتی: "دە دوازدە ساڵ دەبێ."
پیاوە گوتی: "ئای پیری!" و شەهلا سەری ڕاوەشاند. پیاوە گوتی: "تۆ نا. من خۆم دەڵێم."
شەهلا گوتی: "جیاوازییەکی نییە. چەند منداڵت هەیە؟"
پیاوەکە گوتی: "تاقانەیەک. کوڕێک. ئەی تۆ؟"
شەهلا گوتی: "سێ دانە. دوو کوڕ و کچێک."
پیاوەکە گوتی: "ئەی چۆن خۆت دەرباز کرد؟"
گوتی: "دایکم نەخۆشە. کەسی لە لا نییە. برا گەورەکەشم حسەین، عەمەلیاتی دیسکی هەیە و... بە کورتی تێکەولێکەیە. مۆڵەتی ناچاریم وەرگرتووە. مناڵەکانم سپاردووە بە موحسین و گوتم دەچم بۆ لای دایکم. چەند ڕۆژێ دەمێنمەوە و دەگەڕێمەوە."
میواندار بە کالیسکەکەیەوە هات.
ـ چای دەخۆنەوە؟

شــــەهلا گــوتی: "ئــەدی." چەکمەجــەکانیان کــردەوە. پیــاوە پەرداخــە نایلۆنییەکانی هـەڵگرت و لـە سـەر مێزەکـەی دانـان. دوایـە کـەوچک و قەنـدە پاکەتییەکان. چاییەکە گەرم بوو. پیاوە گوتی: "چەندەم ئیشتیا لە چایی بوو!؟"

ژنەکە گوتی: "دڵم بەرایی ئەوەی دەدا لەم سەفەرەدا شتێکم بۆ پێش بێ."

چاییەکەیان بێ قەند خواردەوە. پیاوەکە پەرداخە نایلۆنییەکانی لە نێو یەک خســت. دەنگــی تاقــە زەنگــی «پشــتێندەکان ببەســتنەوە» هــات. میوانــدار پەرداخــەکانی کــۆ کــردەوە و ســەرمیواندار گــوتی ســەفەرێکی خــۆش بــۆ مسافیرەکان دەخوازم.

کاتێ فڕۆکەکە لە سەر هێڵ وێستا، پیاوەکە هەستا و لـە ڕێڕەوی نێوان سـەندەڵییەکان ڕاوێسـتا و ڕێگـای بـۆ شـەهلا کـردەوە پـێش بکـەوێت. کـە لـە پلیکانەکان هاتنە خوار، کابرا گوتی: "حەتمەنە چەمەدانێکی زەلام..."

شەهلا گوتی: "بە پەلەی؟"

کابرا گوتی: "نا."

کابرا بە دەستێک چەمەدانەکـەی شـەهلای هـەڵگرت و بـە دەسـتەکەی تـری ساکەکەی خۆی. کە لـە فڕۆکەخانـە هاتنـە دەرێ، پرسـیی: "کەسـێک بـە دووتـا دێ؟"

ـ نا، کەس نایەت.

کابرا گوتی: "دەتگەیێنم."

شـۆفیری تاکسـیی فڕۆکەخانـە چەمەدانەکـەی وەرگـرت و لـە سـندووقی دواوەی ماشێنەکە خست.

کابرا گوتی: "ماڵی دایکت هەر لەو شوێنەی جارانە؟"

شەهلا گوتی: "هەر لەوێیە."

بە شۆفیرەکەی گوت: "لە پێشدا خانم بگەیێنە، دوایە من بەرە بۆ هوتێلێک."

پاشان نیشانییەکەی گوت.

شەهلا گوتی: "هوتێل بۆ؟"

کابرا پێکەنی. شۆفیری تاکسیش لە ئاوێنەکەوە چاوێکی لێ کردن. شەقامەکان چۆڵ بوون و تاک و تەرا چرای دووکانەکان هەڵکرابوون.

کابرا گوتی: "برسیت نییە؟ دەتوانین هەر لەم دەوروبەرە شتێک بخۆین."

شەهلا گوتی: "نا. دایکم چاوەڕێمە. دەبێ هەر کە گەیشتمە شیراز تەلەفۆنی بۆ بکەم بڵێم گەیشتووم. چێشتم بۆ منداڵەکان دروست دەکرد، بڕێکم خوارد."

کابرا گوتی: "ئێستاش هەر پیاسە دەکەی؟"

شەهلا گوتی: "جار جارە."

کابرا ویستی جگەرەیەک داگیرسێنێ. پاکەتی جگەرەکەی دەرهێنا. کردیەوە.

ـ دەکێشی شەهلا؟

شەهلا گوتی: "نا. تا کەنگێ لە تاران دەبی؟"

کابرا گوتی: "دوو ڕۆژ. زوو دەگەڕێمەوە. بۆ کاری ئیداری هاتووم. دەبێ لەم دایرەوە بۆ ئەو دایرە هەڵێم."

شەهلا گوتی: "تکایە بچۆ نێو ئەم کۆڵانە. بڕێک پێشتر. لای ئەو ماشێنە سوورە. بەڵێ ئێرەیە. گەیشتین."

کابرا درگاکەی کردەوە. شەهلا دابەزی. شۆفیر، چەمەدانەکەی هەڵگرت.

کابرا گوتی: "سڵاویان بگەیێنە. بە دیتنت... زۆر..."

شەهلا گوتی: "منیش هەروا. زۆرتر. با بچینە سەرێ."

کابرا چەمەدانەکەی لە شۆفیری تاکسی وەرگرت و بۆ لای درگاکە چوون.

ـ مزاحیمت نابم. دوای ئەم هەمووە ساڵە پێم خۆشە دایکت ببینم. بەڵام دەرفەت کەمە. گەرچی من سبەی ئێوارێ پاش ئەوەی بەیانییەکەی لە تاران هەڵات هەڵاتەکەم تەواو بوو، بێکار دەبم. بێجگە لەوە تۆ دەتەوێ تەلەفۆن بکەی. منیش هەر دەبێ زەنگێ لێبدەم. هەڵبەت ئێستا ژنەکەم لە ماڵ نییە.

شەهلا گوتی: "لە کوێیە؟"

کابرا گوتی: "کۆبوونەوەیان هەیە. شەڕەچەقە دەکەن."

شەهلا گوتی: "ئێمەش ئەمشەو چەقەچەق دەکەین."

شۆفیرەکە لە نێو تاکسیەکە دانیشتبوو و چاوی لێ دەکردن.

شەهلا گوتی: "باشە زەنگ لێدە."

کابرا گوتی: "برێ درەنگتر." دوایە بە هێواشی گوتی: "با سبەی شەو پێکەوە شێو بخۆین."

شەهلا گوتی: "حەتمەن. تۆش نەتگوتبایە، خۆم بانگهێشتنم دەکردی. زەنگم بۆ لێبدە."

ژمارە تەلەفۆنەکەی گوت و کابراش نووسیی. چاویلکەکەی لە چاوی کردەوە. شەهلا لە زەنگی ماڵەکەی دا و گوتی: "ئیدی بڕۆ."

کابرا سواری تاکسی بوو. تاکسییەکە دەوری لێدا و کابرا دیتی درگاکە کراوە و شەهلا پیرێژنێکی لە ئامێز گرت. کابرا بۆ خوداحافیزی دەستی ڕاوەشاند، بەڵام شەهلا نەیدی.

شۆفیری تاکسیەکە، هەر لەم دەوروبەرانە هوتێلێکی نیشان دا. کابرا گوتی: "ئێرە باشە."

ژوورێکی ڕووەو شەقامی بە کرێ گرت، بەهارەخەوێکی چکۆلەی هەبوو. بەهارەخەوەکە کورسیی ڕاحەتیی لێ بوو. دانیشت. ویستی زەنگ بۆ ماڵێ لێدا. زوو بوو. ویستی زەنگ بۆ شەهلا لێدا. زوو بوو. هەستا و چووە دیوەکە. ساکەکەی کردەوە. ویستی جلەکانی هەڵواسێ. تاقەتی نەبوو. ویستی بیر لە شەهلا بکاتەوە. گەڕاوە بەهارەخەوەکە. کزەبایەکی سارد لە ڕوومەتی دەدا. لە سەر سەندەڵییەکە دانیشت. دیتی لە نهۆمی دوازدەهەمی هوتێل، بە تەنیا لە سەر سەندەڵی دانیشتووە. چاوی بە ماشێنەکان کەوت و چراکانی شەقام و برێک دوورتر چەرخوفەلەکی گەورەی شاری یاری کە چراکانی هەڵدەبوون و دەکوژانەوە.

بەیانیی ڕۆژی دوایی کە لە خەو هەستا، دیتی درگای بەهارەخەوەکە کراوەتەوە. ساکەکەی لە سەر تەختەکەوە کەوتبووە سەر مووکێتی نێو دیوەکە و بڵاو ببۆوە. خۆشی بە کۆتەوە لە سەر تەختەکە خەوتبوو.

هەستا. وەدرەنگی کەوتبوو. هەر لەو سەرەوە داوای کرد ماشێنێکی بۆ بێنن.

جانتاکەی هەڵگرت و بە ڕیشی نەتاشراوەوە سواری هاسانبەر بوو و هاتە خوارێ. وە بیری هاتەوە هێشتا زەنگی بۆ ئیسفەهان لێنەداوە: "دوایە لێی دەدەم."

لە نزیک درگای هوتێل، ماشێنەکەی دیت. بە شۆفیرەکەی گوت: "ئێستا دێم." تامی زاری ویشک و ناخۆش بوو.

- بەپێوە چاییەک دەخۆم. زوو دێم.

چووە چێشتخانە و گوتی: "چایی. چایی."

چاییە گەرمەکەی بە پەلە هەڵقوڕاند و ڕۆیشت:

"بیخەنە سەر حیسابی دیوی... من سەلیمیم."

پاشان لەم دیو بۆ ئەو دیو. لەم دایرە بۆ ئەو دایرە. جانتاکەی دەکردەوە و بە دوای کاغەزەکاندا دەگەڕا.

- ئەوەتانێ.

دوایە هەر شەقام بوو و چاوەڕوانیی پشتی چرا سوورەکان. ماشێن حیسابەکەی وەبیر هاتەوە. لە پلیکانەکان دەچووە سەرێ. لە دواییدا لە گەڵ شۆفیرەکە لە یەکێ لە پیتزا فرۆشیەکانی شەقامی ویلا نانی خوارد.

بە شۆفیرەکەی گوت: "پێموا نەبوو ئەم هەموو هەڵاتەم دەبێ... ماشێن حیسابێکم دەوێ. هەڵبەت لە ئیسفەهانیش هەیە، بەڵام کوڕەکەم داوای کردووە. دەبێ بیکڕم." برێ ڕاوەستا. دوایە گوتی: "دەبێ بۆ ژنەکەشم بکڕم." پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: "بریا شەهلاش لێرە بوایە."

شۆفیر گوتی: "شەپ هەڵێنیتەوە لە ماشێن حیساب دەکەوێ کاکە. دەتبەمە شوێنێکی باش. دڵنیا بە." پیاوە گوتی: " دوێشەو هاتووم." دوایە بیری کردەوە بەو شۆفیرە چی؟!

شۆفیر گوتی: "بە تەنیا هاتووی؟"

کابرا هیچی نەگوت. چراکانی پیتزا فرۆشییەکە ڕووناکییان کەم بوو.

شـــوفیرەکە گـــوتی: "لێـــرە لـــە جیـــاتی ئـــاوجۆ(بیرە)ی کارخانـــە، هـــی دەستکردیشیان هەیە. ئاوجۆی تورکیەشی لێیە."

کابرا گوتی: "دەی..."

شۆفیرەکە گوتی: "ئەگەر کاری ئیداریت ماوە با بڕۆین، دەنا بچین بە دوای ماشێن حیساب بکەوین."

لە پیتزا فرۆشییەکە هاتنە دەرێ.

شۆفیرەکە گوتی: "دەستت خۆش بێ."

کابرا گوتی: "شایانی ئێوە نییە."

سواری ماشێنەکە بوون و وەڕێ کەوتن.

شۆفیرەکە گوتی: "حەتمەن عەترێ، پارچەیێ، شتێکی وا بۆ خانمەکەت دەکڕی."

کابرا گوتی: "دەیکڕم."

کە گەیشتنەوە هوتێل، کابرا سێ ماشێن حیسابی کڕیبوو. بۆ ژنەکەشی شووشەیەک عەتر.

خوداحافیزی کرد و چووە دیوەکەی خۆی. بەستەکان و جانتاکەی لە سەر میزەکەی پەنای ئاوێنەکە دانا. کەوشەکانی داکەند؛ خۆی ڕووت کردەوە؛ خێرا چوو بۆ حەمام؛ ئاوێکی بە خۆیدا کرد و هات لە سەر تەختەکەی درێژ بوو.

کاتژمێر حەوت لە خەو هەستا. ئێوارە بوو. ژمارە تەلەفۆنەکەی دیتەوە.

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ژمارەی شەهلای گرت. کە دەنگی شەهلای بیست، گوتی: "شەهلا، منم. ببوورە؛ درەنگ زەنگم لێدا."

کابرا گوتی: "سازی؟"
شەهلا گوتی: "سازم؛ بەڵام دایکم زۆر ناساغە."
کابرا گوتی: "یانی...!؟" بێدەنگ بوو.
شەهلا گوتی: "دێم. بەڵام دەبێ زوو بگەڕێمەوە."
شەهلا گوتی: "ئەلۆ...ئەلۆ؟"
کابرا گوتی: "باشە. دێم بە شوێنتدا. نیو سەعاتی دیکە."
شەهلا گوتی: "سازم. سەرچاوم."

گووشییەکەی دانا. هەستا. چووە بەر ئاوێنەکە. کراسەکەی لۆچاوی بوو. ڕیش بە ڕۆژێک ڕوومەتی ڕەش داگەڕاندبوو. قژیشی ئاڵۆزکاو. سەروچاوی شۆرد و قژی داهێنا. بڕۆسی دەویست. کەوشەکانی لە لای درگاکە دیتەوە و لە پێی کرد. وەبیری هاتەوە هێشتا زەنگی بۆ ئیسفەهان لێنەداوە. گەڕاوە گووشییەکەی هەڵگرت و ژمارەکەی دا. کە دەنگی ژنەکەی بیست، چاوێکی لە ئاوێنە کرد. گوتی: "سڵاو. دوێشەو خۆشتان ڕابوارد؟"

ژنەکە گوتی: "وا دیارە تۆ خۆشترت ڕابواردووە. ئەوە لە کوێی؟"

کابرا گوتی: "زۆر باش گەیشتم. لێرەم. دوێشەو زوو خەوتم. ئەمڕۆش هەر هەڵاتووم، ویستم بەیانی زەنگ لێدەم، گوتم ڕەنگە خەوتبێتی."

ژنە گوتی: "تانەم لێدەدەی؟ خەوتبێتی! خەوتبێتی!"

کابرا تاقەتی نەبوو. گووشییەکەی دانا. " ئەگەر دوایی پرسیاری کرد، دەڵێم تەلەفۆنەکە هەڵبڕا، تەلەفۆنچی هەرچی کردی و کڕاندی نەیتوانی ژمارەکە بگرێتەوە. بۆ ئەوەندە بە تەلەفۆن قسە دەکەی؟" کۆتەکەی لەبەر کرد و لە دیوەکە چووە دەرێ.

ئەگەر لە درگای دا، هەر دەتگوت شەهلا لە پشت درگایە. کردیەوە. کابرا پێکەنی.

گوتی: "چ زوو!"
سوار بوون. کابرا گوتی: "دەی بۆ کوێ بچین خانمی فەرەهمەند؟"
شەهلا گوتی: "شوێنێک هەر لەم دەور و بەرانە."

چوون بۆ چێشتخانەیەک هەر لەم نزیکانە. چێشتخانەکە تاریک نەبوو.
شەهلا گوتی: "زۆر ڕوونە. با لە نزیک پەنجەرە دانیشین."
دانیشتن. شەهلا لە پەنجەرەکەوە چاوی لە دەرێ دەکرد؛ گوڵفرۆشییەکەی ئەوبەری شەقام و بەستەنی فرۆشیی پەنای گوڵفرۆشییەکە. گوتی: "ئەزقەزا هەمیشە لێرە گوڵم دەکڕی. هەر کە درگای دووکانەکەم دەکردەوە، زەنگی سەر درگاکە، جرینگەی لێهەڵدەستا. جرینگ جرینگ. سروەیەکی فێنک بە بۆنی گوڵەوە، زۆرتریش گوڵی مریەم، ڕوخسارتی باوەشێن دەکرد. لە بیرتە؟ ئەو بەستەنی فرۆشییەش هەمیشە ولۆڵە و تویشکی لە پاڵ بەستەنییەکە دادەنا."
کابرا گوتی: "چی دەخۆی؟"
شەهلا گوتی: "هەر شتێ بێ."
کابرا گوتی: "دەڵێن ئێرە ئاوجۆی تورکیەشی لێیە."
شەهلا پێکەنی.
کاتێ چێشتەکەیان داوا کرد، کابرا گوتی: "قسەی موحسینم بۆ بکە. تەلەفۆنت کرد؟"
شەهلا گوتی: "باش نییە. هەموو شتێ تێکەڵ و پێکەڵ بووە. زەنگم لێدا. گوتیان زوو وەرەوە. دوا نیوەڕۆش تەلەفۆنم کرد. ئاڕمان لەگەڵ سەهەند شەڕی کردبوو، موحسینیش لەگەڵ هەردووکیان. کچەکەشم قسەی لەگەڵ نەکردم. لێم زیز بووە. وەک سەگ بە سەر و گوێلاکی یەکتردا دەپڕژێن. ئاڕمان نۆبەرەمە، دوایە کچەکەمە، سەهەندیش پاشەبەرەیە."
کابرا گوتی: "ئەرێ..." قسەکەی خواردەوە.
شەهلا گوتی: "چی؟"
کابرا گوتی: "ویستم... یانی کوڕەکەم داوای ماشێن حیسابی کردبوو. من سیانم کڕی. دووان بۆ کوڕەکانی تۆ. بەڵام... بەڵام ئەوەندەم پەلە کرد لە بیرم چوو."

شەهلا گوتی: "بۆ کوڕەکانی من؟ من ئەوانم هەر لە بیر نەبوو. دوێشەو پەرۆشی دایکم بووم."
چێشتیان هێنا.
کابرا گوتی: "منیش لە بەهارەخەوی هوتێل دانیشتم و بیرم کردەوە. هەتا... ئەوەی کە..."
شەهلا گوتی: "بیرت لە چی دەکردەوە؟"
مێهران گوتی: "چووزانم... وەک بڵێین بۆ نموونە سەردەمێک لەمەوبەر... بۆ نموونە دە پازدە ساڵ پێشتر بیرمان لە چی دەکردەوە، یان چووزانم بۆچی... بەڵام ئەمڕۆ ڕیشم نەتاشی. نازانم. وەک تۆ کە ئەمڕۆ..."
شەهلا گوتی: "ئەمڕۆ لای دایکم هەر باسی تۆم کرد."
مێهران گوتی: "دوێشەو لە بەهارەخەوەکەوە چەرخوفەلەکێکم دی چراکانی هەر هەڵدەبوون و دەکوژانەوە."
شەهلا پێکەنی و گوتی: "تۆش هاتووی ماشێن حیسابت بۆ کوڕەکانی من کڕیوە."
مێهران گوتی: "ئێستاش پیاسە دەکەیت؟ بۆ نانەکەت ناخۆی؟"
شەهلا گوتی: "تۆ چی؟"
مێهران گوتی: "وەک سەگی پێ سووتاو وام، هەر لە هەڵات هەڵاتدام هەتا دوو کەسی دیکەش بە دوای خۆمدا بێنم."
شەهلا گوتی: "من ئەبێ چوار کەس بە دووی خۆمدا بێنم. دوایە لە ناکاودا هەموویان بەجێ بهێڵم و بێم بۆ ئێرە و کەسێک بۆ مردن ساز بکەم، مەلافەکانی بگۆڕم، حەمامی دەم، قژی دابێنم و لە کاتی خۆیدا حەبەکانی بدەمێ، وەبیرم بێتەوە مخابن ئەوە دایکمە. چەندە پیر بووە. دوایەش باسی تۆی لە لا بکەم و دایکم پرسیار بکا ئێستا خەریکی چیە؟ زیندووە؟ منیش بڵێم بەڵێ، بۆ نەبێ؟ شەویش کە هاتمەوە، دایکم لای تەلەفیزیۆنەکە دانیشتبێ و پرسیار بکا خۆشت ڕابوارد؟ منیش بڵێم بەڵێ؛ قسەمان کرد؛ پێکەنیین؛

کەوتینــە بیــری ســاڵانێ کــە دەســتی یــەکترمان دەگــرت و لــە ژێــر بارانــدا پیاسەمان دەکرد؛ یان کاتێ لەم گوڵفرۆشییەوە تێدەپەڕین، گوڵمان دەکڕی."

میهران گوتی: "خانمی فەرەهمەند؛ ساردی کرد."

شەهلا سەری داخست. گوتی: "گوڵفرۆشییەکانی شیراز قەت فێنک نین."

میهران گوتی: "ئەمڕۆ هەر پێمکرا لەم دیو بچم بۆ ئەو دیو."

شەهلا گوتی: "ژن و منداڵەکەت خۆش دەوێ؟"

میهران گوتی: "تۆ چی؟"

شەهلا گوتی: "بەڵێ. پێی ڕاهاتووم. بوومەتە کابانێکی تەواو. گسک لێدان، قاپشتن؛ ئێوارانە ڕێنووس گوتن بەمیان؛ زانست پرسینەوە لەوی دیکە؛ شێو ســاز کــردن بــۆ موحســین کــە شــەوانە هــەر کــە دێتــەوە لــە بەرامبــەر تەلەفیزیۆنەکە درێژ دەبێ و دوای شێو خواردن، دەنگی پرخە پرخی حەوت گەڕەک دەڕوا. ئێستاکە زۆر دەبۆڵێنم. برێ شەوان بە ماشێن دەگەڕێین. لە نێــو ماشــێندا، پیتزایــەک، هەمبــەرگرێک دەخــۆین. سەرتاســەری بلوارەکــان دەگەڕێین و دەخولێینەوە هەتا یەکێ لە منداڵەکان دەڵێ بابە با بگەڕێینەوە، تەلــەفیزیۆن فیلمــی هەیــە. دەگەڕێینــەوە. چــایی ســاز دەکــەم. دەیخۆینــەوە. منداڵەکان دەخەون و منیش ئیسکانەکان دەشۆم. ئاو دەکەمە کترییەکە و لە سەر کوورەکەی دادەنێم لەبەر ئەوەی بەیانی کە موحسین لە خەو هەستا، گــڕی بــداتێ. دوایــە چراکــان دەکوژێنمــەوە و دەخــەوم. وەک هــەموو کەســێ برێــک یــەکتری هەڵــدەگلۆفین. پاشــان هەڵدەســتم ســەرێکی دیــوی منداڵــەکان دەدەم، پــەتۆکانیان بــە ســەردا دەدەمــەوە و ئیــدی دەخــەوم. هــەتا ئــەو کاتــە، موحسین خەون بە حەوت پاشاوە دەبینێ.

میهران گوتی: "نانەکەت بوو بە دەمی مردوو." پاکەتی جگەرەکەی دەرهێنا و خوڵکی شەهلای کرد. شەهلا گوتی: "ناکێشم. لە بیرت چۆتەوە؟"

میهــران جگەرەیــەکی هــەڵگرت. بــۆ شــەمچە گــەڕا. خزمەتکارەکــە هــات و فەندەکی بۆ هەڵکرد.

شەهلا گوتی: "تۆ چی دەکەی؟"

مێهران گوتی: "منیش... چی بڵێم. وەک موحسین یان وەک خۆم. باسی نەکەین. بە دیتنت زۆر... زۆر گەشامەوە."
شەهلا گوتی: " کای کۆنەمان بە با کرد."
کاتێ لە چێشتخانەکە هاتنە دەرێ، شەهلا گوتی: "با بگەڕێینەوە. دایکم چاوەڕێیە. پێم گوتبوو زوو دێمەوە."
مێهران گوتی: "پێم خۆش بوو پێکەوە پیاسە بکەین، بەستەنی بخۆین، هەتا بەر درگای ماڵێ."
شەهلا گوتی: "بە تاکسی دەڕۆین."
مێهران گوتی:"خۆ چەند شەقاو زیاتر نییە."
شەهلا گوتی: "درەنگە. حەتمەن منداڵەکانیش تەلەفۆنیان کردووە. موحسین دڵ لەدوا دەبێ. دڵنیام."
مێهران گوتی: "باشە." دوایە تاکسی ڕاگرت.
کە گەیشتنە ماڵێ، دابەزین.
شەهلا گوتی: "پێویستی نەدەکرد دابەزی. تۆ برۆ. ماندووی."
مێهران گوتی: "بە پێیان دەگەڕێمەوە."
شەهلا ویستی لە زەنگەکە بدا. کابرا گوتی: "من لێی دەدەم." و دەستی شەهلای گرت. مێهران گوتی: "بریا پێکەوە سواری چەرخوفەلەک بوایەین."
ژنە لە زەنگی دا و دایکی گوتی: "کێیە؟"
- دایە منم.
بە کابرای گوت: "خوداحافیز ئاغای سەلیمی. خۆ دیتت؛ دایکم هێشتا نەمردووە و منیش ویژدانم زۆر ناڕەحەت نییە."
کابرا هیچی نەگوت. تەنیا دەنگی درگاکەی بیست. گیرفانەکانی بۆ دیتنەوەی جگەرە پشکنی.
هەرکە گەیشتە هوتێل خەوت و بەیانی لە بەر سەرما بەخەبەر هاتەوە. درگای بەهارەخەوەکەی پێوەنەدابوو. پەردەکان دەلەرانەوە. دەبوو کاتژمێری دە سواری فڕۆکە بێت و بگەڕێتەوە. خۆی شت. ڕیشی تاشی و دوایە

کراسێکی دەرهێنا و لەبەری کرد. گۆرەوییەکەی گۆڕی و دوایە کراس و گۆرەوییەکانی دیکەی لە ساکەکەی نا. لە بەر ئاوێنە قژی داهێنا و چووە بەهارەخەوەکە. بەیانی، دەستی بە سەر ولاتدا گرتبوو. ماشینەکان بە دوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو. چەرخوفەلەکی ئاسنین لە دوورەوە دیار بوو. نەدەسووڕا. درگای بەهارەخەوەکەی پێوەدا. شووشە عەتر و ماشێن حیسابەکەی خستە ساکەکەیەوە و دوو ماشێنحیسابەکەی دیکەی لە سەر میزی ئاوێنەی دانا بۆ پێشخزمەتەکان.

لە ئاوێنەی هاسانبەرەکە لە خۆی ڕوانی. ماشێن لە بەر درگا ڕاوەستابوو. گوتی: "ئێستا دێم." دوایە ڕۆیشت هەتا پوولی هوتێل بدا.

زستانی ٧٠

## به درێژیی زستان گەرمم کەوە!

کاتژمێرەکە زەنگی لێداوە. لە خەو هەڵدەستم. دوێشەو دەرمانی قالۆنچەم بە متبەق و حەمام و دەسبەئاو و ژێر پلیکانەکانەوە کردبوو. لە حەمام قالۆنچەکان تۆپیبوون. لە متبەق، لە پەنای خوانچەکان و میزی لای ئەوانیش قالۆنچە سەراوبن کەوتبوون و مردبوون و شوێنی لاقیان، سەمە سپییەکەی لە هەموو جێیەک بڵاو کردبۆوە.

ڕوو دەکەمە مەرجان کە تازە لە خەو هەستاوە. دەڵێم: «وەرە چاو لێکە، چ کوشتوبڕێکە! دوێشەو هەموویان سەرەو ژێر بوونەتەوە.» گسکی لێدەدەم. مەرجان و منداڵەکان لە قالۆنچە دەترسن. ئاو بە مەباڵەکەدا دەکەم، قالۆنچەکان ون دەبن. مەرجان دەڵێ: «ئەی حەمام؟» مەرجان شیر دەکاتە نێو قاوەکوڵێنەکە. منداڵەکان لە خەو هەستاون. گەورەکەیان دێ و ڕووبەڕووی تەلەفزیۆنەکە دادەنیشێ هەتا بەرنامەی کاتژمێر شەش و نیوی منداڵان ببینێ. چکۆلەکە دەگری. لیوانێ شیر بۆ گەورەکە دەبەم. شیلەوگەرمە. چکۆلەکە مەمکە شیرەکەی لە مەرجان وەردەگرێ. پێشدەکەنێ و دەشگری. دەموچاوم دەشۆم. چاوم دەکرێتەوە. لە پەنای میزی نان و چای بەیانی، ڕادیۆکە هەڵدەکەم.

ـ نەیکوت چەند پلەیە؟

گەورەکە دەقیژێنێ: «ساردیش بێ، باڵتە لەبەر ناکەم.» چکۆلەکە لە نێوان نەردەکانی جێخەوەکەی ـ کە شکاوە ـ مەمکەشیرەکەی دەدا بە من و دەڵێ: «بە، بە!» و لە بەینی نەردەکانەوە دێتە دەرێ، لای گەورەکە و ڕووبەڕووی تەلەفزیۆن دادەنیشێ. دوو لیوان چایی تێدەکەم و بە گوێز و پەنیر، تیکە بۆ

خۆم و مەرجان دەگرم. گەورەکە لیوانی شیرەکەی دێنێ، لە سەر میزەکەی دادەنێ و دەگەڕێتەوە. چاییەکەی مەرجان سارد بۆتەوە.

ـ دەیخۆمەوە، مەیگۆڕە!

ڕادیۆکە قسە دەکا. چکۆلەکە دێت لە پەنام دادەنیشێ و دەس لە پێچی ڕادیۆکە دەدا و دەنگەکان تێکەڵاو دەبن. گەورەکە دەڵێ: «کەوشەکانم بە لاقمدا ناچن!» چکۆلەکە، ڕادیۆکە هەڵدەکا و دەیکوژێنێتەوە. لە پەنجەرەی متبەقەوە چاو لە ئاسمان دەکەم. هەور نییە، ڕۆژ بۆتەوە. مەرجان ماقنەکەی لە سەر دەکا و تیکەیەک دەخوا. من حەبەکانی ورگم دەخۆم. گەورەکە دەڵێ: «ئاخری لە پێم کرد.» چکۆلەکە خەریکە لە سەندەڵییەکە بکەوێتە خوارێ. مەرجان هەروا تیکە لە دەمدا، چاییەکەی هەڵدەقوڕێنێ.

ـ دیسان کەمم شیرین کردووە. ئەتۆ نیوەڕۆ دەچی بە شوێن منداڵەکاندا یا ماشێن بگرم؟

گەورەکە دەڵێ: «تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنمەوە.» چکۆلەکە دەگری و دەست بۆ لای یەخچاڵەکە درێژ دەکا.

ـ دیسان شیرت دەوێ؟

درگای یەخچاڵەکە دەکەمەوە.

ـ ئاوت دەوێ؟

قاپی سۆسی باینجانەکەم پێ نیشان دەدا. مەرجان دەڵێ: «درگای یەخچاڵەکە پێوەدە. ئێستا ماشێن دێ.» گەورەکە بە دایکی دەڵێ: «میسواکم لێدا.» حەبەکانی ورگم هەڵدەگرم. دوو شەپۆلی ڕادیۆ تێکەڵاو بوون. یەکیان فارسییە، نازانم ئەوی دیکە چ زمانێکە. مەرجان دەڵێ: «هێشتا ژێر ئەم دەسشۆرییە قالۆنچەی لێیە.» گەورەکە دەڵێ: «ئاوی پێداکە.» خاکەنازەکە هەڵدەگرم. ئەم دووان سیانەش کۆ دەکەمەوە.

ـ خۆ چاوی من لە هەموو شوێنێ باش نابینێ.

مەرجان دەبۆڵێنێ:

ـ قالۆنچە وڵاتی پڕ کردووە.

گەورەکە دەڵێ: «شەوانە بە سەرماندا دەڕۆن. لە سەر سمێڵی بابە دەڵێن: ئێرە جەنگەڵە. دایە، شەوانە ئەگەر لەم لا بۆ ئەو لا هەڵدەفڕن دەنگیان دەبیستی؟ ویژ! ویژ!»

چکۆلەکە بۆ لای ئایفۆنەکە دەچێ. گەورەکە درگا هەڵدەگرێ.

ـ ئەوە هاتین... هاتین...

ساکی چکۆلەکە، کیفی قوتابخانەی گەورەکە، جانتاکەی خۆم، مەمکەشیری چکۆلەکە و جانتاکەی مەرجان هەڵدەگرم.

ـ تۆ بڕۆ ئەوە دێنم.

گەورەکە دەڵێ: «ئەمڕۆ پەیکانە شینەکە هاتووە. ڕووخۆشەکە. ئەمڕۆ لەگەڵ تۆ لە پێشەوە دادەنیشم. سەریشم لە ماشێنەکە ناهێنمە دەرێ.» شۆفیرەکە سڵاو دەکا و دەڵێ: «ئەمڕۆ منداڵەکان میوانی دایکیانن؟» پێدەکەنم. مەرجان درگاکە پێوەدەدا. چکۆلەکە قسە ناکا و دەیەوێ مەیموونە بووکەڵەکەی ژێر ئاوێنەی ماشێنەکە بگرێ. مەرجان قژی چکۆلەکە ڕێکوپێک دەکا و دەڵێ: «بە دایە بڵێ شۆرتی زیادیم داناوە. منداڵەکە توند بگرە. کاکی شۆفیر تورمیز بگرێ، سەری لە شووشەکە دەدرێ. نایلۆنیشم تێخستووە، ئەگەر خۆی پیس کرد، پەڕۆ پیسەکانی تێبخا.» شۆفیرەکە دەڵێ: «دادەخانم لە سەر چوارڕێ دادەبەزن؟» گەورەکە دەڵێ: «دوایە ئەم گچکەڵەیە لە ماڵ دایە گەورە دادەنێین، دوایە من لە قوتابخانە و بابەش لە نەخۆشخانە.» مەرجان جانتاکەی هەڵدەگرێ. درگاکە پێوە دەدرێ. مەرجان دەگەڕێتەوە و چاو لێدەکا. دەست بۆ من و بۆ گەورەکە ڕادەوەشێنێ و من دەهێڵم چکۆلەکە دەستی لە مەیموونەکە بدا هەتا مەرجان نەبینێ و نەگری. جارێکی دیکە ساکی منداڵەکە دەپشکنم. شۆفیرەکە لەگەڵ منداڵەکان گاڵتە دەکا و پێی ناخۆشە بەم بەیانییە زووە ئەم مناڵە چکۆلە لە باوەشی باوکیدا بۆ ماڵی دایەگەورەی دەچێ. شووشەکە دادەدەمەوە. هەوا فێنکە. ئەو شەقامەی ئێمە پێیدا دەڕۆین، پڕە لە دار کە تاقولۆقە سەوزن. شۆفیرەکە بە گەورەکە دەڵێ: «دەستت بێنە ژووری بابە.» ڕوو لە گەورەکە دەکەم.

- ببووره بابه، کوتم بزانم زۆر سارده.

پاسی قوتابخانه به لاماندا تێدەپەڕێ. هاوالەکانی گەورەکە، ئەو دەبینن. دەس ڕادەوەشێنن. شۆفیرەکە دەڵێ: «بۆ ئەم منالە حەیف نییە؟» کاتێ دەهاتین لە بیرم چوو، سەمی پلیکانەکان خاوێن کەمەوە. دایە لە پەنای درگاکە ڕاوەستاوە و بە ئەنگوستیلە پیرۆزەییەکەی کایە دەکا. لەگەڵ چکۆلەکە دادەبەزین. شۆفیرەکە دەڵێ: «هەتا ئێوە منالەکە دەبەنە ژووری، من وەردەسووڕێم.»

ساکەکە لە دوای ماشێنەکە هەڵدەگرم. دایە حەوشەی ئاوپڕژێن کردووە. دەڵێ: «فریا دەکەوی چایی بخۆیەوە؟» گەورەکە دەڵێ: «چاک بوویەتەوە دایەگەورە؟» دایە دەڵێ: «هێشتا بڕێک سەرم لە گێژەوە دێ. نیوەڕۆ خۆت دەچی بە دوای گەورەکەدا؟» کە درگاکە پێوە دەدەم دەڵێم: «خۆم دەچم. خودات لەگەڵ» گەورەکە دەڵێ: «بابە دێت بە شوێنمدا.» هەوا ساردی کردووە. لەگەڵ گەورەکە کایە دەکەین. ئەمڕۆ بە درێژایی ئەم ڕێیە، نۆرەی ئەو وشانەیە کە بە پیتی «ج» دەس پێدەکەن. گەورەکە دەپرسێ: «بۆچی کاتێ قالۆنچە دەمرێ، لاقی لە حەوایە؟ جووچک.» دەڵێم: «هەموویان وا نین. جۆش» شۆفیرەکە دەڵێ: «بابەگەورە، جەواد.» دەڵێ: «جەحێڵ.» دەڵێم: «جەنگەڵ. بۆ کاتژمێر دە شتت پێیە؟» دەڵێ: «دایکم سێو و غوڕابی بۆ داناوم. جیکجیکە. دانەیەک لە پێشترم.» شۆفیرەکە دەڵێ: «کاکە، جاکێت.» گەورەکە پێدەکەنێ.

- چی خستۆتە جانتاکەی تۆ؟

- جاڕوو.

لای قوتابخانە ڕادەوەستێ. درگاکە پێوە دەدرێ. دەست ڕادەوەشێنین.

- نیوەڕۆ دێمە شوێنت.

شۆفیرەکە دەڵێ: «نەخۆشخانە؟ ئەگەر لە چوار باغەوە بڕۆین، لە بۆتکەی سەر چوارڕێ دەتوانی ڕۆژنامەکەت بکڕی.» دەگەڕێمەوە. گەورەکە هاواڵێکی خۆی دیوە و قسەی لەگەڵ دەکا. لە پشت چراسوورەکە وێستاوین. منم و

شۆفیرەکە. لە سەر تابلۆیەکی گەورەی ئاگاداریی ڕووبەڕوومان نووسراوە: «بە درێژی زستان گەرمم کەوە. گەرما لە بەستەیەکی چکۆلەدا. هەر کاتێ بیگوشن، هەست بە گەرما دەکەن، لە سەر سینگ، لە سەر دڵ، لە بەینی قامکەکان، لە سەر پەنجەکانی لاق و...» شۆفیرەکە دەڵێ: «چاوت لێیە کاکە! هەر ڕۆژەی شتێکی تازە... هەتا خەڵکی پێ بڕووتێننەوە. بە درێژی زستان گەرمم کەوە! خۆ ئەگەر ئاگاداریی کوورەیەک بوایە، پیاو دەیزانی گەرمی و داغی چییە. ئێستا هەر بە پاکەتێکی پۆستی، بە درێژی زستان گەرمم کەوە.» لە قەراغ پردەوە هەتا شوێنی کارەکەم، چوار خولەک دەخایەنێ. دەتوانم بیر لە چیرۆکەکەم بکەمەوە، یان چاو لە شەقام بکەم. چاوم هەڵێنم. سەرتاسەری قەراغ شەقام، چۆمە. ئێستا ئەم ئاگادارییە هەڵدەگرم و لە قەراغ چۆمەکەی دادەنێم. ئێستا ۳۳ پرد وەدەردەکەوێ. لەم بەر و ئەوبەری چۆم دادەنیشم. ئەگەر ئەو ماسیگرانەم هێنابایە ئێرە، قەراغ چۆم. ئەولاتریش بۆ سواریی گەمی ببوایە، ئەگەر ئەو شاری لەیستۆکانەم لە قەراغ پارکەکە هەڵگرتایە و تەنیا گیایەکم داچەندایە، ئەم بۆتکانەم هەر لێرە دانایە، زۆر شت ڕووی دەدا. سەیر دەبوو. ڕۆژنامە دەکڕم. ئەم گۆڤارەش دەکڕم. شۆفیرەکە دەڵێ: «چی نووسیوە؟ قسەکانی دوێنێ؟» ئەگەر بۆتکەکان لە قەراغ چۆم بان، شەوێ لەگەڵ منداڵەکان دەهاتین بۆ ئێرە. ئێستا مەرجان لە سەر کار، ژانەسەرەکەی هەڵیداوەتەوە. هەتا چەند خولەکی دیکە، گچکەڵەکە زگی وەکار دەکەوێ. نیوەڕۆ هەر ڕۆیشتمەوە ماڵێ، دەبێ هەموو شوێنێ بپشکنمەوە. گەورەکە لە پۆل ڕاوەستاوە. شۆفیر، کاتێ پارەکەی وەردەگرێ و دەڕوا، من کارتی چوونە ژووری لێدەدەم.

- درەنگ هاتی!

ئەم بەرپرسی کارت لێدانەشم دەگۆڕی.

ڕۆژنامەکە لە سەر میزەکە دادەنێم. پێشخزمەتەکە چایی دێنێ. «جەدوەل» بە «جیم» دەس پێدەکا. «جواب دانەوە بە پرسیارە زانستییەکان» هەر بە جیمە. ناوی یەکەم نەخۆش «جەهاندار»ە. ئەگەر

بکرایە دارە بەرزەکانی کۆشکی چل ستوون کە لە پشتی دیوەکەمە، ببمە قەراغ چۆم، ئەوێ دەبووە جەنگەڵ و منداڵەکان لەوێ کایەیان دەکرد. چاییەکەم دەخۆمەوە. ڕادیۆی سەر میزەکەم هەڵدەکەم.

ـ قەوزە و لیتەی قەراغ چۆمەکان یان سەر ئاو بە کەڵکی چی دێن؟ لەبەر نەبوونی ماوە، سبەینێ درێژەی ئەم وتوویژە زانستییە، لە بەرنامەی دنیای زانستدا...

ئەو کاغەزانەی دوێنێ نوسیبووم، لە جانتاکەم دەردێنم. فنیا کوتی: «لەم بەری ئاو، ئێمە ماسیمان دەگرت، لەو بەر، ڕووسەکان. ئێمە یەکتریمان دەدی. هەتا ئەو کاتەی من منالّم بوو و نەخۆش کەوتم. هەر لەوێ «کاتی» بوو بە ناسیاوم. دوایە منالّەکەم مرد و پاش ئەمە هاتمە تاران. کە مێردەکەم مرد، پانسیۆنێکم دانا. چەن ساڵ دواتر کاتیم لە تاران دیت. لە "ئێران سووپێر" کاری دەکرد.» کەشناسی دەڵێ: «ئەمڕۆ لە تاران باران دەبارێ؛ لە باکوور، بەفر و باران و لە شوێنەکانی دیکە وردە وردە هەور زۆر دەبێ.» گەورەکە سەرمای نەبێ. پێشخزمەتەکە دێت و سەرم ڕادەوەشێنم. لە دیوەکەی پەنامان، لە نەخۆشەکان نموونە وەردەگرن. لامەکان ڕەنگ دەکەن و دوایە دەیانبینم. ناوی پێشووی ئیتیۆپی، حەبەشەیە. لە خشتەکەدا دەینووسم. مەرجان تەلەفۆن دەکا. دڵنیا دەبێ کە دەچم بە شوێن منداڵەکاندا. دڵنیا دەبێ کە ڕاسپێرییەکانی بەڕێوە دەبەم.

ـ تۆ زەنگ بۆ دایە لێمەدە. من زەنگم لێدا پرسیارم کرد. لەگەڵ دایە نان و چایی بەیانی خواردووە. تۆ چی دەخۆی؟ حەبەکانت هەڵگرتووە؟ لە بیرت بێ نیوەڕۆ ئەگەر بەر لە من ڕۆیشتییەوە، قالۆنچەکان کۆ بکەوە. دوێشەو لە تەشتی نانەکەدا بوون. نیوەشەو کە درگای یەخچاڵەکەم کردەوە ئاو بۆ گچکەڵە بەرم، دانەیەکیان هەڵفڕی ڕۆیشت لە سەر کابینێتەکە نیشتەوە. کارم هەیە. دوایە تەلەفۆن دەکەم.

چیرۆکەکە دەبێ ئاوای لێ بێ: مەسەلەن ڕۆژێک فنیا لە ئێران سووپێر کاتی دەبینێ. خۆشحاڵ دەبن و یەکتری لە باوەش دەگرن و لە پڕێکدا بە

زمانی خۆیان قسە دەکەن و هەر وا کە کاتی لەگەڵ فنیا قسە دەکا، لە نێو قرتاڵەکە بەستە نانەکان، هێلکە، لووبیا، گۆشت و... لە سەر میزی حیساب کردن دادەنێ و کاتی کە لە سەر چوارپایەیەکی بڵیند دانیشتووە، هەر وا کە لەگەڵ فنیا قسە دەکا، لە ژێرەوە چاوێک لە بەستەکان دەکا و بە قامکەکانی، نرخی هەر کامیان بە ماشێن حیسابەکە دەدا و بەستەکان بەرەو پێشێ ڕاماڵ دەدا. چاوپێکەوتنێکی کورت و دڵخۆشکەر. فنیا، کاتی بۆ ماڵی خۆیان بانگێشت دەکا. کاتی دەڵێ لە هەشتی بەیانییەوە هەتا هەشتی شەو کار دەکا، بەڵام چەند ڕۆژی دیکە سەردانی کاتی دەکا. کاتی لە ژووری دانیشتنە و چاو لە وڵات دەکا. فنیا بە کەشەفێکەوە کە دوو پەرداخ قاوەی تاڵ و دوو لیوان ئاوی لە سەرە، دێتە ژوورێ. فنیا جگەرەی "هوما"کەی هەڵدەکا. کاتی جگەرە ناکێشێ. دەستی بۆ لای دۆڵابەکەی فنیا ڕادەکێشێ و دەڵێ تۆ هێشتا ئەم پەیکەرە چکۆلانەت ماوە؟ فنیا دەست دەبا و بۆقلە پەڕۆیی و فیلە دارینەکان دێنێ و لە سەر میزەکەی دادەنێ.

- ئەمانە تۆ پێت دام.

کاتی دەڵێ: «بەڕاستتە؟ کەی؟»

- هەر ئەو ساڵەی لە دەشتی موغان بووین. تۆ تازە هاتبووی بۆ ئەوێ.

کاتی دەڵێ: «هیچ شتێکی دەشتی موغانم لە بیر نییە. ئەمانەش ئاشنان. ڕەنگە کەسێکی دیکە ئەمانەی پێدابێتی.» قاوەکەی دەخواتەوە. فنیا گوتی: «مناڵەکان خەریکی چین؟»

کاتی کوتی: «لیدا شووی کردووە و ڕۆیشتووە. کوڕەکەشم چوو بۆ کانادا.»

کاتی پەرداخی قاوەکەی هەڵدەگێڕێتەوە و فنیا دەڵێ: «فاڵ بێ فاڵ.» کاتی دەڵێ: «لێرە جێگات نییە؟ بێمە ئێرە؟ خاوەن ماڵێکی خراپم هەیە. ئەگەر یەکێ لە دیوەکانت بدایە بە من، لانیکەم شەوانە پێکەوە قسە و شۆخیمان دەکرد. منیش هەر چۆنێ بێ برێ شتم لە ئێران سووپێر دەهێناوە.» فنیا دەڵێ: «لیکۆرێکی سەوزی چاکم هەیە، دەخۆیەوە؟» کاتی کەوشەکانی دادەکەنێ و

لاقی لە سەر سەندەڵییەکە دادەنێ. فنیا لیکۆرەکە دێنێ و لە دوو ئیستیکانی چکۆلەی کریستاڵی دەکا و دەڵێ: «نیوەڕۆی ئەمڕۆ میوانی منی. دەچینە ئەم خوارە، پاپریکا.»

- چ تامێکی هەیە!

- زۆر خۆشە!

کاتی جانتاکەی لە قەراغ سەندەڵییەکە هەڵدەگرێ و وێنەی منداڵ و نەوەکانی نیشانی فنیا دەدا. فنیا چاو لێدەکا. وێنەکان لای بۆقلە پارچەیی و فیلە دارینەکان دادەنێ. کاتی دەڵێ: «زۆرم گەرم بۆوە.»

- نایەی چاو لە نموونەکان بکەی؟

بەم جۆرە، مەسەلەن ئەم دوو کەسە یەکتری دەبیننەوە. دوایە دەچن بۆ پاپریکا. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێک فنیا دەچێ بۆ ئێران سووپێر و بە کاتی دەڵێ یەکێ لە مشتەرییەکانی ڕۆیشتووە و دەتوانێ دیوێک بەو بدا.

ڕادیۆکەم کوژاندەوە. چوومە دیوەکەی پەنام هەتا لامە ئامادەکان ببینم. ئەمڕۆ لامەکان باش ڕەنگ نەکراون. دەبێ ناوک و کینۆپلاست جوان ڕەنگ بگرن و ڕەنگەکە دەبێ خەست بێ. پێشخزمەتەکە چایی دێنێ. پارە وەردەگرێ، هەتا نیوەڕۆ نانی تازەم بۆ بێنێ. بەڵام ئەم لامە باش ڕەنگی گرتووە. ناوکەکان، خانە خوێنییەکان. ورگم ژانی پێدادێ. دایە تەلەفۆن دەکا. ئەمڕۆ سەرئێشە و سەرەگێژەیەتی و سێ ڕۆژە تەوژمی خوێنی لە سەرێیە. هاوکارەکەم دەڵێ: «لە سی بۆ سەرێ پێچەکان شل دەبنەوە.» لە حەوشەی نەخۆشخانە هاوڕێی نەخۆشەکان لەم لا بۆ ئەو لا لە هاتوچۆ دان.

ــ کاکە، بەشی دەمار لە کوێیە؟ موتوربەکراوەکان لە کام بەشن؟ دیالیزەکراوەکان دەبێ چی بخۆن؟

هاواڵەکەم لە پەنجەرەی بەشی دیالیزەوە هەرام لێدەکا.

- وەرە، وەرە. چیرۆکێکی باشم بۆ دیتوویەتەوە.

دیالیزەکراوەکان هەموو لە سەر جێخەوەکانیان ڕاکشاون. تەلەفزیۆنی بەش هەڵکراوە.

ـ خانمە خۆشەویستەکان! ئەگەر منداڵەکانتان شەوانە جێ تەڕ بکەن، ئێوە چ دەکەن؟

دیالیزەکراوێک دەڵێ: «دۆشەکەکەی لە بەر تاو هەڵدەخەین.» هەموو پێدەکەنن. بەڕێوەبەری بەرنامە دەپرسێ: «نا، هەر بەڕاست چ دەکەن؟ بە هێمنی و هێواشی منداڵەکە ئاگادار بکەنەوە!» هاواڵەکەم دەڵێ کە یەکێ لە نەخۆشەکان لەوەی حەوتووی دوو جار دەبێ چەن کاتژمێر لێرە بکەوێ، وەڕەز بووە. لە زەردیی ڕوخساری بێزار ببوو؛ بۆ خۆی دەیگوت لەوەی بڕێ جار بۆگەنی لێدەهات. پاش نیوەڕۆیەک، دوای دیالیزەکران هەڵدێ. منداڵێکی سێزدە چاردە ساڵانە دەڕوا. ڕۆژێ، دووان، کورتی ببڕینەوە، هەموو بە دوایدا دەگەڕێن، هەتا ڕۆژێک لە سەر یەکێ لەم کێوانەی دەوروبەر دەیبیننەوە. ئەویش چەند خوێندکار کە بۆ کێوپێوان چووبوون، دیبوویانەوە. کاتێ هێنایانە خوارێ خەریک بوو دەمرد. کوتیان لەو سەرە چیت دەکرد؟ کوتی چووبووم بمرم. دەمویست دڕندە و لاشخۆر بمخۆن. بێزارم لێرە، لە ئێوە. ئێستا ئەمە بکە بە چیرۆک. لە بەینی ئەو دارانەی لای چۆمەکە دامنان، لەگەڵ سەندەڵی، نەخۆشەکان دیالیزە دەکرێن. ئێستا لە لای ئەو دارانە پەرەستارەکان، جلی سپی، شین، سوور، سەوز لەبەر دەکەن هەتا نەخۆشەکان خۆشحاڵ بن.

ـ کابانە بەڕێزەکان! ئەمڕۆ کفتە تەوریزیتان فێر دەکەین، هەتا لێی بنێن و نۆشی گیانتانی کەن.

دیالیزەکراوێک کوتی: «دوایە بتەقێن. ئەو تەلەفزیۆنە بکوژێنەوە.»

ڕادیۆکە هەڵدەکەم. هێشتا نیو کاتژمێرم ماوە هەیە. ڕۆژنامەکە دەکەمەوە: «بۆ بەرگری لە ڕزینی ددان دەبێ چ بکەین؟... حافز دەڵێ چی؟... بە درێژی زستان گەرمم کەوە... بۆ بەرگری لە ڕزینی ددان یان خورانەوەی لوولەکان... دەبێ چ بگوترێ؟»

هێشتا چارەگێک ماوە هەیە. چاو لە دوو لامی دیکەش دەکەم. هێشتا سێ خولەک ماوەم هەیە. چاو لە دوو لامی دیکەش دەکەم. هێشتا سێ خولەک

ماوەم هەیە. لامێکی دیکەش چاو لێدەکەم. سێ خولەک، چوار خولەک، پێنج خولەک تێپەڕ بوو، بەڵام هێشتا ماشێن نەهاتووە. ئێستا گەورەکە چ دەکا؟ بەم ترافیکە، چۆن بگەمە ئەو سەری شار، بە دوای گەورەکەدا. تەلەفۆن دەکەم.

- بەڵێ، بەیانی کوتت. بەڵام هەر بەڕاست ماشێن نییە.

- مەینێرە. ماڵ ئاوا.

جانتاکەم هەڵدەگرم.

- نانەکەت نەبرد.

- دوایە دێمەوە هەڵیدەگرم.

سواری تاکسی دەبم.

- کەسی دیکە سوار مەکە.

لە شەقامە چۆڵترەکانەوە دەڕۆین. وەختی خۆی دەگەمێ. درگای قوتابخانە دەکرێتەوە. دەچمە پێشتر.

- بابە، ئەوەتانێم.

- دەستم بگرە با زووتر بۆی دەرچین. ئەمڕۆ خۆشت ڕابوارد؟

- ئەمڕۆ بردمانیان بۆ سینەما. بڕیار وا بوو سبەینێ بچین، بەڵام ئەمڕۆ چووین.

- زووکە وەرە، ئێستا لە ڕێبەندانا گیر دەکەین.

- بابە، کتێبەکەم لە بیر چوو.

- هەڵێ بیهێنە.

ئەم هەموو مناڵە ئەگەر لای چۆمەکە بن، ماسی گرتنیان فێر دەکەن و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ لە جیاتی «زانست» و «ماتماتیک» فێری مەلێ دەبن. کە ماندوو بوون، لە ژێر دارەکاندا دادەنیشن. مەودای ئەم پردە تا ئەوی دیکە، سەرەتاییەکان؛ مەودای ئەو پردە هەتا ئەوی دیکە ناوەندییەکان؛ لە پردەکەی دیکەوە هەتا ئەوی دیکەش، دواناوەندییەکان.

ـ هێنام، با بڕۆین. بابە، لە سینەما سێوەکەم خوارد. منالێ گەمییەکی چکۆلەی دروست کردبوو کە لە دەستی بەربوو و چووە نێو ئاوێکی زۆر خوڕەوە. بە دوای گەمییەکەدا هەڵات. گەمییەکە گەورە و گەورەتر بۆوە و دوایە کە لە ژێر پردەکەوە تێپەڕ بوو، بوو بە پاپۆڕ و بۆخۆی لێی دەخوڕی. یانی بوو بە کاپیتان. ئێستا «ن» بڵێم؟

ـ نەی. دەبێ لەم شەقامەوە بڕۆن، چونکە چرای سووری نییە.

گەورەکە تەلەفۆن دەکا. دایە دەگری.

ـ گچکەڵە لە سەندەڵییەکە کەوتە خوارێ. سەری ماسیوە.

پەشۆکاوە.

ـ چێشتەکەش سووتا. پیر بووم. چێشتەکەی ئێوەم کردۆتە قابلەمەکە. هەناسەم بۆ نایە.

ـ بچین بۆ دوکتور؟ لێوت ڕەش داگەڕاوە.

ـ نا، کارت هەیە، بڕۆ، نا، دەبێ بگەڕێیتەوە.

دەگەڕێینەوە.

ـ نانی چاکی خواردووە. نان بە گەورەکە بدە.

درگاکە دەکەمەوە. منالەکان لای درگاکە ڕادەوەستن. چاو لە پلیکانەکان دەکەم. قالۆنچەیەکی تۆپیو دەبینمەوە. منالەکان دێن. تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکەم. شیر بۆ چکۆلەکە گەرم دەکەمەوە و لە مەمکەمژکەی دەکەم. دوو کەوچک هەڵدەگرم. باڵنجێ لە پێش تەلەفزیۆنەکە دادەنێم. چکۆلەکە ڕادەکشێ و شیرەکەی دەخوا. بۆ خۆم و گەورەکە ڕۆژنامەکە لە جانتاکەم دەردێنم و ڕایدەخەم. قابلەمە و کەوچکەکان لە سەر سفرە کاغەزینەکە دادەنێم.

ـ وەرە بخۆین.

ـ گچکەڵە خەوت.

لە جێخەوەکەی دەیخەوێنم. لە متبەق، سێ قالۆنچەی تۆپیوی دیکە دەبینمەوە. شووشەی ئاوەکە دێنم. دێمە ڕووبەڕووی تەلەفزیۆنەکە، لای گەورەکە. مەرجان تەلەفۆن دەکا و لەگەڵ گەورەکە قسە دەکا.

ــ بــەڵێ دەیخــۆم. هــەر ئێســتا. بابــەش. گچکەڵــە خــەوتووە. وانــەکانم دەنووسمەوە. بابە دەڵێ نەهار دەخۆی یان نا؟ نا، کارت نییە. زوو وەرەوە.

دیسـانەکە دەنگـی تەلـەفۆن دێ. گەورەکـە دەڵـێ: «مامـە کـاری بـە تۆیـە.» هەڵدەستم.

ـ تۆ نانەکەت بخۆ. بۆ ئێوارێ وەخت دەگرین. نۆبەی یەکەم. زوو وەرن. حاڵی زۆر خراپ بووە؟

لای گەورەکە دادەنیشم. دووچەرخەسوارەکان دەتوانن دووچەرخـەکانیان لای چۆمەکە دانێن و مەلێ بکەن. کاغـەزەکانم لـە جانتاکـەم دەردێنم. شـەوانە فنیـا و کـاتی، شـێو بـۆ پانسـیۆنێرەکانی دیکـە دروسـت دەکـەن. فنیـا لــە پانســیۆنێرە هیندییەکــەی وەڕەزە. کــاتی دەڵــێ: «بیبــاری ســوور بکــە چێشتەکەیەوە.» فنیا دەڵێ: «ئـەی ئـەوانی دیکـە بەشـەر نین؟» کـاتی شـانی هەڵدەتـەکێنێ. شــەوێ چــەدری، پانســیۆنێرە هیندییەکــە، هــەر دەگــری. فنیـا خوڵکی لیکۆرە سەوزەکەی دەکا. کاتی دەڵێ ڕەنگە ئـەو بەسـزمانە بیـری مـاڵ و منداڵەکــەی کردبــێ، و دەشــچێ وێنــەی کــچ و کــوڕ و نــەوەکانی دێنــێ و نیشانی چەدری دەدا و چەدری زیاتر دەگری. چـەدری هـەر دەڵـێ: «دڵتـەنگ، دڵتـەنگ.» کـاتی دەڵـێ: «مـن دەچـم بـۆ حـەمام جلـەکانم دەشـۆم.» مـەرجان هەرکــە درگاکــە دەکاتــەوە دەڵــێ: «چــەن قالۆنچــە مــردوون؟ ئەمشــەویش دەرمانیان بۆ دادەنێی؟»

جانتاکەم هەڵدەگرم و دەگەڕێمەوە سەر کار. لە لای دوکتـور نۆبەیـەک بـۆ دایکم وەردەگرم. پێیـان ڕادەگەیـەنم. ئێسـتا لـە قـەراغ ئـەو چۆمـە دادەنیشـم. لەگـەڵ مـەرجان و منداڵـەکان. پـاش نیوەڕۆیـەکی هـەینی، منداڵـەکان لـە قـەراغ چۆمەکە هەڵدێن. قولاپێکم بۆ گەورەکە دروست کردووە ماسیی پێ بگـرێ. چکۆلەکە زیخ بۆ نێو ئاوەکە دەخا. مـەرجان لـە سـەر میـزی دارینـی قـەراغ چــۆم، لــە ســاردوگەرمەکە چــایی تێــدەکا. ئێــرە مــەودای دوو پردەکەیــە لــە ئیسفەهان. ئاگادارییەکی گەورە لە ڕووبەڕوومە کە لە سـەری نووسراوە: «بە درێژی زستان گـەرمم دەکاتـەوە.» لـە پشـتەوە نیئۆنـە سـوورەکانی سینەما،

پڕشنگ دەخاتە سەر میزەکەمان. وەردەسووڕێم و سەیر دەکەم. مەرجان دەڵێ ئەم چاییە زۆر باش گەرمت دەکاتەوە.

دایە دێت؛ لەگەڵ براکەم. دەچین بۆ دوکتور. نۆبەمان دێ. دوکتور دەیەوێ نەواری دڵی لێ بگرێ. دایە دوگمەی مانتۆکەی دەکاتەوە. دوکتور گوشییەکە لە سەر دڵی دادەنێ و پێی دەڵێ: «چەن ساڵە ئەم دڵە لێدەدا؟» دایە دەڵێ: «شەست ساڵە.»

- پێت خۆشە چەند ساڵی دیکە لێبدا؟

دایە دەڵێ: «هەتا هەر کاتێ خودا بیهەوێ.» دوکتور دەڵێ: «دەزانی حاڵت زۆر باش نییە؟» دایە هەڵدەستێ. دێتە لام دادەنیشێ و بە ئەنگوستیلەکەی کایە دەکا.

- پشوودان؛ تەنیا پشوودان!

چاو لە دایە دەکەم. ئیدی چکۆلەکە ناهێنم. هەر پشوودان. براکەم دەڕوا و من دایە دەبەمەوە ماڵێ. دایە دەڵێ: «قاوە دەخۆیەوە؟» دەڕوات و دوای چەن خولەکێک بە کەشەفێکەوە کە دوو پەرداخ قاوەی تاڵ و دوو لیوان ئاوی لەسەرە دەگەڕێتەوە و دەڵێ: «بە قەبری بابی دڵەوە. دیسانەکە قسەکانی فنیام کرد.» پێکەوە قاوە دەخۆینەوە؛ جگەرە دەکێشین، و شەو بەسەردا دێ. براکەم دێ. دەگەڕێمەوە. دایە هەتا بەر درگا دێ. لە کەلێنی درگاوە دەڵێ: «ئەگەر لەپڕێکدا ڕۆیشتم، ئەو ئەنگوستیلە پیرۆزەییە بۆ تۆ.»

لە نێو تاکسیدام. لە قەراغ چۆم شاری یاری لێیە. شاری یاری پڕە لەو خەڵکانەی سواری ئەسپ و قوو و سووسمار بوون و لە پەستا دەخولێنەوە. ڕەنگی ئاوی چۆمەکە دیار نییە. ئەمشەو فنیا و کاتی دەچن بۆ سینەما. دوایە چەدری دێ و دەڵێ: «نا، با ئەمشەو بچین بۆ گورگان کلووپ؛ کایەی لۆتۆ بکەین.» فنیا بەینێکە دەستی دێشێ. لە پێشدا دەچنە دەرمانگای ئیحسان. دەرزییەک لە خۆی دەدا و کاتی بۆ فنیا باس دەکا کە لە بەیانییەوە هەتا شەوێ، لە سەر دوگمەکانی ماشێنحیساب دەکوتێ، و فنیاش باوکی دێتە پێش چاوی ئەوەندە لە بەیانییەوە هەتا شەوێ بو ئەم پانسیۆنێرە نالەبارانە

چێشت دروست دەکا، و ئاوات دەخوازێ ڕۆژێ هەر لەم دۆلابە سەرینی مەرگی دانێ و بڕوا. کاتی بە چەدری دەڵێ: «بەڕاست ئێمە دەمێکە نەچووین بۆ دۆلاب. پاش نیوەڕۆی هەینییەک بە چرا ئەڵکۆڵییەوە بچین بۆ سەر قەبری مێردەکانمان و قاوە دروست کەین و لەگەڵیان بین. تۆش لەگەڵ ئێمە وەرە. ئێوە مردووەکانتان دەنێژن؟» زەنگ لێدەدەم. گچکەڵە لە پشت درگاکەوە لە پەستا دەڵێ: «بابە، بابە!» مەرجان درگاکە دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەم دووانە باوکمیان هێنا پێش چاوم.» گەورەکە دەڵێ: «وانەکانم نووسییەوە. ئێستا چاو لە کارتۆن بکەم؟» مەرجان دەڵێ: «ئاگات لێ بێ ویدۆکە خراپ نەکەی. شێو دەخۆی؟ ئاخری ئەمڕۆکە زیادەکاریی سێ ساڵی ڕابردوویان خستە حیسابەکانمانەوە. هاوکارانی دایرە چووبوون بۆ شت کڕین. لەم قوتووە چکۆلانە وا خەڵک گەرم دەکاتەوە، لەوانەیان کڕیبوو. دەڵێن هەر کوێیی لەشت بێشێ، گەرمی دەکاتەوە.» منداڵەکان لە قەراغ چۆم کایە دەکەن. ئاوەکە بەستوویەتی و ئێمە، من و مەرجان، هەر بەم کەرەستەیە گەرم دەبینەوە. منداڵەکان کەرەستەی گەرمادەرەکە لە سەر بەستەنی دادەنێن. دەتوێتەوە. خۆزگە بە خۆیان!

منداڵەکان خەوتوون. مەرجان خەریکی ئوتووە. من چاو لە تەلەفزیۆن دەکەم. هەڵدەستم. دەرمانەکە دەبینمەوە و دیسان دەسبەئاو، حەمام، متبەق، پلیکانەکان، لای یەخچاڵ و لای درگاکە دەرماناوی دەکەم.

- بریا لە سەر کابینێتەکانیش بڕێکت بپرژاندبایە.

- پرژاندوومە.

پاشماوەی دەرمانەکەم لای مێشکوژەکان، لای قەڵەمی قالۆنچەکوژ، لای ئیمشی دانا و چووم بخەوم.

- چایی دەخۆیەوە؟

- نا. لەگەڵ دایە قسەم کرد. کوتی حاڵم باش نییە. سبەینێ گچکەڵە چی لێ بکەین؟

- نازانم.

ڕادەکشێم. ئەگەر فنیا و کاتی بهاتبایانە قەراغ ئەم چۆمە، خۆش دەبوو. بەڵام ئێستاکە کاتی هەموو جلەکانی شتووە و لە سەر تەنافێکی باریک کە لە نێوان دوو سەندەڵیی دیوەکەی دایبەستووە هەڵیخستوون و خەریکە لەگەڵ فنیا بە زمانی خۆیان قسە دەکا و لە سەر جێخەوەکەی درێژ دەبێ. دەیهەوێ بۆ نان و چایی بەیانی بلینی و هێلکەوڕۆن ساز بکا و مرەبای سێو، مرەبای هەنجیر، چایی و قاوە لە سەر میزەکە دانێ.

ڕادیۆکەی ژوور سەری هەڵکردووە و گوێی بۆ مۆسیقا ڕاگرتووە. لە جێخەوەکەی دێتە دەرێ. چراکەی دەرەوەی ماڵێ هەڵدەکا و دەگەڕێتەوە سەر جێگاکەی. چرای متاڵا هەڵدەکا و گۆڤاری «زانیاریی ئافرەتان» هەڵدەداتەوە. چۆنیەتی ساز کردنی پیراشکییەکی ساکار دەخوێنێتەوە. مەرجان دەڵێ: «خەوتووی؟»

- نا.

- سبەینێ چ بکەم لە گچکەڵە؟

- وەکوو خەڵکی دیکە دەیبەین بۆ باغچەی منالان.

جاری وایە کە لە نیوەشەودا هەڵدەستم، مەرجان خەوتووە. منالەکان خەوتوون و من چاویان لێدەکەم. دەزانم کە هەم. ئێستاش کە بەخەبەرم و خەوم نایە، دەچم بۆ حەمام؛ سەرێکی دەسبەئاو و پلیکانەکان دەدەم. قالۆنچەکان خلۆر دەبنەوە. لە پەنجەرەوە چاو لە دەرێ دەکەم. وردە وردە دەبێ گڕی کوورەکان زۆر بکەم. وردە وردە دەبێ چیرۆکی فنیا و کاتی بنووسم. دەبێ بە شێوەیەک ئەوان بکێشمە ئێرە. بە هیچ جۆرێ پێم خۆش نییە کاتی قامکەکانی هێشی پێ بگا و فنیا ئەم هەموو ساڵە کار بکا و کەسێک نەبێ ئەوی خۆش بوێ.

مەرجان ڕامدەتەکێنێ.

ـ هەڵناستی؟ ئێستا ماشێن دێ. وەرە چاو لێبکە بزانە چەن جۆر گیانلەبەرت کوشتووە؟ هەزارپێ، قالۆنچە، داپیرۆشک. هەستە شیرەکە گەرم کەوە. ئەوانەم کۆ کردۆتەوە. زەنگم بۆ ئاژانس لێداوە. هەستە. چاییەکەم

دەم کردووە. بچۆ تەلەفزیۆنەکە هەڵکە. مناڵەکانیش دێن. هەستە. تەلەفۆن زەنگ لێدەدا؛ بڕۆ بزانە دەڵێ چی؟ دیسانەکەش ئاژانس درەنگ دێ؟

هەڵدەستم.

ـ تۆ تەلەفۆنەکە هەڵگرە. خۆم ئەوانە کۆ دەکەمەوە.

مەرجان گوشییەکە هەڵدەگرێ. دەموچاوم دەشۆم. دوای مەلێ، خاولیەکان لە سەر بەردەکانی قەراغ چۆم ڕادەخەین. مەرجان هەرام لێدەکا.

ـ وەرە.

چکۆلەکە شیری دەوێ. گەورەکە دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەم دەکاتەوە.

ـ بزانە دایە ڕۆیشت.

فنیا و کاتی دێن بۆ ئیسفەهان. دایە لە سەر خاولییەکان ڕادەکشێ. فنیا و کاتی و من و مەرجان لای دایە دادەنیشین. فنیا دەڵێ: «ئەو چەندەی قاوە پێ خۆشە. بەڵام تۆ زۆر ساردی، جەحێڵ! من لیکۆرێکم هەیە گەرمت دەکاتەوە.» دایە لە سەر خاولیەکان خەوتووە. کاتی دەڵێ: «چرا ئەلکۆلییەکەم هێناوە. لەم ساکەدایە.» قاوە دروست دەکا. گەورەکە دەڵێ: «کاتی گیان، ئێمەیان برد بۆ سینەما. لە فیلمەکەدا کوڕێک گەمییەکی هەبوو. چکۆلە بوو؛ بە قەد بەری دەستی من. دوایە گەمییەکە هەر چەندی لە ئاوەکەدا بەرەو پێشێ دەچوو، گەورە و گەورەتر دەبۆوە. کە لە ژێر پردەکەوە تێپەڕی، بوو بە پاپۆڕێکی گەورە.»

هەمووومان سواری پاپۆڕەکە دەبین.

ـ بابە! دایە گەورە لێرە بێ؟

ئێمە سواری پاپۆڕەکە بووین. بۆ کوێمان دەبا؟ فنیا دەڵێ: «هەرکەسەی هەتا شوێنێک لەگەڵمانە و نۆبەی دوایە و ئێزگەی دوایە یەکمان دادەبەزین.» فنیا و کاتی دەستیان کردووە بە قسە کردن بە زمانی خۆیان. گەورەکە لێدەخوڕێ. چکۆلەکە شیری دەوێ و دایە لە سەر خاولیەکان خەوتووە. لە ٣٣ پرد نزیک دەبینەوە. گەورەکە دەپرسێ لە کام توونێلەوە تێپەڕم.

ڕەزبەری ١٣٧٤

# پاشنیوەڕۆی یەکشەممانە

پاشنیوەڕۆی یەکشەممانە میوانی خاتوو ئانا دەبووم. هەموو جارێ، بەپێی وەرز، چەپکەگوڵێکی چکۆلەم لە گوڵفرۆشی پالاس بۆ دەکڕی. کە درگای دەکردەوە، ڕوومەتی بۆ لام دێنا. ماچم دەکرد و گوڵەکەم دەدایێ. خاتوو ئانا گوڵەکەی وەردەگرت و دەیگوت: «چەن جوانە!» دوایە دەچوو دەیخستە گوڵدانەوە.

لە ڕێڕەوێکی کورتەوە تێدەپەڕیم، هەتا دەگەیشتمە ژووری خەوەکەی، کە دیوی میوانداریشی بوو. لە پەنای مێزە خڕە قاوەییەکەی خاتوو ئانا، کە ڕوومێزییەکی خڕیشی بەسەردا درابوو، دادەنیشتم. ڕوومێزییەکان هەموو حەوتوویەک دەگۆڕدران. وێنەکانی، گوڵەباخ یان وەنەوشە یان داودی، یان وەک خاتوون بۆ خۆی دەیگوت، خریزانتۆنی گوڵدۆزیکراو یان ژمارە دۆزیکراو بوو. لەپاڵ مێزەکە، قەرەوێڵەیەکی لێبوو کە بەیانان لەجیاتی قەنەفەش کەڵکی لێوەردەگیرا. سەر ڕووتەختییەکەی خاتوو ئانا، کە هەموو کات شەق هەڵگرتوو و چیندار بوو، پڕ بوو لە بالنجی ڕەنگاوڕەنگ و بووکەشووشەی جۆراوجۆر، بە قسەی خۆی بووکەشووشەی نگرۆ لە هەموویان جوانتر بوو. هیچکات لە سەر قەنەفە یان قەرەوێڵەکەی خاتوو ئانا دانەدەنیشتم. لەوە دەترسام ڕووتەختییەکەی خراپ بکەم یان چینە شۆڕەکانی تۆزاوی بن. شوێنی لەشم لە سەر ڕووتەختیەکە دەماوە و بووکەشووشە نەرمونیان و هێدییەکان، هەر دەکەوتن و سەرمەقولاتیان دەدا.

هەمیشە لە سەر سەندەڵییە پێچکە کورتەکانی خاتوو ئانا دادەنیشتم و چاوم لە ڕادیۆ دوگمە عاجدارەکەی، یان لە گرامافۆنەکەی دەکرد، هەتا کاتێ خاتوون بە کەشەفێک و دوو پەرداخی چکۆلەی پڕ لە قاوەی گەرمی تورکی دەهاتە ژووری. قاوەکەی، بڵقێکی زۆری لە سەر بوو. دوو لیوان ئاوی ساردیش لە پەنای پەرداخەکان بوو.

دەمگوت: «ببوورە، دیسان لەجێی ئێوە دانیشتووم.»

دەیگوت: «قەیناکا لاوە گیان! دەزانم لە سەر تەخت دانیشتن بۆ تۆ هاسان نییە.» پێدەکەنی، پەرداخەکانی لە سەر مێزەکە دادەنا و لە پەنای هەر پەرداخێکیش لیوانێک ئاو.

- نۆشیگیانتی کە.

یەکەم جار، چەند حەوتوو لەمەوبەر، کاتێ پەرداخی قاوەکەم بۆ فاڵگرتنەوە ئاوەژوو کرد، ئەوەم زانی. خاتوون پێیخۆشبوو فاڵم بۆ بگرێتەوە. دڵۆپێک قاوە کەوتە سەر یەکێ لە گوڵە دووروواوەکانی ڕوومێزییەکە. پەشۆکام. بە دوای پەڕۆیەکدا دەگەڕام.

خاتوون گوتی: «قەیناکا لاوە گیان.» و لە ژێر سەردەستی بلووزەکەی، دەسماڵەکەی دەرهێنا. بە زمان تەڕی کرد و پەڵە قاوەکەی سڕی.

داوای لێبووردنم کرد، بەڵام هەستم بەوە کرد ئەم گوڵە وەک گوڵەکانی دیکە نییە، هەر لە ڕیزی گوڵە دووروواوەکانی دیکەش نییە. گوڵێکی چکۆلە بوو، وا دیار بوو پاش پینەکردنی دڕاوییەکی چکۆلە، گوڵدۆزی کرابێتەوە. دواتر زۆرترم سەرنج دایە؛ گوڵی چکۆلەی دیکەشم دیتنەوە.

خاتوون گوتی: «پاش قاوە، دەبێ چا و کەیک بخوێن. مارمالادیشم ساز کردووە. مرەباشم هەیە. وا باشە هەموویان بێنم.»

قوتووە جگەرەکەی خاتوو ئانا لەپەنای پەرداخەکەی بوو و لەلای ئەویش، ژێرجگەرەکەی؛ کە سەدەفێکی شکاو بوو. لەپشت قەرەوێڵەکەوە، دیوارێکی سەوز هەبوو کە خاتوو ئانا وێنەیەکی گەورەی سەردەمانی لاوێتی ئافرەتێکی لێهەڵواسیبوو کە دەبوو هاوڵی بووبێ یان ڕەنگە کەسێکی دی.

جارێکیان کە لێمپرسی: «ئەمە وێنەی خۆتە؟» گوتی: «نا، وێنەی نینایە، دەستەخوشکی زەمانی کچێنیم. زۆرم خۆشدەویست.» هەر بە دوایدا گوتی: «چا دەخۆیەوە؟» یان شتێکی وای گوت. گوتم: «زۆر جوانە.» گوتی: «بوو.»

خاتوون ماڵێکی چکۆلەی دوو نهۆمی هەبوو. من کرێنشینی نهۆمی سەرێ بووم. تازە هاتبوومە تاران. ماڵەکەی لە یەکێ لە کۆڵانەکانی قەوامولسەڵتەنە بوو. خاتوون لە نهۆمی خوارێ بوو. فێرگەی سەمای هەبوو، فێرگەی زمانی فەڕەنسی هەبوو، فێرگەی زمانی ڕووسی دانابوو، فاڵی قاوەی دەگرتەوە، لەم دواییانەدا کە نەخۆش کەوت، هەموویانی وەلانا. کرێیەکی کەمی لە من وەردەگرت و ڕەنگبێ برە پووڵێکیش لە یەکدوو کەس کە دەهاتن یەکدوو کەڕەت فێری زمانی فەڕەنسی بن یان فاڵێکی قاوە بگرنەوە.

هەموو بەیانان لە زەنگی درگاکەییم دەدا. دەرکەی نەدەکردەوە. دەیگوت: «قەڵافەتم شێواوە.» لێم دەپرسی: «هیچت ناوێ؟» ئەگەر شتێکی پێویست بوایە، پاشنیوەڕۆیان کە دەگەڕامەوە، بۆم دەکڕی. سپاس کردنی خاتوو ئانا بۆ ئەم وردەکارانەی من کە لە پێشدا شتکڕین بوو، دوایە وردەوردە بوو بە وردە دەسکارییەکی شتەکان و تەنانەت ئاڵوگۆڕکردنی سندووقێک لەم سەری دیوەکە بۆ ئەوسەری، پاشنیوەڕۆی یەکشەممانە بوو.

دەبوو بێئەملا و ئەولا لەگەڵ چا، مارمالادم بخواردبایە، دوایەش لە مرەبا جۆراوجۆرەکانیم بچەشتبایە. لە ڕوخسارم ڕادەما؛ هەتا من دەمگوت: «بەڵێ؛ زۆر باش دەرهاتووە.» جا برۆ وسمە لێدراوەکانی بەرز دەبوونەوە، بزەیەک دەنیشتە سەر ڕوخساری و لۆچی لای ئێسکی لاجانگی دەکرانەوە و ڕیزی ددانە دەسکردەکانی لە نێوان لێوە سوورەکانییەوە دەردەکەوتن، و دەیگوت: «ئۆخەیش.» دوایە کەوچکە چایخۆرییە نوروبیلینییەکەی دەخستە نێو مرەباکەوە و دەیگوت: «خۆشم تاقی دەکەمەوە.» پاش چا و مرەبا، نۆرەی قسەی ئاسایی بوو. بۆ نموونە دەمگوت نامەیەکم لە بنماڵەکەمەوە

بۆ هاتووە، یان ئەمساڵ هەوا تەزوویەکی ساردی هەیە، یان سینەما *مایاک* چ فیلمێک پیشان دەدا. کاتێ قسە ئاساییەکانیشمان تەواو دەبوو، خاتوو ئانا دەیگوت: «با برێ وەرەقێن بکەین. جاڕز بووم.» هەڵدەستا و بە لای ئاوێنە باڵانوێنەکەی دیوەکە و گرامافۆنە هەمیشە خاوێنەکەیدا تێدەپەڕی، بڕێک ڕادەوەستا و دەیگوت: «نا، دوایە.» و دەستەیەک وەرەقی لە کومێدەکەی دەردەهێنا و دەیگوت: «ئێستا...» گرامافۆنەکەی قورمیش دەکرد، دەرزییە کۆنەکەی دەردەهێنا و یەکێکی تازەی دەخستە سەر و گرامێکی تازەش لە سەری. «... گوێی لێڕادەگرین.»

بەڵام ئەو ڕۆژە بوو کە گوتم: «خاتوون، وا دیارە ئەم وردە گوڵانەی ڕوومێزییەکەت، دوای گوڵدۆزیی یەکەم جار، گوڵدۆزی کراونەتەوە.»

خاتوون گوتی: «چۆن، لاوە گیان؟»

گوتم: «هەروا. چونکە... وا دیارە... ئەمانە... نازانم! وا دیارە کاری پێشتر بن... پینە کراون؟»

خاتوون گوتی: «ئەم ڕوومێزییانە هی نینای دەستەخوشکمە؛ بەڵام گوڵە وردەکان کاری خۆمە، هەموو کەرەستەکانی دا بە من و ڕۆیشت.»

دوایە گوتی: «خۆ فلووت نازانی. ڕامیی دووکەسی ناخۆش نییە.»

ئاوڕم دابۆوە و چاوم لە وێنەی نینا دەکرد.

دەستی یەکەم من بردمەوە.

خاتوون جگەرەیەکی لە قوتووەکە دەرهێنا. شەمچەکەم بۆ داگیرساند. دەستی دووهەم ئەو بردیەوە.

پرسیی: «چا دەخۆیەوە؟»

گوتم: «نا.»

- دەچم پیراشکی دێنم.

هەستا. کاتێ جگەرەکەی دەخستە ژێرجگەرەکەوە، خۆڵەکەی ڕژا. بە سەربازی پیک، خۆڵەکەی لە سەر ڕوومێزییەکە کۆ کردەوە.

- دەبێ سبەینێ بیشۆم.

هـیچ قـامکێکی خـاتوون ئانـا ئەنگوسـتیلەی تێـدا نـەبوو. جگەرەکـەی کوژاندەوە. بە سەری نینۆکی، دوو سێ پەڕەتووتنی بەجێماوی سەر زمانی هەڵگرت و بە نینۆکەکەی دیکە حەوای دایە نێو ژێرجگەرەکە.

- بچم پیراشکی بێنم.

دەنگی مۆسیقا دەهات. لیوانەکە هەتا نیوەی ئاوی تێدابوو.

وەرەقـەکان لـە سـەر مێزەکـە بـڵاو ببـوون. تۆزێـک خـۆڵی جگەرەکـە، ڕوومێزییەکـەی پـیس کردبـوو. جگەرەکـە هێشـتا دووکـەڵێکی بـاریکی لێ‌هەڵدەستا و پەڕە سپییەکەی، ورشەورشی هەر دەهات.

خژەخژ و دەنگی لێدانی دەرزیی گڕامافۆن لە سەر گڕامەکە، دەهات.

هەستام بەرەو گڕامافۆنەکە چووم. لای گڕامافۆنەکە وێنەی لە قاپگیراوی خـاتوو ئانـا، یـان وەک خـۆی دەیگـوت "کیژانـی پـۆلی سـەمای فۆکسـترۆت"، دەبیندرا.

دەرزییەکـەم لابـرد. چەکمەجـەی لای گڕامافۆنەکـە، زۆری گـڕام تێـدابوو. دانەدانـە گڕامـەکانم هـەڵگرت. "ئالبێرتـا ئالبێرتـا"، بـۆ سـەمای فۆکسـترۆت، "لوپانزا" بۆ ئەوانەی سەمای "رومبا"یان دەکرد، "مامی‌دریم" و "سێرتسـا"، بۆ ئەوانەی دەیانهەویست سەمای "تانگۆ" بکەن.

خـاتوو ئانـا گـوتی: «لـە کـاتی سـەمای تـانگۆدا، پیاوەکـان لاقـی خانمـەکان پێشێل دەکەن.»

ئاوڕم داوە.

خاتوون گوتی: «وەرە هەتا گەرمە تەواوی کە. ئێستا کەس ئـەم سـەمایانە نازانێ. ڕەنگە ئەوڕۆ فرێد ئاستێر و ستێر ویلیامز لەوپەڕی دنیا، و مـن لێرە، لە ئێران، بیانزانین.»

منـیش تاقـەتی فێربوونیـانم نـەبوو و ئەمـەش خـاتوونی خۆشـحاڵ دەکـرد. زۆر باش بوو. بە قسەی خاتوون، هەموو کرێ‌نشینەکان دەیانهەویست فێری سـەما بن، بێجگـە لـە مـن. هەربۆیـە مـن پاش‌نیوەڕۆی یەکشـەممانەم هـەبوو. گڕامافۆنەکەم کوژاندەوە.

دیسان کەشەفێکی دیکەی لە سەر مێزەکە دانا. دەورییەک بۆ من، دەورییەکیش بۆ خۆی. پرسیی: «بە دەس دەیخۆی یان بە چنگاڵ و چەقۆ؟ پیراشکیی پەنیر، پیراشکیی گۆشت، پیراشکیی پەنیر و ئەسپەناغ. لە هەر کامێکیان پێتخۆشە هەڵگرە. ئەم سێگۆشانە، پیراشکیی گۆشتن. هەتا سارد نەبۆتەوە بیخۆ. هەوا زۆر سارد بووە. بیخۆ با دەستێکی دیکەش بکەین.»

گوتم: «باشە.»

گوتی: «نا، ببوورە.» و لیوانەکانی خستە سەر کەشەفەکە. کەشەفەکەی هەڵگرت و لە سەر تەختەکەی دانا. وەرەقەکانی کۆ کردەوە و ڕوومێزییەکەی هەڵگرت و بردی. پاشماوەیەک بە ڕوومێزییەکی دیکەوە گەڕاوە. گوتی: «ببوورە.» ڕوومێزییەکەی ڕاخست. کەشەف و وەرەقەکانی لە سەر مێزەکە دانا. گوتی: «نینا نارەحەت دەبوو. ئەمانە هەموو کاری نینایە.»

پرسیم: «وا دیارە نینات زۆر خۆش دەویست.» قەپێکم لە پیراشکییەکەم گرت.

خاتوون گوتی: «زۆر. بیرەوەریی زۆرم لەگەڵی هەیە... هەتا کاتێ ون بوو.»

- ون بوو؟

گوتی: «کاتێ مێردەکەی مرد ون بوو، ئیدی هیچ هەواڵێکم لێی نییە.»

پرسیم: «تەنانەت نامەیەک،ماڵئاواییەک، یادگارییەک، شتێک؟»

خاتوون گوتی: «هیچ شتێک. کاتێ هات بۆ ئێران، لە تاران کاری دیتەوە. کچێکی جوان و جەحێڵ. لە بەیانییەوە هەتا پێنجی ئێوارێ، لە لالەزار، لای دوکتور مامدۆف کە لە بادکووبەوە هاتبوو، کاری دەکرد. بە پێرمەنگەنات، نەخۆشەکانی دەشتەوە یان دەرزییەکانی دەکولاند. بڕێ لە نەخۆشەکانی دەشێلا و دوایە دەچوو بۆ کافەی ژاڵە. ئەوێ پڕ بوو لە خەڵکی هەندەران. فارسەکان کەمتر دەهاتن. بولغاریی لێبوو، مەجاری، ڕووسی. هەر لەوێ بوو میلای ناسی. میلا لاو بوو. کاری بە کەس نەبوو، لەگەڵ شەریکەی "ئەشکودا" هاتبووە تاران و ڕوون نەبوو بۆ کار دەبێ بچێ بۆ کوێ. نینا بە

دەستەخوشکەکانی گوتبوو ئەو هەمیشە لەوسەری کافەکە دادەنیشت. سەندەڵییەکەی ئەوەندە بە پشتدا دەخست، تەنیا دوو پێچکەکەی دواوەی لە سەر عەرز دەماوە. لاقەکانی و دوو پێچکەکەی دیکە لە نێوان عەرز و حەوادا بوو. جگەرەکەی هەڵدەکرد و بۆ هەموو کەسێ بزەی دەهاتێ. بەتایبەت بۆ نینا کە لە زمانەکەی حاڵی دەبوو. وردەوردە دەبوو نینا شەوانە شێوی میلای بدابایە. هەتا ئەوەی شەوێک، کاتێ نینا شێوی میلای لە سەر مێزەکە دانا و دوای گوتنی «هیچی دیکەت ناوێ،» ویستی بگەڕێتەوە، میلا مەچەکی نینای گرت. میلا خۆی بۆ ڕانەگیرا و دوو پێچکەی سەندەڵی شەق بە عەرزدا کەوت. دووسێ میوانی مێزەکانی دەوروبەر ئاوڕیان داوە و چاویان لێ کردن. میلا گوتی: «لەگەڵم دێی بۆ دەشتی موغان، نینا؟» نینا گوتی: «بۆ دەبێ لەگەڵت بێم؟»

میلا گوتی: «چونکە خۆشم دەوێی.» نینا گوتی: «دێم.» ئەوشەوە هەتا بەیانی یان هەتا بەیانیی دواتر چی ڕووی‌دا، گوتنی ناوێ؛ چونکە زۆر زۆر شەکەت دەبی، لاوە گیان. پیراشکییەکانیش سارده دەبنەوە، بەڵام ئەمە بۆ نینای بەڵا لێدراوی هەڵاتوو لە وڵات شانسێکی گەورە بوو. بە دوکتۆری گوت ئافرەتێکی دیکە بێنێ، و هەتا دوانیوەڕۆ، لە نادری، ئێستا چی پێ‌دەڵێن، عەلادەولە، فیردەوسی، لە ئیسلامبول بەدوای کەلوپەلی ژیاندا گەڕا. سەماوەری کڕی، مەنقەڵی کڕی، دوو فەرشی دیواریی زۆر جوانی کڕی کە هی ئەسکەندەرییە بوو. زۆر نەرم. نینا دەیگوت: «وەک هاورێشم.» سوور بوو، بنیادەمی تێدابوو کە جلوبەرگی درێژی سپییان لەبەر کردبوو و کڵاوی گوڵینگداری سەوز و سووریان لە سەر نابوو. تەواو ڕۆژهەڵاتیانە. ئەو کاتەی سواری ماشێنێک بوون کە بڕیار بوو بیانبا بۆ دەشتی موغان، پێکەوە زەماوەندیان کردبوو.»

پرسیم: «چووبوونە کلێسە؟»

گوتی: «زەماوەندیان کردبوو، بە یەغدانێکەوە کە ئێستا لە بیرم نییە نینا چی تێ‌خستبوو و دوو چەمەدان جلوبەرگ. بە سلامەت نینا. بەڵام تۆ لاوە

گیان؛ لەم پیراشکییانە بخۆ. یەغدانەکە بێجگە لەو شتانەی گوتم، کەتانی سپیی ڕووسی تێدابوو. دەزووی ڕەنگاوڕەنگ و دەرزی و قوتووی دوگمەی تێدابوو. دەرزییی سەرشووشەیی تێدابوو، دەوری، چنگاڵ، کەوچک.»

گوتم: «خاتوون؛ شەومان درەنگ کرد. ئەگەر ئیزنم بدەی...»

گوتی: «با ئەمشەو درەنگ بخەوین، چ دەبێ! هەتا نیوەی ڕێ هاتووین. بیرەوەریی هاواڵەکەم نینا، قەڵافەتەکەی، دەستەکانی کە دەمارە شینەکانی دیار بوون، هەموویان ئێستاکە هاتوونەتە ئێرە.»

هیچم نەگوت.

خاتوون گوتی: «ڕێگایەکی دوور و درێژ بوو هەتا دەشتی موغان. نینا سەری دەکەوتە سەرشانی میلا. دەچووە خەو. لە خەو هەڵدەستا و دەیگوت: «نەگەیشتین؟» لە خەودا بوون کە لە قەزوێن و زەنجان و تەورێز و میانە و لە کوێ و کوێ تێپەڕین، هەتا گەیشتنە دەشتی موغان. میلا گوتی: « گەیشتین.» نینا گوتی: «گەیشتینە کوێ؟» میلا گوتی: «ئەو شوێنەی کە دەبوو بگەینێ.» نینا گوتی: «ئەی کوا ماڵەکەکان؟» میلا گوتی: «هێشتا خۆشم نازانم.» ماشێنەکە لەبەر ماڵێکی دارین ڕاوەستا. میلا گوتی: «لێرە دانیشە هەتا دێمەوە.» لە ماشێنەکە دابەزی و بەرەو ماڵە دارینەکە ڕۆیشت. پاش ماوەیەک چەن شۆڕەژن و منداڵ بە مراوی و قەل و مریشک و کەڵەشێرێکی زۆرەوە بەرەو نینا هاتن. گوتیان: «تۆی ژنی ئاغای نیکۆلافسکی؟ وەرە خوارێ بتبینین.» نینا نەیدەزانی چبکا؟ سەروقژی ڕێک بکا یان دەستێک بە دەموچاویدا بێنێ؟ تەنیا پێکەنی. درگاکەی کردەوە و بە ژنەکانی گوت: «ئێرە کوێیە من هاتووم؟» لە ژوورێکی ماڵە دارینەکەدا کە کاتێک بە سەریدا دەڕۆیشتی تەقەتەقی دەکرد، جێیان بۆ کردەوە. سندووقەکەیان لە نێوەڕاستی دیوەکە دانا. ژنێکیان گوتی: «کۆترەکان؛ خۆ کارێکتان نییە؟» درگای پێوەدا و ڕۆیشت. دیوەکە چکۆلە بوو. نینا گوتی: «خۆ قەرەوێڵەشمان نییە.» میلا گوتی: «بە درووستکردنی دەدەم.» نینا سندووقەکەی کردەوە. فەرشە دیوارییەکانی هێنا دەرێ. گوتی: «ڕەفحە و

قەفەزەشمان نییە پەرداخ و دەوری و قوتووی دەرزی و دەزووەکانمی لە سەر دانێم.» درگای سندووقەکەی داخست. لەسەری دانیشت و بە میلای گوت بریا نەهاتبایەن بۆ ئێرە و لە قوڵپەی گریانی دا. میلا گوتی: «لانیکەم فەرشە دیوارییەکان داکوتە.» چوو بۆ لای نینا. دەستی بە قژیدا هێنا. فەرشە دیوارییەکانی لە نینا وەرگرت و لە سەر عەرز ڕایخست. هەردووکیان لەسەری درێژ بوون و یەکتریان لە ئامێز گرت. بە دەنگی درگا لە خەو هەستان. ژنە هاوسێکانیان بوون. دەیانگوت: «نینا گیان، هێشتا جێگای ئاشپەزخانە و حەمام و دەسبەئاو فێر نەبووی؟ کەی دێیتە دەرێ کۆترە لاو؟» کە شەو داهات، پیاوەکان لە کار گەڕانەوە. هەموو لە دەرەوەی ماڵێ لە سەر مێزێکی درێژی دارین و سەندەڵیی دارین دانیشتن و بە خۆشیی کۆترە لاوەکان، خواردیان و خواردیانەوە. کە سەریان گەرم داهات، لە بیریان چوو مریشک و مراوییەکان بکەنەوە کولانە. هەر لەبەر دەست و پێیاندا دەهاتن و دەچوون. نۆرەی گارمۆن و ڤیولین و ئاکاردۆن و بەزم و سەما هات. کاتێ پەرداخەکان بەرز دەبوونەوە، بە خۆشیی تازەبووک و زاوا لێکدەدران. کازاچۆک و ڕاسباڵ دوایی هات و نۆرە گەیشتە واڵس. منداڵەکان هەر لە سەر سەندەڵییەکان خەویان لێکەوت و مریشکەکان بە چاوی ئاوەڵاوە خەو بردنییەوە. دەستی پیاوەکان لە سەر شانی ژنەکانیان بوو. ژنەکان لە شوێنێکی دووریان دەڕوانی، زۆر بە هێواشی دەستیان بە سەر قامکی مێردەکانیاندا دەهێنا. نینا بە میلای گوت سەرمامە. میلا گوتی: با بڕێکی دیکەش سەما بکەین.» ئەو کاتەی هەرکەسەی بەرەو دیوی خۆی ڕۆیشت، نیوەشەو داهاتبوو. هەر کامەیان شۆخییەکیان لەگەڵ نینا و میلا کرد. نێنا پێدەکەنی و سەری لە نێو سینگی میلادا دەشاردەوە. دوو ژن و مێرد بە میلا و نینایان گوت ئێمە لەگەڵتان دێین؛ و لەدوای کۆترەکانەوە گۆرانییان گوت، هەتا کۆترەکان گەیشتنە دیوەکەیان. میلا گوتی: «زۆر چاکە، ئیدی شەوتان خۆش.» نینا درگای کردەوە. قەرەوێڵەیەک لە نێوەڕاستی دیوەکە بوو. ژن و مێردەکان گوتیان: «شەوتان خۆش کۆترەکان؛ هەتا بەیانی نەخەون.»

درگایان پێوەدا و ڕۆیشتن. کەڕڕەی بەیانی نینا چاوی هەڵێنا. دەنگی هاتوچۆ، زووکە وەرە دەرێ، کوا نان و چایی من، وڵاتی داگرتبوو. میلای هەستاند و گوتی: «وەختی کارە میلا.» کە درگایان کردەوە هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدان. یەکیان گوتی: «باس‌وخواس؟» و قاقا پێکەنی. کاتێ نان و چایان بە پیاوەکان دا، نینا چووە دیوەکەی خۆی. قەرەوێڵەکەی ڕێکوپێک کرد، فەڕشە دیوارییەکانی داکوتا، و لەگەڵ ژنە جیرانەکان قسەی کرد؛ چێشتی لێنا، هەتا ئێوارێ کە میلا هاتەوە. هەموو شەکەت و ماندوو بوون. هەواش سارد بوو. نینا گوتی: «سەروچاوت دەشۆی؟ دەزگای ڕیش‌تاشینەکەتم داناوە.» کاتێ میلا سەروچاوی شت و ڕیشی تاشی و بە خاولی دەموچاوی ویشک کردەوە، بە نینای گوت: «ئێستا دەمەوێ چاو لە تۆ بکەم. ئەمڕۆ چیت کردووە؟» نینا لە سەر لاقی میلا دانیشت. هەر پێکەوە قسەیان کرد و گوێیان بۆ یەکتری ڕاگرت هەتا کاتی خەو.»

خاتوون بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: «وا دیارە زۆر قسە دەکەم. بەڵام کاتێ بیرەوەرییەکانی نینام دێتەوە یاد، وەک پەردەی سینەما هەتا کۆتاییەکەی دەڕوا؛ بێ‌ئەوەی چرکەیەک ڕاوەستانی هەبێ. ماندووت دەکەم لاوە گیان.»

گوتم: «بیرەوەرییەکانی نینا سەرنجی منیشی ڕاکێشاوە. دوایە چی ڕوویدا؟»

خاتوون گوتی: «بۆ حەوتووی دواتر، دیوەکە هەم قەرەوێڵەی لێبوو، هەم مێزێکی چکۆلە بە دوو چوارپێچکەوە، قەفەسەیەکی چکۆلە و سەندەڵییەکی ڕاحەتی بۆ نینا. هەوا سارد ببوو. لە پەنای دیوارەکە کوورەیان دانابوو کە قۆڵەکەی لە پەنجەرەوە دەچووە دەرێ. شەوانە لەبەر ڕووناکایی لەنتەر، نینا لە سەر سەندەڵییە ڕاحەتییەکەی، کەتانە ڕووسییەکانی گوڵدۆزی و ژمارەدۆزی دەکرد. میلاش لە سەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشا و کتێبی دەخوێندەوە و دەکۆخی، و نیناش چایی و شەربەتی سولکامفێری بۆ دەهێنا کە بۆ سنگ دەبوو و ئەوکات تازە هاتبوو، شەوانە خاولیی گەرمی لە سەر

سنگی دادەنا. لە سەرەتای پاییزەوە کە تازە هاتبوون، دوو مانگ تێپەڕیبوو. پاییز خەریک بوو ماڵئاوایی دەکرد. کەتانە ڕووسیەکانی نینا تەواو ببوون. سێ‌دانە ڕوومێزی خڕ بە گوڵەباغ و وەنەوشەوە، چەند دەسماڵی چکۆلە بە گوڵی یاسەوە، شەش‌دانە گوڵدۆزی‌کراو بە گوڵی پێنج‌پەڕی پەمەیییەوە بۆ پاڵ دەوری، چەند دەسماڵی چکۆلە کە پیتی یەکەمی ناوی نینا و میلای لە سەر گوڵدۆزی کرابوو، و چەند دانەش ژمارەدۆزی‌کراو. ئیتر کەتانێک نەمابۆوە. نینا گوتی: «میلا، کاریێ بکە. جاڕز بووم.» نینا لەبەر وەڕەزی لە سەر کڵاوی گوڵێنگداری فەڕشە دیوارییەکان گوڵدۆزی دەکرد، هەتا ئەوەی میلا نۆبەتێی گرت. هەرکارێک ژنەکان دەیانزانی کردیان، تەنانەت دێهاتییەکانیش هاتن نۆشادریان سووتاند. هیچی پێ‌نەکرد. میلا هەناسەی دەرنەدەهات. خڕەخڕ و کۆخە و یاوەکەی زۆرتر بوو. دەبوو بیبەن بۆ شار.»

پرسیم: «بۆ کوێ؟»

خاتوون گوتی: «تاران.»

پرسیم: «بە هاتوچۆی ئەوکاتە هەتا دەگەیشتێ دەمرد.»

خاتوون گوتی: «گوێت لێ‌بێ لاوەگیان. بە ماشێنێک کە ژن و مێردێکی جەحێڵی هێنابوو، هاتن بۆ تاران. ناکرێ بڵێین ماشێن؛ کامیۆن بوو. چەند ڕۆژیش لە بەرزایی و کەلەکان مابوونەوە. نینا گوتی: «میلا؛ دەڕۆین و ناگەڕێینەوە. یانی من کە ئیدی ناگەڕێمەوە.» دەوری و پەرداخ و یەغدانەکەی دا بە ژنە جیرانەکانی. قەرەوێڵەکەی دا بە ژن و مێردەکە. فەڕشە دیوارییەکان، گوڵدۆزییەکان و چەند کەرستەی تایبەتیی خۆی هەڵگرت و خستنیە چەمەدانێکەوە. میلایان خستە نێو ماشێن. مەنقەڵیان لە ژێر لاقیدا هەڵکرد هەتا گەرمی بێتەوە. نینا لای پەنجەرەکە دانیشت. شۆفیرەکە ماشێنی هەڵکرد. نینا سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا و دەستی بۆ ژنە دراوسێکانی هەڵتەکاند. منداڵان کەوتنە دوای ماشێن و مریشک و کەڵەباب و قەل و مراوی بەملا و لادا هەڵاتن و کەوتنە باڵەپڕژە. هەتا میانە ڕێگا خراپ نەبوو.

زۆر تووشـی نارەحـەتی نـەبوون. بـەڵام مـیلا یـاوی هـەبوو. نینـا لـە پەسـتا سەروچاوی میلای بە خاولی تەڕ دەکرد و قژی دادێنا. دەستە گەرمەکانی میلای بە ڕوومەتییەوە دەنا هەتا فێنک ببنەوە. لە پەستا پرسیاری دەکرد: "باشـی مـیلا؟ باشـی مـیلا؟" دوایـە ڕوومەتـە گەرمـەکانی بـە پەنجـەرەی سەهۆڵگرتووی ماشێنەکەوە دەنا. میانە دوکتۆری نەبوو. هەتا تەورێز بەفر وەک سەلکەچۆلەکە دەباری. هەتا بگەنە ئەوێ، ڕۆژێک لە ڕێگا مابوونەوە. ئەو ڕۆژە هەتا نیوەڕۆ لەگەڵ نینۆکەکانی میلا خەریک بوو، هەموویانی کرد. گۆشتی دەوروبەری نینۆکەکانی هەڵکەند. قامکەکانی دەستی شێلا. بە قەڵەم لە سەر نینۆکەکان چاو و برۆی کێشاوە. میلا پێکەنی. نینا گوتی: "باشتری میلا؟" میلا گوتی: "باشم؟" دوکتۆرەکانی تەورێز گوتیان باشترین شوێن، نەخۆشخانەی سۆڤیەتییە لە تاران. گوتی دەیبەم و بەڕێ کەوتنەوە، هەتا زەنجان. لە سەر مەنقەڵی چایی لێ دەنا. لە پەستا ماڵئاوایی شۆفیرەکەی دەکرد.

پرسیم: "خاتوون، میلا مرد؟ حەتمەنە نیناش مرد.»

گوتی: «پەلە مەکە. ڕوون نییە. دەتەوێ دیسانەکە قاوەت بۆ دروس بکەم؟ پێتخۆشە یەکشەممەیەکی دیکە پاشماوەی بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە؟»

گوتم: «پەلە ناکەم، خاتوون. بڕێک سەرمامە. ئێمەش لە بەفرا گیرمان کردووە. دەخۆمەوە خاتوون.» جەستەم گەرم داهاتەوە.

خاتوون گوتی: «نینا هەموو ڕۆژێ لە سەر مەنقەڵەکە بە ئاوی گەرم خاولیی تەڕ دەکرد و بە سەروچاوی میلایدا دێنا. دوایە بە ئاو و سابوون و فلچە، کەفاوێکی دروست دەکرد و بە تیغ، ڕیشی میلای دەتاشی. دوایە ئاوێنەکەی لە بەرامبەر سەروچاوی ڕادەگرت و دەیگوت: «چاو لێبکە، بوویەتەوە تازە لاوێک! خۆ ئێستاکە باشتری؟» شەوێک لە هوتێل قەزوێن مانەوە. دەستی دا ژێربالی میلا هەتا لە دیوەکەی خۆیانەوە بچنە سەرمێزی شێوخواردن. سەروچاوی نینا لەبەر تینی یاوی میلا گەرم داهاتبوو و سوور

هەڵگەڕابوو. میلا سوبیشی نەخوارد. چاوی هەڵنەدەهات. هەر دەیگوت: "با بخەوین. لە شوێنێکی فێنکدا نیناگیان." لە قەزوینەوە هەتا تاران میلا وڕێنەی دەکرد. باسی سەگێکی دەکرد کە بە دوایاندا وەڕیوە. داوێنی نینای کێشاوە. دەیگوت: "بڕۆ، بڕۆ." نینا بەدەست شووشەی پێشەوەی ماشێنەکەی دەسڕی و دەیگوت: "چاو لێبکە. کەسی لێ نییە. ئێستا دەگەینێ. هەموو لایەک سپی داگەڕاوە." بە هەر تەکانێکی ماشێن، سەری میلاش دەجووڵاوە و دەیگوت: "ئای سەرم، نیناگیان." شەوێک بەر لە ساڵی نوێ گەیشتنە تاران. کامیۆنەکە لەبەر درگای نەخۆشخانە ڕاوەستا. لە تارانیش بەفر باریبوو، دەتگوت بووکە و تارای سپی پۆشیوە. نینا درگای کردەوە. هەتا قولاپە لە بەفر ڕۆچوو. گوتی: "چەند ساردە."»

خاتوون هەستا و لە کومێدەکە شاڵە دەسچنەکەی هەڵگرت و بە شانیدا دا و گوتی: «شۆفیرەکە هاتە یارمەتیی نینا. شەقەشەقی ددانی میلا دەهات. بە هەردووکیان دایانگرت. ئاگایان لێبوو نەخلیسکێ. میلا لە پەستا دەیگوت: "نی نی نا گیان." هەتا درگای ژوورەوەی نەخۆشخانە، هەر دەنگی شەقەشەقی ددانی میلا دەهات. کاتێ درگا کراوە، میحرابێکی گەورەیان دیت کە چرای سوور و زەرد و سەوزی هەبوو. هەڵدەبوو و دەکوژاوە. عیسا مەسیح و فریشتەکان و... لە ژێر میحرابەکە بوون. ئەستێرەیەکی تریفەداریش لە سەر میحرابەکە بوو. دوو پەرستار هاتنە یارمەتی. دوای ماوەیەک میلایان بە ڕووتی خستە نێو وانێکی پڕ لە ئاوی گەرم و سەوز، بۆ ئەوەی هەم گەرم دابێتەوە هەم چڵکی لەشی لاچێ. دوایە میلایان ویشکەوە کرد و کراسیان بۆ لەبەر کرد و لە سەر تەختی ژمارە 22 خەواندیان. میلا گوتی: "باشم خەو لێدەکەوێ. بڕۆ نینا گیان." دوایە چاوی قووچاند. بەڵام لاوەگیان، نینا چی کرد؟ چەمەدانەی هەڵگرت و ڕاست چوو بۆ کافەی ژاڵە. هەر ئەو شوێنەی لەوێ میلای ناسیبوو. لە بەردەرکە، لاقی خاوێن کردەوە. کە درگای کردەوە، جێگای دەرزی هەڵاویشتنی نەدی، بە دەوری هەموو مێزەکاندا مشتەری دانیشتبوون. دیسان هەر ئەو مشتەرییانە. ئۆرکێسترایەکی هۆنگری،

چارداشی لێ‌دەدا. نینا هەستی کرد گۆرەوییەکانی بە بەفر خووساوە و قژی لەبەر بەفری نێوڕێ تەڕ و خاو بۆتەوە و پێکەوە نووساون. پیاوەکان چاویان لە نینا نەکرد. نینا هەستی بە خۆشحاڵی کرد. لە تاران بوو. میلاشی گەیاندبووە نەخۆشخانە. خودا هاتبووە یارمەتیی. دیوێکیش لە نهۆمی سەرێ چۆڵ بوو. کاتێک کلیلەکەی وەرگرت، بە هەڵاتن لە پلیکانان وەسەر کەوت. درگای کردەوە. لامپەکەی هەڵکرد. چەمەدانەکەی لە نێوەڕاستی دیوەکە دانا. چاوی بە قەرەوێڵەیەک و مێزێکی چکۆلە و ئاوێنەیەک لە پشتی درگاکە و کومێدێک و پەنجەرەیەک کەوت. چووە بەر پەنجەرەکە. پەردەکانی سپی و شین بوون. لەوبەری شووشەکەوە شەقام دیار بوو کە جارجارە ماشێن یان عارەبانەیەک، هێڵێکی لە سەر سپێتی یەکدەستی شەقامەکە دروست دەکرد. چووە بەر ئاوێنە. دەنگی خەڵک و زرینگە زرینگی لە یەکدرانی پێک و پەرداخی بیست. ئۆخژنی هات. چەمەدانەکەی کردەوە و فەڕشە دیوارییەکانی دەرهێنا. دوو پیاوی میسری بە کڵاوی گوڵینگدارەوە، کە گوڵدۆزی لە سەر کردبوون، لە سەر مێزەکە دانا. بڕیاری دا بیانبا بۆ میلا، بۆ ئەوەی هەست بە دڵتەنگی نەکا. دوایە کەوشەکانی داکەند. قامکەکانی لاقی داماڵی. دەستی تەڕ بوو. هەستا، دەورێکی لێدا. شەوی ساڵی نوێ و تاران. کراسێکی لە چەمەدانەکە دەرهێنا. کراسە چرچ و لۆچاوییەکەی کە لە سەرتاسەری ڕێگادا لەبەری کردبوو داکەند و لە سەر تەختەکەی دانا. جلی تازەی کردە بەر. دەستی بە قژیدا هێنا. کۆی کردەوە و دەرزیقژێکی لێدا. ئاوا باشتر بوو. کەمێ سووراو و سپیاوی کرد و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ. لە پلیکانەکان هاتە خوارێ. لە سەر دوایین پلیکان ڕاوەستا. جێگای چۆڵ نەمابوو. هەموو شوێنە باشەکانیان گرتبۆوە. ئۆرکێسترا ئاهەنگی لێدەدا و هێندێک سەمایان دەکرد. هەر لەوێ لە سەر پلیکانەکان دانیشت و داوای ساردەمەنییەکی لە گارسۆنەکان کە هاواڵی بوون کرد و ویستی جێگایەکی بۆ بدۆزنەوە وەک بنیادەم دانیشێ. لە هاواڵەکانی میلا کەس لەوێ نەبوو. ویستی سەردانێکی نەخۆشخانە بکات؛ بەڵام دەیتوانی چبکا؟»

گوتم: «هیچ شتێ خاتوون؟»

ـ هەروا دانیشت و دانیشت هەتا دوای نیوەشەو. کاتێ مێزەکان بەتاڵ بوون لە دوایین پلیکانەوە گەیشتە شوێنێ کە هەر ئەو مابۆوە و ئۆرکێسترای هۆنگری. ڤیولینژەنەکە لە سەر مێزەکە دانیشتبوو و ئامێرەکەی لە سەر لاقی دانابوو. فلووتژەنەکە لە نێو فلووتەکەیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا کە نەدەبیندراوە. ئاکاردۆنژەن خەوی لێکەوتبوو. بەڵام ڤیولینژەن هەر خەریکی ژەنین بوو. نینا لە سەر چرپایەکی لەهێستانی ڕووبەڕووی ڤیولینژەن دانیشتبوو و لاقی لە سەر لاق دانابوو. کەوشەکانی داکەندبوو و بە سەر یەکدا کەوتبوون. بە هەوای ڤیولینەکە سەری دەلەقاند. ڤیولینژەن گوتی: "خاتوونێ، ماندوو نەبووی؟ ئێمە هەموومان لە شانوپیل کەوتین. خەریکە بەیانی لە درگا بدا." نینا گوتی: "چی؟" و ئاوڕی داوە. چرپاکان لە سەر مێزەکان کۆ کرابوونەوە. گارسۆنێک لە ئاخری هۆڵەکە لە سەر مێزێک خەوی لێکەوتبوو. تەنیا دوو گڵۆپ داییسا. ژەنیار گوتی: "لێیدەمەوە، خاتوونێ؟" نینا گوتی: "بڵێ نینا. تازە هاتووم. لە ترسی سەرما هەڵاتووم."

خاتوون، شاڵەکەی لە شانی توندتر کرد.

ـ ژەنیار گوتی: "لێیدەمەوە خاتوو نینا؟" نینا گوتی: "هەتا هێزت هەیە لێدە. لەمێژە دەنگی ڤیولینم نەبیستووە. لەوانە بوو شێوەکەیشیم لە بیر بچێتەوە. پێم خۆش بوو دیسان ڤیولینم دیتەوە." ژەنیار گوتی: "دەیجا بۆ خۆشیی ئێوەی لێدەدەم. ئەو ئاهەنگەی خۆم زۆرم پێخۆشە. جارجارە کە منداڵیی خۆم وەبیر دێتەوە بە فیتوو لێیدەدەم." نینا گوتی: "ئاهەنگی سێرتسا دەزانی؟" ژەنیار گوتی: "ڕەنگە بزانم. بە فیتوو لێیدە." نینا بە فیتوو لێیدا؛ لە پێشدا هێواش؛ دوایە گوتی خراپم لێدا، لە سەرڕاوە. پاشان دووسێ نۆت دوا بە دوای یەک. دوایە دەنگی ڤیولین هات. نینا گوتی: "ئێستا ئاوا." قامکەکانی لە حەوا بۆ ئەملا و ئەولا برد. ژەنیار گوتی: "ئێستا باشترە؟" نینا گوتی: "نە من چاکی دەزانم نە تۆ." ژەنیار گوتی: "سەما دەکەی خاتوونێ؟" نینا گوتی: "ماندووم." ژەنیار گوتی: "بەتەنیای؟" نینا گوتی: "بەتەنیام." ویستی باسی میلا

بکا کە باسەکەی بردە سەر دەشتی موغان و میانە و تەورێز و... دوایە تێگەیشت ژەنیارەکە ئاهەنگی سێرتسا لێدەدا. نینا گوتی: "ماندوو بووی؟" ژەنیار گوتی: "نا خاتوونێ؛ لەگەڵ چیرۆکەکەی ئێوە دەهاتم. دیارە هەر کەسەی بەسەرهاتێکی هەیە. گرینگ نەگوتنی چیرۆکەکەیە. لەگەڵ من سەما دەکەی خاتوونێ؟" ژەنیار و نینا بە فیتوو ئاهەنگی سێرتسایان لێدا و سەمایان کرد. ژەنیار گوتی: "من ناوم لۆکایە، خاتوو نینا. زۆر خۆشحاڵم ئەمشەو لەمسەری دنیا لەگەڵ تۆ سەما دەکەم." بۆ بەیانی کاتێ نینا لە خەو هەستا چوو بۆ نەخۆشخانە. لە دووکانی تورکەکانی شەقامی ئیسلامبول، پرتەقاڵ و لیمۆترش و قەیسی کڕی و لە دووکانی خاتوو شیبراوا، کە چاوی پەڵەی سووری تێدابوون و دەیانگوت شوومی باش نییە، مریشک و کەڵەشێر و ماسیی شۆگۆلاتی و لیکۆری پرتەقاڵی کڕی کە میلا پێی خۆش بوو. کە لە پلیکانەکانی نەخۆشخانە وەسەر کەوت، لای دیوی ژمارە 22 شۆگۆلاتی بۆ پەرستارێکی هەرمەنی ڕاگرت. پەرستار، دوو ماسیی هەڵگرت کە لە نایلۆنی زەرد و سوورەوە پێچرابوون. میلا لە سەر تەختەکەی خەوتبوو. لە کەلێنی درگاکەوە گوتی: "میلا، من هاتووم." حاڵیی لە پەرستارەکە پرسی. چاوەڕێی وەڵام نەما. چوو بۆ لای میلا. میلا کە چاوی بە نینا کەوت، مەلافەکەی دا بە سەر خۆیدا. نینا مەلافەکەی لادا و گوتی: "میلا، منم، نینا؛ نوقڵی جەژنم بۆ هێناوی." دوایە نێوچاوانی ماچ کرد. "ریشیشت نەتاشیوە." گەرم بوو. میلا گوتی: "سەرمامە." نینا گوتی: "هەموو جێیەک ساردە." و پێکەنی. میلا گوتی: "ئاوم دەیێ. بیکە بە گەروومدا. قومە قومە. خەریکم ئاور بگرم." نینا داوای ئاوی کرد و هێواش هێواش بە کەوچک کردی بە دەمیەوە. میلا دەستی نینای گرت. چاوی قووچاند. پەرستار هات. نینا گوتی: "دەستی گرتم و چاوی قووچاند." پەرستار بە نینای گوت بچێتە دەرێ. پەرژینەکەی بە دەوری تەختەکەی میلادا کێشا. کاتێ پەرستار لە دیوەکە هاتە دەرێ، ئەنگوستیلەکەی میلای دا بە نینا. گوتی: "هی ئێوەیە. مەرگێکی ئارام و جوانی کرد." نینا چاوی لە دیوەکە و لە پەرژینە سپییەکە کرد و گوتی:

"نوقڵەماسییەکەی نەخوارد." گریان ئەوکی گرتبوو. پرستار گوتی: "لێرە نا. نەخۆشەکانی دیکە نارەحەت مەکە. خۆشت هەروا. خۆت دەتزانی دەمریّ." لە نەخۆشخانە هاتە دەرێ و ڕۆییشتەوە بۆ کافە و دیوەکەی خۆی. چاوی قووچاند و لە سەر تەختەکە کەوت.»

گوتم: «یانی میلای نەدەویست؟»

خاتوون گوتی: «بەیچۆن. نینا پێی خۆش بوو میلا زیندوو بێ. لە سەرتاسەری ڕێگا ئەمەی پێ خۆش بوو. تەنانەت ئاوی گەرم کرد. بە فلّچە ڕیشی کەفاوی کرد و تاشیی. ئاوێنەی بەرەو ڕووی ڕاگرت و گوتی: "چاو لێبکە؛ ئێستا باشتری." ئۆدکلۆنی لە دەموچاوی دا. بەڵام سەروچاوی میلا گەرم بوو. دەموچاوی دەنا بە پەنجەرە سەهۆڵگرتووەکەوە. گەرمای سەروچاوی، سەهۆڵەکانی ئەوبەری شووشەکەی دەتواندەوە. دەبوونە ئاو. دەنگی چرپاکەی میلا بوو. دەستەکانی میلا بوون کە مەچەکی دەستی نینایان بەردا: "لەگەڵم دێی بۆ دەشتی موغان؟" بریا نەیگوتبایە لەگەڵی دەچێ. کاتێ چاوی هەڵێنا، شەو بە سەردا هاتبوو. دیسان قریشکوهۆڕ و هەراوزەنا دەگەیشتە دیوەکەی نینا. پەنجەرەکەی کردەوە. تەزوویەکی سارد هاتە دیوەکە. دەنگی ئۆرکێسترا و دەنگی چەپڵەڕێزیان دیوەکەی تەنیبۆوە. نینا لە دیوەکە چووە دەرێ. بەر لەوەی درگا پێوەبدا، لە ئاوێنەکە چاوێکی خێرای لە خۆی کرد. کێ دەزانێ میلا مردووە؟ لە پلیکانەکان هاتە خوارێ. لە دوایین پلیکان دانیشت. داوای ساردەمەنییەکی کرد. کاتێ بۆیان هێنا و خواردییەوە، گەرم داهات. خەریکبوو چاوەکانی تەڕ بن، لەناکاو دەستێک دەستی نینای ڕاکێشا و گوتی: "شەوی ساڵی نوێ و تەنیایی خاتوونێ؟" هەموو خەریکی سەما بوون. نیناش. چارداش، دوایە هەر سەمایەکی بیزانیبایە یان نەیزانیبایە. هەتا سەماکان تەواو بوون و سەماکەرەکان لە سەر چرپاکان پاڵ کەوتن. دەقیقەیەکی مابوو بۆ کاتژمێر دوازدە. بێدەنگی وڵاتی داگرت. دوایە دە چرکە، دوایە نۆ چرکە... دوو چرکە، یەک چرکە. چراکان کوژانەوە. ساڵ نوێ بۆوە. هەرکەسەی دەستی یەکێکی گرت. دەنگی پێکەنین، جووڵەی چرپاکان،

جموجۆڵی بنیادەمەکان، خرمەی کەوتنی پەرداخێک بە سەر عەرزدا، قاقا و پاشان بێدەنگی. کاتێ چراکان هەڵکرانەوە، لۆکا بەرامبەر بە نینا وەستابوو. لۆکا گوتی: "ساڵی تازەش هات، خاتوونێ." نینا گوتی: "ساڵی نوێت پیرۆز." لۆکا گوتی: "لە تۆش پیرۆز." نینا گوتی: "میلا مرد." لۆکا گوتی: "ساڵی نوێیە خاتوونێ. سەمام لەگەڵ دەکەی؟" چراکان چواری بەیانی کوژانەوە. لۆکا ماتۆرە شڕەیەکی سایدکاری هەبوو کە لە تەنیشتییەوە جێگای کەسێک بۆ سواربوون هەبوو. چواری بەیانی، لۆکا ماتۆڕەکەی هەڵکرد و لەگەڵ نینا بۆی ڕۆیشتن. لۆکا گوتی: "بۆ ئێمەی قەرەج، لە هەموو شوێنێک ئەوین هەیە." نینا چاوی قووچاند و گوتی: "هەر توند مەڕۆ؛ هەموو شوێنێک سەهۆڵبەندانە." ئیتر کەس چاوی بەوان نەکەوتەوە.»

بەری بەیان بوو. حەسابوومەوە.

خاتوون گوتی: «کوڕە گیان دیتت ئاخری چی لێهات؟ بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن.»

چاوم لە وێنەکانی نینا دەکرد.

خاتوون گوتی: «چەندەم پێخۆش بوو ئەم چیرۆکە، چیرۆکی نینا، بگێڕمەوە. هەر تۆ سەرنجی گوڵدۆزیی ڕوومێزییەکەت دا. شەوانە کاتێ جگەرە دەکێشم و بیر لە نینا دەکەمەوە، چاوم دەقووچێنم و خۆڵەمێشی گەرمی جگەرەکەم دەکەوێتە سەر ڕوومێزییەکە و کونی دەکا. واز بێنین. لاوەگیان، چایی و نوقڵەماسییەکی بەتام دەخۆی؟»

گوتم: «بەڵێ، خاتوونێ.»

خاتوون چایی هێنا. چەند نوقڵەماسیش کە لە نێو نایلۆنی بریقەداری ڕەنگیدا پێچرابوونەوە.

گوتم: «چ سەیرە، خاتوون! ڕاست وەک ئەو بەسەرهاتەی گێڕاتەوە.»

خاتوون گوتی: «بەڵام لاوەگیان ئەم بەسەرهاتە هێشتا تەواو نەبووە.»

گوتم: «بۆچی خاتوون؟» دوایە چاییەکەم خواردەوە.

خاتوون شاڵەکەی لە سەر شان‌وپیلی ڕێک کرد و گوتی: «نا کوڕم، کاتێ لەگەڵ لۆکا ڕۆیشتم تێگەیشتم هیچ شوێنێ لەو شوێنەی بۆ یەکەمجار ئەوین هاتۆتە ئامێزم، خۆشتر نییە. خۆ کەس نەیدەناسیم. لۆکاش قەرەجێک بوو. ڤیولینەکەی هەڵدەگرت و دەگەڕا، لە ڕۆخی ڤۆڵگا یان دانووب. بەڵام من هەر لە نیوەی ڕێ گەڕامەوە. فەڕشە دیوارییەکانم لە چەمەدان نا و ون بووم. هەتا بوومە خاتوو ئانا. کەس نینای نەدەناسی. بێجگە لە تۆش کەس نازانێ خاتوو ئانا کێیە. من ئەو بەسەرهاتەم بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە، کوڕی باش. پێم‌خۆشە بەر لەوەی بڕۆی...»

هەستا. گڕامافۆنەکەی قورمیش کرد. گڕامێکی هەڵگرت. لە سەر گڕامافۆنی دانا.

ـ هەستە سەما بکەین.

چرای کوژاندەوە. لە دەرێ بەفر دەباری.

ـ لۆکا هەتا کوێ دەڕۆین؟

ـ تا ئەو شوێنەی تۆ پێت‌خۆشە نینا.

ـ میلا هەتا کوێ دەڕۆین؟

ـ تا ئەو شوێنەی تۆ پێت‌خۆشە نینا.

دەنگی گڕامافۆن وڵاتی داگرتبوو.

پاییزی ٧٠

**تۆفیق یۆسف عەوواد**



ساڵی ١٩١١ لە گوندێکی باکووری لوبنان لەدایک بوو. هەر لە سەردەمی قوتابخانەوە بەرەو لای ئەدەبیات هات و بەردەوام کتێبی عەرەبی و فەڕانسەوی دەخوێندەوە.

ساڵی ١٩٢٣ چاپخانەی «کاتولیک» دوو کتێبی پێدا کە لە فەڕانسەوییەوە بیکا بە عەرەبی، بەو مەرجەی هەر پیتی یەکەمی ناوەکەی «ت.ع» لە سەر بنووسێ.

لەگەڵ کۆڤارە ناودارەکانی سەردەمی خۆی هاوکاری کردووە. وەک «العرائس، المشرق، البرق، الندا، البيرق».

پاش مردنی وەدیع عەقڵ، بەرپرسی نووسینی کۆڤاری «الراصد» کارەکەی ئەو کەوتە ئەستۆی عەوواد و پاشان بوو بە بەرپرسی نووسینی کۆڤاری «النهار».

ساڵی ١٩٤٦ بانگ کرایە نێو کاری ڕامیاری و بوو بە باڵوێزی لوبنان لە ئارژانتیندا. هەروەها لە وڵاتانی ئێران، ئیسپانیا، ژاپۆن و ئیتالیادا وەک باڵوێزی لوبنان کاری ڕامیاری کردووە.

ساڵی ١٩٧٥ خانەنشین کراوە.

ساڵی ١٩٨٨ لە جەنگەی شەڕی ناوخۆی لوبنان،ماڵەکەی کەوتە بەر خومپارەیەک و وێڕای کچەکەی کوژران.

هێندێ لە کتێبەکانی ئەمانەن: کوڕەشەلە، گەڕۆک و وەرگێڕ، کاروانەکانی زەمان، تۆزی ڕۆژگار، نان، خەرمانی تەمەن، کیژۆڵەکان، ئاشەکانی بەیرووت کە یەکێ لە سەد ڕۆمانە عەرەبییە مەزنەکانە.

# چلە

دوێشەو سەعات دوازدەی نیوەشەو لە دەرکەی وەتاغەکەم درا. هەستام و کردمەوە. لەپڕ چاوم بە تاپۆیەک کەوت. تاپۆکە کەشەفێکی پڕ لە کەیک و شەمی هەڵکراوی پێبوو.

وتم: تۆ کێی؟ ئەمە چییە پێتە؟

شانێکی تێکوتام و ڕێگای خوی کردەوە و بە کەشەفەوە هاتە ژووری. تیشکی شەمەکان ڕوومەتی کزی ئەویان ڕووناک کردبوو.

وتی: ـ نامناسی؟ زۆرم پێ سەیرە؟ وەرە دانیشین... بۆ تۆ هەر ئەوەندە بەسە کە بزانی من وەبیرم هاتەوە ئەمڕۆ جەژنی لە دایکبوونتە و ئەم دیارییەم بۆ هێناوی...

هێندێ شەرم دایگرتم و گوتم:

ـ ئەها... ئاوا... ئەم شەمانەش

ـ چل دانەیە

وەک کەسێ ناقووسێ لێدا، ئەمەی گوت و کەشەفەکەی لە سەر سفرە دانا. هەروا کە تەماشام دەکرد لیکم بەربۆوە. ویستم وەک دابونەریتی جەژن شەمەکان بکوژێنمەوە.. بەڵام ئەو بە قوڵی، بەردەمی گرتم و ڕوخساری لە هێمنی میوانێ گۆڕا بە دڵڕەقی فەرماندەرێ.

ـ بەر لەوەی فووی لێ کەی، دەبێ لە شتێ دڵنیا بم...

ـ لە چی؟

ـ دەتوانی بە یەک کەڕەت بیانکوژێنییەوە؟

ـ ئەگەر نەمتوانی چی دەبێ؟

ـ خێرا دەمری!

زۆر ترسام. گوتی:

- دەیجا سنووری خۆت بزانە و دانە دانە فوویان لێ کە.

ئۆخژنم هات، بەڵام وردە وردە لەم قسانە کە شیاوی میوانێ نەبوو و لە خاوەن ماڵێکیش نەدەکاڵاوە، نارەحەت بووم. فووم لە یەکەم شەم کرد. دووکەڵێکی باریکی لێ هەستا و وردە وردە مەیی و بوو بە زارۆیەکی ڕەزاسووک. قسەکانی شاگەشکەی کردبووم. کاتێ ئەمانەم دی، ترسەکەم زۆرتر بوو.

- دەیناسی؟

- نا!!

- هەر کاتێک خۆت ناسی، ئەویش دەناسی.

بە دەست ئاماژەی بە مناڵەکە کرد. ئەویش بە گاگۆڵکێ بە سەر سفرەکەدا ڕۆیی و لە سەر سەندەڵییەک لە ئاخرەوە دانیشت.

- فووی لێ کە!

داچڵەکیم و فووم لە دووهەم شەم کرد. وەک دوایی دووکەڵێکی لێ هەستا و بوو بە مناڵێکی دوو ساڵە. میوانی جادووباز بێ ئەوەی شتێکم لێ بپرسێ ئاماژەی بە منداڵەکە کرد. ئەویش هەستایە سەر لاقە لەرزۆکەکانی و خێرا چووە لای هاواڵەکەی دانیشت. فووم لە شەمی سێیەم کرد... لە چوارەم... هەتا دە شەم. هەر جارەی مناڵێکی لێ دەردەهات لەوی دیکە گەورەتر. بە دڵەخورپەوە قیژاندم:

- ناسیمەوە... هەموویانم ناسییەوە...!

- فووی لێ کە!

دەستم پێکردەوە. زنجیرەکە بوو بە مناڵ و مێرمناڵ و جەحێڵ، هەتا ئەوەی دیوەکە پڕ بوو. تەنیا شەمێ مابوو. سەرم هەڵێنا، سی و نۆ دانە «من» چاویان تێبڕیبووم. هەموو کڕ و کپ. تەزوویەکی سارد بە لەشمدا هات. پشووم سوار ببوو. لە پڕ دەنگێکی زەلام بێدەنگیی شکاند:

- بیکوژێنەوە!

هەموو هێزی خۆم کۆ کردەوە و فووم لێکرد. شەمەکە کوژاوە. ئاوڕم داوە. تاپۆکە خۆی بڕێک لە بەرامبەرمدا ڕاوەستا. دوایە لە دووکەڵەکەدا ون بوو. هەموو یەکجێ لە سەر سفرەکە هەستانە سەر پێ و ڕیزیان گرت و دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن و هەڵپەڕکێ بە دەورمدا. پاش سێ دەور بە کۆڕ لە کەشەفەکە نزیک بوونەوە بە چەشنێ کە سەریان لێک دەکەوت. دەستیان کرد بە بۆن کردن و سرتە و چپە. بەشی یەکەم بە ڕیز هاتنە پێش. سەردەستەکەیان کوڕی یەکساڵە بوو. دوو ساڵە هەتا دە ساڵەش لە دوای یەک ڕیز ببوون. دە دەس بۆ لای دە لەت لە کەیکەکە هات و ڕفاندیان. دوایە پێم پێکەنین. دەنگی پێکەنینەکەیان وەک شریخەی زێو لە دیوەکەدا دەنگی داوە.

وتیان: ئێمە کایە و پاکوخاوێنین.... ئێمەت لە بیرە؟!

هەڵپەڕینەوە. ویستم گۆنا سوورەکەیان ماچ کەم و بۆن بە قژە ئاڵۆزکاوەکەیانەوە بکەم، بەڵام لە ناو دووکەڵێکی باریکدا لە بەر چاوان ون بوون. دوای ئەوان دەستەی دووهەم هاتن. لە کوڕی یازدە ساڵەوە هەتا بیست ساڵە. ئەوانیش بەشی خۆیان خوارد و گوتیان:

ـ ئێمە ئاوات و دەرسین... ئێمەت وەبیر دێتەوە؟

دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ. هەرام لە دانەیەکیان کرد کە لە شتی نوێ تەنیا کتێبێکی لە ژێر باڵ نابوو. یان لاوازێکیان کە دوو چاوە کاڵەکەی شێتی کردبووم. یان گۆشەگیرێ کە ویستم هۆی کارەکەی بپرسم و دەس بە سەر زامی مەزنایەتییەکەیدا بێنم. یان شاعیرێ کە بەزەییم پێیدا هات... بەڵام ئەوانیش ماڵاواییان کرد و ڕۆیشتن...

دوای ئەوان کوڕی بیست و یەک ساڵە هەتا سی ساڵە هاتن. ئەوانیش بەشی خۆیان خوارد. دوایە دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی:

ـ ئێمە جەحێڵی و ئەوینین.... ئێمەت لە بیرە؟

لە پڕ دیوەکە بوو بە مێرگێکی سەرسەوز... مانگی سەر کەل بە تیشکە هێمنەکەیەوە... خشەی جلێکی هاورێشمی... پێ دانان لە سەر زەمەق...

خەیاڵی قامکەکان کە بەرەو دار درێژ دەبوون... بڵاوبوونەوەی سێوەکان، دەڵێی لە سەر ئەو لقانە ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە... مۆسیقای ماچ لە نێو ئاوی گۆلدا...

ویستم بۆ لایان بفڕم و بەشداری کۆڕەکەیان بم. بەڵام نۆ دانەی دوایی خێرا گرتمیان و یەکدەنگ گوتیان:

- تۆ هی ئێمەی... هی ئێمەی...

دنیا و خاوەنەکانی ڕۆیشتن. نۆ دانەی دوایی بەشە کەیکی خۆیان هەڵگرت و دەرخواردیان دام. گوتیان:

- ئێمە ماڵ و کارین... ماڵ و کار...

هەڵیانپەڕاندم. ڕەزایەتی لە نێوچاویان دەباری. عارەق و خوێنیشیان پێوە دیار بوو. چاویان پڕ بوو لە شەکەتی و دەمیان لە بەر هاتەران پاتەران هیلاک ببوو. ئەوانیش بەجێیان هێشتم و ڕۆیشتن. لە پڕ تاپۆکە شەق درگای پێوەدا و گەڕاوە و ڕووبەڕووم دانیشت. هەر دوو دەستی کردە سەرینی چەناگەی. وەک بت کڕوکپ بوو. گوتم:

- پێیان بڵێ بێنەوە.... هەموویان.... لە سەرەتاوە تا دوایی...

دای لە قاقای پێکەنین، بە چەشنێ هەستم کرد زەوی ژێر پێم دەلەرێتەوە. دەستە لاوازەکانی بۆ لای سفرەکە درێژ کرد و شەمە کوژاوەکانی خڕ کردەوە و ویستی بڕوا. خۆم خستە بەر پێی:

- وەرە با سەر لە نوێ هەڵیانکەینەوە و بیانکوژێنینەوە...

ڕاوەستا و ئاوڕی داوە:

- بە ڕاستی پێت خۆشە؟

وتم: تکات لێدەکەم!!

هات دانیشتەوە. هەموو شەمەکانی بە دەستەوە گرت و تێکەڵی کردن. بوو بە شەمێکی زۆر گەورە. بە دەمی گڕێکی لە نووکی شەمەکە دا و هەڵیکرد. بە سەرسووڕمانەوە چاوم لێکرد. بەڵام ئەو بە هێندی نەزانیم و شەمەکەی لە بەرامبەرمدا چەقاند. لە خۆم زەلامتر بوو. هەستامە سەر پێ و فووم لێکرد.

دەتگوت دیرۆکی جندۆکانە. بە تەواوی هێزمەوە فووم لێکرد. لە پڕ لە پشت شەمەکەوە تارمایی‌یەکە هاتە دەرێ. چارۆکێکی سپی بە شانەوە بوو. قیژاندم:

ـ دەڵێی ئەم ژنە دەناسم... بەڵام ئەی بۆ جلەکەی لە هاوڕێشم نییە؟... ئەی بۆ لاقەکانی قەڵەشیوە؟ سێوەکانی دەستی چۆن ڕزیون؟

ـ فووی لێکە... لێ...

فووم لێکرد. لە نێو دووکەڵەکەدا چوار تارمایی بە ڕەنگی گوڵەباغ پەیدا بوون.

ـ دەڵێی ئەم منالانەش دەناسم. ئەی ئەمانە هەر خۆم لە شەمەکانی یەکەمدا نیم؟

لە پڕ منالەکان خۆیان بە ژنەکەوە هەڵواسی: یەک چووە باوەشی، یەک چووە قەلاندۆشی، یەک خۆی بە بەرۆکیدا هەڵواسی. یەک پەڕییە کۆڵی. ژنەکە بە سەر دڕک و داڵ و خیزدا دەڕۆیشت و لە سێوەکان هەنگوین و شیری دەگرت و هەر کە تەواو دەبوون فرمێسکەکانی بەر دەبوونەوە. فرمێسکەکانی زۆر سەیر بوون... لە نێو ئەو سێوانەی خەریکی ئاودانیان بوو، پێکەنین دەدرەوشایەوە. چاوم لە تاپۆکە کرد و گوتم:

ـ ئەی من؟ من کوانێم؟

ئاماژەی کرد کە فووی لێکەم. دەستم پێ کردەوە. بووە چرەچەمانێ خەریک بوو کوێرم کا. لە پڕ ڕوخسارە تێکەڵاوەکان هاتنەوە. هەموویان بێ‌پسانەوە زاریان دەکردەوە و لە پەستا کتێبیان لێ دەهاتە دەرێ.

ـ من؟ من کوانێم؟

هاوارەکەم لە ناخی دڵمەوە بوو. لە پەستا وەک شێت فووم لە شەمەکە دەکرد. کتێبەکان بە خشەیەکی پڕ لە ژان دەدڕان. دەتگوت ژانی ڕۆحکێشانە. پەڕەکان لە حەوادا دەشەکانەوە. پەڕەیەکی ڕەش پاش سەمایەک کەوتە سەر ڕوومەتم. دیسان قیژاندم:

ـ ئەی من؟ من؟ من؟

پرم دایە پەڕەکە. پیتەکانی لە بەینی قامکەکانمەوە بە گاڵتە زمانیان دەردەهێنا. بە تووڕەیی‌یەوە گڕمۆڵەم کرد. خوێنێک ڕژایە سەر عەرز...

- دەمەوێ ئەم شەمە شوومە بکوژێنمەوە...

گەڕامەوە و سنگم پڕ کرد لە تۆفانی ڕق و تووڕەیی و ناهومێدی. بەڵام وەک هاواری گیانەڵڵا کارێکی لە شەمەکە نەکرد. بڕیارم دا فڕێی دەمە نێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە. هەر کە دەستم بۆ برد چزە لە قامکەکانم هەستا. قیژاندم بە سەر تاپۆکەدا:

- لایبە لێرە... لایبە....

بە هێمنی هەستا سەر پێ و گوتی:

- نا، بەجێی دێڵم بۆ تۆ... دەنا....

- دەنا چی؟

- خێرا دەمری!

قیژاندم: تو کێی؟

- ژیان

ئیتر لە دەرکەوە ئاوا بوو.

# مارا و پادشا

لە سەردەمایەکدا پادشایەک بە ناوی یارووت دەژیا. یارووت پادشایەکی گەورە و بەهێز بوو. بەڵام ئەویش تووشی نەخۆشی پادشاکان ببوو و لەبەر بێئۆقرەیی دەیناڵاند. کۆشکەکەی لە ڕۆخی چۆمێک بوو کە وڵاتی دەکردە دوو بەش: شاری سەروەرەکان کە بۆخۆی سەرۆکیان بوو، شاری کۆیلەکان. یارووتیش وەک باب و باپیرانی کە هیچکات نەچووبوونە ئەوبەری چۆم و چاوی هیچیان بە کۆیلەیەک نەکەوتبوو، هەموو کات لە کۆشکدا دەژیا و هەر سەروەرەکانی وەبەر چاو دەهات.

ڕۆژێ کاربەدەستەکانی بانگ کرد و گوتی: گەمییەکم بۆ ساز بکەن دەمەوێ بچمە ئەوبەری چۆم!

هەواڵەکە بڵاو بۆوە. سەرۆکی کاهینەکان هات و گوتی: گەورەم! مەڵبەندی کۆیلەکان شیاوی پێی پیرۆزی پادشاکان نییە. سەرۆکوەزیر هات و گوتی: دیمەن و قەڵافەتی کۆیلەکان چاوی پادشاکان دێشێنێ و شەڕەفیان بریندار دەکا.

سەرۆکی خواجەکان گوتی: بە بڕوای سەرۆکی گەورەم، چما کۆشک هەر پەنجەرەیەک و هەر چاوێکی نییە بەرەو شاری سەروەرەکان؟! لەو بەینەدا هەر شاعیری پادشا بێدەنگ مابوو. لە کاتی دیاری کراودا گەمییەک ڕازاوە و تەیار و ساز کرا: فەرشی هاورێشمی لێ ڕاخرا، بادەوەی لێوار زێڕینی لێهەڵواسرا و کاربەدەستەکان چاوەڕێ مان و لە یەکتریان دەپرسی: بڵێی پادشا کێ بۆ هاوسەفەری خۆی هەڵبژێرێ؟! بەڵام پادشا ئاوڕی نەداوە. سواری گەمییەکە بوو، بە سەرۆکمەلەوانی گوت: خێرا بڕۆ بەرەو لێواری دیکەی چۆم!

کاتێ شاری کۆیلەکان وەدەرکەوت خۆر لە ئاوا بووندا بوو. دارە خورماکان سەریان لە ئاسمان دەسوو. لە پشت دارستانەکەوە هێندێ کۆخ دەبیندرا کە لە برێ شوێندا لە نزیک یەک و لە هێندێ جێگەدا لێک بڵاو بوون. ڕەنگی کۆخەکان وەک ڕەنگی ئاسۆیەکی خەمین و وەک بێدەنگیی خەمبارێک، کڕوکپ بوون. بڵێی کۆیلەکان بت بن؟! بڵێی کۆیلەکان مردوو بن؟!

گەمی بە فەرمانی پادشا ئاوی دەبڕی هەتا لێوارەکەی دیکە وەدەر کەوت. لە پشت کۆمەڵێ دار، تەپۆڵکێ سەری دەرهێنا. لەوێوە دەنگی قریوە و قاقا و گۆرانییەک دەهات کە پادشای زەمان بە عومری شتی وای نەبیستبوو.

ئاماژەی بە سەرۆک مەلەوان کرد: زوو بە، بەرەو دارەکانی لای پێچی چۆمەکە بڕۆ!

***

کوڕ و کچێکی ڕووت و قووت مەلەیان دەکرد. کایەیان دەکرد. قوڕیان هەڵدەگرت و بۆ یەکتریان دەخست. لە نێوان ئاو و بەژدا هەڵاتهەڵاتیان بوو. شەڕیان دەکرد و دەیانگوڕاند. کچە دەگریا و کوڕە پێدەکەنی. کوڕە خۆی لە ئاوەکەدا نوقم دەکرد و کچەش خۆی دەخستە نێو ئاوەکە، هەڵدەستاوە و بە ڕاست و چەپدا بۆ کوڕەکە دەگەڕا، کچەکە بۆ هەرکوێ بچووبایە، گەمییەکەش ڕووی لەوێ دەکرد؛ هەتا ڕوخسارە قوڕاوییەکەی کچە لە ڕوخساری پادشا گرێ درا.

چاوەکانی دوو چرای پڕتیشک بوون کە لە تاریکی شەودا دەدرەوشانەوە؛ دوو سکڵ بوون کە لە دڵی پادشادا هەڵگڕان، بۆیە گوڕاندی بە سەرهاوڕێکانیدا: ئەو کچەم بۆ بێنن!

گەمی کچەکەی هەڵگرت و ڕووی کردەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو. کوڕەکە کەوتە دوای گەمییەکە، هاواری دەکرد و دەستی ڕادەوەشاند هەتا گەمییەکەی گرتەوە و دەستی پێوە گرت، ویستی سەرکەوێ بەڵام شیلاقێ

سەر و چاوی ماچ کرد. کەوتەوە نێو ئاو و ڕوخساری بە خوێن سوور هەڵگەڕا، دوایە وەک شێت بەرەو لێواری چۆم هەڵات، پادشا کچەکەی لای خۆی ڕاکشاند و بە عەباکەی نیوەی گیانە ڕووتەکەی داپۆشی و نووشتاوە هەتا چاو لە نیوەکەی دیکە بکا. بە نۆرە عەباکەی بە نیوە ڕووتەکەی دیکەدا دەدا و ئەوی دیکەی وەدەر دەخست. دوایە لە دڵیدا پێدەکەنی و دڵنیایی بە خۆی دەدا کە ئاخری قاتڵی بێئۆقرەییەکەی دیتەوە.

لێی پرسی: "ناوت چیە؟" چاوەکانی هەروا لە پادشا بڕیبوو. وەڵامی نەداوە. دیسان پرسی: "کچەتیو! ناوت چیە؟"چاوەکانی قووچاند. پادشا پڕبە مشتی پەلکەکانی گرت و دیسان پرسی: "ناوت چیە؟ ئەوە پادشای زەمانە پرسیار دەکا". کچ بە هەردوو دەست سەر و چاوی خۆی داپۆشی. با لە لێوارەکەی دیکەوە هاوارێکی هێنا. هاوارەکە سنگی شەوی دڕی و تەختەکانی گەمییەکەی بڕی: "مارا! مارا! مارا!"

هەرکە مارا گەیشتە کۆشک درایە دەستی ڕازێنەرەکان هەتا بۆ پادشای بڕازێننەوە. مارا بە سەری شۆڕ و لیباسی قوڕاوییەوە بەرەو حەمام وەدوویان کەوت. شاژن و گراوەکانی کۆشک بە دزییەوە چاویان لە نێو حەمام دەکرد و ئەم ئابڕوو چوونەی پادشایان دەچرپاندە گوێی یەکتری.

"یارووتشا شێت بووە." ئەمە قسەی ژنەکان بوو. سوێندیشیان خوارد قەت پێ نەنێنە حەمامێک کە کچە کۆیلەیەک بە قوڕی لەشی پیسی کردووە.

مارا زۆر زوو بە سەری بەرزەوە لە حەمام هاتە دەرێ، بە چەشنێ کە قەت شاژنێک بەم شکۆیەوە سەری بەرز نەکردبوو. پەلکەکانی سەر شانی وەک ئابنووس لە سەر عاج بوون. دیمەنی دڵڕفێنی بن ژێرکراسی هاورێشم کە پادشا بۆ شەوانی زەماوەند دەستووری ئەم کراسەی دەدا، وەک دیمەنی هەست بزوێنی مانگ لە ژێر هەوردا بوو.

ئەمانە دوو مەمک بوون یان دوو کۆتری سلۆک؛ چونکە دەیانویست کراسەکە بدڕن، هی دانەیەکیشیان لەبەر سەربزێوی درزی بردبوو. ژنانی کۆشک بە سەرسووڕمانەوە گەڕانەوە. لۆی لیباسەکانیان کۆ دەکردەوە و

قامکی خۆیان دەگەست. بە درێژی شەویش ئەم شان و ئەو شانیان دەکرد و خەویان بەو جێخەوەوە دەدی کە ئەوینەکەیانی لێ زەوت کردووە.

ئاخری بەیان ئەنگووت، بەڵام نەک بەو چەشنەی هەموو چاوەڕوانی بوون. ئەوە بۆچی یارووت لە سەر تەختەکەی دانەنیشت؟ بۆ کاربەدەستێکی وەرنەگرت؟ بێدەنگ، ڕووگرژ و مۆن، چێشتەکەی فڕێ دەدا، پەرداخەکە دەخا بۆ ئەو کەسەی شەرابی بۆ هێناوە، وەک بەوری نێو قەفەس هەر دێت و دەچێ. تەواوی دانیشتوانی کۆشک سەریان سووڕ مابوو. کە ئێوارە داهات گوتیان: ڕەنگە ئەمشەو ئەم گرفتە لاچێ. بەڵام بۆ بەیانی چاویان بە کاری چاوەڕواننەکراو لە پادشا کەوت: کاتێ سەرۆکوەزیر بەڵگەنامەکانی حکوومەتی بۆ برد هەمووی لە پەنجەرەوە حەوا دا. ڕۆژی سێهەم سەرۆک وەزیری دەرکردە دەرێ! ڕۆژی چوارەم ویستی خۆی حەوا دا بەڵام سەرۆکی خواجەکان هات و بەری گرت. ڕۆژی پێنجەم سەرۆکی ڕازێنەرەکان پرسی بە حەنەکچی پادشا کرد. پێکەوە شەوێکی خۆش و شیرینیان ساز دا هەتا پادشا ئۆقرە بگرێ. حەنەکچی جوانترین یارییەکانی پێشکەش کرد. دوای ئەو ژنانی کۆشک دەستیان کرد بە سەما و هەڵپەڕکێ. جوانییەکانیان وەدەر دەخست. خۆیان دەدا بە سەر شانی پادشادا، خۆیان دەخستە باوەش و بەرپێی. بەڵام پادشا هەر وەنەوزی دەدا. کاتێ وەخۆ هاتەوە دەستووری دا ژنەکان بە قژەوە لە زیندانی کۆشکدا هەڵواسن و حەنەکچیش لە سەر درگای کۆشک لە خاچ بدەن. ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی لە چوار قوڕنەی وڵاتدا بڵاو بۆوە و دەنگۆ پەیدا بوو کە یارووتشا نەخۆشی ئەوینە و دەرمانەکەی لای مارای قوڕاوییە بەڵام ئەو ڕێ داناگرێ، پادشا هەموو ڕۆژێ لە بەردەم مارادا چۆکی دادەدا و لێی دەپرسی:

- چیت دەوێ؟ ماڵی دنیا؟ گەنجی وڵات؟ تەخت و تاج؟

مارا وەڵامی دەداوە: "نە ماڵی دنیام دەوێ، نە گەنجی وڵات، نە تەخت و تاج." سەد شەو و ڕۆژ مارا ویستەکەی نەدرکاند هەتا پادشا وەک شێتی

لیٚهات و وڵات شیٚوا. ژنانی کۆشک کۆبوونەوە و سەرۆکی ڕازیٚنەرەکانیان بانگ کرد."ئەی زیرەکییەکەت بۆ کەی داناوە؟ مەگەر نابینی یارووتشا خەریکە دیق بکا؟"

شەو سەرۆکی ڕازیٚنەرەکان چووە دیوی مارا. پادشاش لەبەر درگا چاوەڕێ ما ـ بە درێژی شەویش هەر نەخەوت و چاوەڕێ بووـ بۆ بەیانی سەرۆکی ڕازیٚنەرەکان بە نارەحەتییەوە هاتە دەرێ و گوتی: با ئەو کچە کۆیلەیە بخریٚتە کونەڕەش و کۆت و زنجیر بکرێ و هەموو ڕۆژێ لەتێ نانی بۆ فڕێ درێ.

پادشا ئامۆژگارییەکەی بەڕیٚوە برد و مارای خستە زیندانی ژنان لە ژیٚر کۆشکدا، چاڵیٚکی پڕ لە ئیٚسک و پرووسکی خەڵک و تاپۆکانیان. هەموو ڕۆژیٚکیش وەک سەگ لەتێ نانی بۆ دەخرا. سەد شەو ڕۆژ بە سەردا هات. بۆ یەکەم بەیانیی پاش سەد ڕۆژەکە مارا لە نیٚو زنجیرەکانیدا جوولاوە و گوتی: "بمبەن بۆ لای پادشا." کە چووە بەردەمی، گوتی: "تەنیا شتیٚکم دەوێ، کە ئەوەت پێ دام منیش ئەوینی خۆمت پێ دەدەم."

یارووت ڕۆحی وەبەر هاتەوە و گوتی:" بیڵێ؛ ئەگەر نیوەی وڵاتەکەشم بێ پیٚتی دەدەم."

وتی: "حەمامیٚکم بۆ دروست دەکەی هەتا خۆمی تیٚدا بشۆم، پڕی دەکەی لە عەتر و عەمەر و گوڵاو و فرمیٚسکی هەژارەکانی سەرسنوور."

بە دەستووری پادشا لە سبەینیٚوە حکوومەت دەس بە کار بوو. سەد شەو و ڕۆژ خەریک بوون هەتا بە پێی دەستووری پادشا و چاکتر لەو، بە مەڕمەڕ و عاج حەمامیٚکیان بۆ مارا دروست کرد و بە فیرۆزە و یاقووت ڕازندیانەوە و لیٚوارەکانیان بە زیٚڕی تیٚزاب نەخشاند. لە چوارقوڕنەی وڵاتیشەوە بە وشتر شووشەی عەتر و عەمەر هات و گوڵی هەموو باخەکان کرا بە گوڵاو. هەموو شتێ ساز بوو، هەر فرمیٚسک نەبێ. پادشا پرسی:" ئەمە لە کوێ بیٚنین؟!"

مارا گوتی: "کۆیلەکانی شارەکەم فرمێسکەکانیان بە فیڕۆ دەڕێژن، بە سەربازەکانت بڵێ لەوێ جەڕەکانیان پڕ بکەن."

سەربازەکان بە پاپۆڕەکانی پادشا بەرەو لێواری دیکە ڕۆیشتن. سەریان سووڕ مابوو، نەیاندەزانی بۆ کوێ بچن، لەبەر هەر درگایەک و لەبن هەر میچێکدا دەنگی گریان دەهات؛ بەڵام ئاواش نەیانتوانی جەڕەکانیان پڕ بکەن. کە گەڕانەوە، مارا بە پادشای گوت: "دەمەوێ لە حەمامەکەمدا فرمێسک شەپۆل بدا." گوتیان: "ڕژاینە سەر هەتیو و کوڕمردوو، برسی و هەژار و ڕێبواریشمان نەبوارد."

وتی: "گەلەکەم خەنیمی فرمێسکن، زۆرتر لەوەی ئێوە گومان بکەن. هەر من دەزانم ئەو خەڵکە چەندە دەگرین، بڕۆن و جەڕەکانتانم بۆ پڕ کەن."

ئێواری سەربازەکان گەڕانەوە و گوتیان: "کیژۆڵەکانمان ترساند. لە مناڵەکان تووڕە بووین، زەوی و زارمان لە نێو برد، تەنانەت فرمێسکی ژێر لێفەی پیاوەکانیشمان گرت."

مارا گوتی: "شێلاق هەڵگرن و دڵۆپ دڵۆپ جەڕەکانتان پڕ بکەن." گوتیان:" ئەم کارەشمان کرد. تەنانەت چاوەکان بە جێی فرمێسک خوێنیان لێدەڕژا. دەتەوێ جەڕەکان لە خوێن پڕ بکەین؟"

مارا ڕووی لە پادشا کرد و بە پێکەنینەوە گوتی: وەک خۆری دەمی ڕۆژاوا حەمامەکەم بە خوێن سوور دەکەم و وەک خۆریش لەوێوە هەڵدێم."

بە دانیشتوانی کۆشکی گوت: "هەتا ئێواریێ کەس لە درگای دیوەکەم نەدا. ئێوارێش دەبێ حەمام پڕ بێ لە عەتر و عەمەر و گوڵاو. فرمێسکی هەژارەکانیش شەپۆلی تێدا بدا."

***

پادشا چووە سەر کۆنگرەی کۆشک و تەواوی ڕۆژ چاوی لە لێواری دیکەی چۆم بڕی و چاوەڕێ بوو سەربازەکانی لە شاری کۆیلەکان

بگەڕێنەوە. بە خۆی دەگوت: " ئەمشەو مارا لە حەمامەکەیدا خۆی دەشوا و دێتە لام، لە حاڵێکدا هەر کراسی سۆز و بۆنی خۆشی لە بەردایە."

ئێواریٚ هات و بەرپرسانی فرمێسک نەهاتنەوە. یارووت لە بەرزایی کۆشکەوە چاوی لە چۆم دەکرد، نە کەسێکی دەدی، نە چپەیەکی دەبیست. لە ناکاو سەرۆکی کاهینەکان وەدەر کەوت، ناڕەحەتی لە ئازای ئەندامی دەباری و کەف بە ڕیشیدا دەهاتە خواریٚ. گوڕاندی: "بڕوانە پادشای مەزن! بڕوانە!"

پادشا چاوی لیٚکرد.

سەرۆکی کاهینەکان بە هەناسەبڕکیٚ درێژەی بە قسەکەی دا: "سەربازێکی هەڵاتوو ئەمەی هێناوە. دەڵیٚ کۆیلەکان جەڕەکان بە سەر سەربازەکاندا دەشکێنن و دەیانکوژن. ئێستاش خەریکن خۆیان تەیار دەکەن هەتا بە پاپۆڕەکانی پادشا هێرش بۆ سەر کۆشک بێنن. بە قسەی سەربازەکە ڕێبەرەکەیان لاوێکە پێی دەڵێن پادشای دوو لێوار. شاعری پادشاش لەگەڵ ئەو لاوەیە و شێعری خەباتیان بۆ دەڵیٚ و داوای حەمامی خوێن دەکا... ئەوەتانێ... جەنابی پادشا ئەوە نزیک دەبنەوە! دیوتە مەشخەڵەکانیان چۆن ئاسمانی ڕوون کردۆتەوە؟ دەبیٚ خۆمان ڕزگار بکەین."

سەرۆکی کاهینەکان گەڕاوە و لە جەڕەکە هەڵکەوت. پادشا چووە لای دیوی پاڵ دیوەکەی خۆی و چەند جار درگاکەی ژەند: "مارا... مارا... مارا..." پادشا شمشێرەکەی هەڵکێشا و وەک هەورە تریشقە گوڕاندی و سەرۆکی خواجەکانی بانگ کرد. ئەویش خێرا بە سەری شۆڕەوە هات و کەوتە بەر پێی پادشا: "سەرم ببڕە قوربان! شەو مارا چوو بۆ باغی کۆشک هەتا لە ژێر تیشکی مانگدا شەوێکی خۆش لەگەڵ جەنابتان بەرێتە سەریٚ... خۆی وای پیٚگوتم. منیش لە ڕۆشنایی مانگەشەودا تاپۆیەکم دیت کە لای دیوەکەتانەوە بەرەو پیری چوو، عەباکەی جەنابیشتی لە بەردا بوو..."

ـ ئەهها... ئەو عەبایەی دام بەم شاعیرە مەلعوونە لە خەڵاتی ئەو چامەیەی بە سەر من و مارایدا هەڵگوتبوو.

سەرۆکی خواجەکان ویستی قسە بکاتەوە بەڵام پادشا ئیزنی پێ نەدا. شمشێرەکەی بۆ داهێناوە و سەری لێکردەوە.

❊❊❊

خەڵکی لێواری دیکە بە ژن و پیاو و گەورە و چکۆلەوە لە سەر گەمییەکان بوون و وردە وردە لە کۆخە بچووک و کۆڵانە تەنگەبەرەکان دوور دەکەوتنەوە. گۆچانەکانیان کردبووە ڕمب و قورگیان کردبووە باڵابان. ئاڵاکەشیان جلە دڕاوەکانیان بوو، لە چاوەکانیشیاندا گڕکانی پڕ ترووسکە جێگەی فرمێسکی گرتبۆوە.

کاتێ ئاخرین گەمی، بۆ ژێروژوور کردنی تەختی پادشا بڕیاری دا خۆی بگەیەنێتە لەشکری گەورە، لە قەراغ لێوار تەنیا کیژێک مابوو کە خەریک بوو ڕوخساری خۆی بە پارچەیەکی ڕەش دادەپۆشی. گوتی: "ئەمن لێرە دەمێنمەوە."

کە ئاخرین گەمی لە ئاوەکەی دا، کچەکە لۆی پارچەکەی لە سەر ڕوخساری لابرد و ڕاوەستا و چاوەڕێی ڕووداوێکی گەورە ما.

مەشخەڵەکان هەواڵی گەیشتنی لەشکریان بۆ لێواری دیکە دەدا: وەک ئەستێرە کە لە کۆڕەکەی جیا دەبێتەوە، لێک جوێ دەبنەوە، لە یەکتر نزیک دەبنەوە و دیسان دوور دەکەونەوە. کۆ دەبنەوە و لەناکاو دەچنە نێو کۆشک و بە دیوارەکاندا هەڵدەگەڕێن و دەچنە سەر کۆنگرەکان.

ئاوری مەشخەڵەکان خوار و ژووری کۆشکیان ڕوون کردبۆوە. ئەمە ئەو مەشخەڵە گەورەیە کە زەوی و ئاسمانی ڕوون کردۆتەوە. مارا هەستی بە تینی ئاورەکە کرد؛ لە گۆنایدا، لە گەروویدا، لە لاقیدا، بڵێی ئەمە لە بەر ئاوری کۆشک بێ یان لەبەر ئاوری دەروونی خۆی؟! تەنیا شتێکی دەزانی؛ ئەمە گەرمایەکی شیرینە و داوای لێ دەکا خۆی بشوا، مەگەر ئێستا هەر شەوە دیاری کراوەکەی حەمام نییە؟

له قەراغ چۆمەکە دەهات و دەچوو. جارێک چاوی لە کۆشک دەکرد و جارێک لە شوێنی پێی خاوسی کە لە بەیانییەوە ڕووت کرابوون، هەروەک ئەو سەردەمەی نەچووبووە شاری سەروەرەکان؛ وەک ئەو کاتەی هەموو بەیانی و ئێواران کچ و کوڕێک دەهاتن و لە چۆمەکەدا مەلەیان دەکرد و قوڕیان لە یەک هەڵدەسوو.

گەیشتە جێگاکەی جارانیان. قەدەرێکی باش ڕاوەستا، قەدەرێکی بە قەد تەمەنێک درێژ، دوایە بە هەردوو دەست پارچەکەی گرت و لە ملیەوە دڕاندی و خۆی بە عەرزدا دا، مەمکەکانی لە قوڕ دەسوو، ڕوخساری لەقوڕ وەردەدا، قوڕی دەجوو. کاتێ لەم کارە پێویستە ڕزگار بوو سەر لە نوێ ڕووبەڕووی کۆشک ڕاوەستا، تیشکی ئاورەکە لە سەر چۆمەکە، چۆمێکی دیکەی دروست کردبوو کە ببووە پردێک لە نێوان هەردوو لێوارەکە و هەردوو شارەکەدا، و داوای لە مارا دەکرد بە سەریدا تێپەڕێ. بەر لەوەی بەرەو پردەکە هەنگاو بنێ جارێکی دیکە نووشتاوە و پڕ بە مستی قوڕی هەڵگرت. توند توند مستی قووچاند و قوڕەکەی گوشی، دوایە چاوەکانی قووچاند و وەڕێکەوت.

قیت و سەربەرز بە سەر پردەکەدا دەڕۆیشت. لاقی لە زیخی چۆمەکە ڕۆ دەچوو. بەڵام چاوەکانی لە ئاوری کۆشک بڕیبوو. ئاور، چاوەکانی گەرم داهێنابوو، زیخەکان لە ژێر لاقی هەڵدەهاتن؛ بەڵام ئەو هەر دەڕۆیشت و دەڕۆیشت و دەڕۆیشت هەتا لە تیشکەکەدا نوقم بوو.

# کیژەکان

ئـەم بـەهارە مـن و دەسـتە خوشـکێکم چـووین بـۆ دەشـتێکی نزیـک. هەریەکـەمان بـەیبوونێکمان چنـی، دوایـە چـووین بـۆ شـوێنێ کـە بـە منـاڵی هاوالێکی نزیک دەساڵەمان لەوێ ناشتبوو.

ڕووبەڕووی یـەکتر ڕاوەسـتاین و دەنکـە دەنکـە گوڵـە وردەکانـمان بـڵاو کردەوە. کە ئەم کارەمان تەواو بوو، هاواڵەکەم ڕووی تێکردم و گوتی: من دەبمە ڕاهیبە.

منیش گوتم: ئەمن زەماوەند دەکەم.

دوایە چاومان لە قەبرەکە کرد و گوتمان: ئەی ئەوە؟! ئـەو نـە زەماوەندی کرد و نـە بووش بـە ڕاهیبـە! ئـەی چۆن مـردووە؟! مەگـەر کەسـێک نـەژیابێ، دەمرێ؟!

بە ڕێگای خۆماندا هاتینەوە. با، گوڵە وردەکانی ئێمـەی بـە سـەر ئاسـمانی دەشتدا خستبووە سەما. بـەڵام مـن چۆن زەماوەندم کـرد و هاواڵەکـەم چۆن بوو بە ڕاهیبە؟! ئەمە دوو شتن کە ئێستا هیچیان لێ نازانـم، بـەڵام چۆنیـەتی مردنی هاواڵەکەمانت بۆ دەگێڕمەوە:

ئـەو بەیانییـە بەیبوونـەکانی گونـدە بەرزەکـەم کـە بـە سـەر شـانی دەشـتدا ڕاکشـاوە، زوو لـە خـەو هەسـتان. کـە چاویـان کـردەوە شـنەی پێدەشـتەکان هـەڵیکـرد و خـۆر لـە پشـت کێـوەوە هاتـەدەر. بـەیبوونێکی تـەپلۆس لـە ژێـر حـەمامی تیشـک و بـادا هـەڵلـەرزی، دانەیـەکی تـر ملـی هـەڵێنـا و چـاوی لـە توولـەمارەکانی ڕێگـا کـرد کـە فـەڕشـی بـەهاریان لـەت لـەت کردبـوو... بـە خوشکەکەی گوت:

شەونمی شەو لە چاوت بسڕەوە و هەستە. ئێستا کوڕانی قژئاڵۆزکاو و کچانی پێنەرم و ناسک دێن. کوڕ لێت دەپرسێ: زەماوەند دەکەی یان دەبیتە ڕاهیبە؟ تۆ چیان وەڵام دەدەیتەوە؟

خەوتووەکە ڕاست بۆوە و گوتی:

ـ ئەمە نهێنی خۆمە و تەنیا بۆ خاوەنەکەی دەدرکێنم... بۆ من قەت داوام لە تۆ کردووە نهێنی خۆتم پێ بڵێی؟ تۆش وەک من نهێنیت نییە؟

ـ چاو لێکە! بێجگە لە ئێمە و خوشکە گەورەکەمان کەسی تر نەماوە. دوێنێ و پێر کچان و کوڕان لێرەوە تێپەڕین و دەستیان بۆ لای کچە مام و کچە خاڵەکانمان ڕاداشت و بردیانن. ئەمڕۆش نۆرەی ئێمەیە... وا نییە؟

ـ بریا وا بوایە... بەڵام خوشکێ من دڵەخورپەمە... داخوا تۆش دڵەخورپەتە؟!

ـ زۆر... زۆر.

ـ ئەمن لەزەوییەکەم هەڵدەکەنن و گوڵەکانم لێ ورد دەکەن... من دەترسم.

ـ لە چی؟

ـ لە هێش و ژان دەترسم. پێم عەیبە ڕووت بمەوە، من نامەوێ...

ـ چیت ناوێ؟

ـ نهێنییەکەم نادرکێنم.

ـ ئەی لە دڵتدا ئەیشاریتەوە؟

ـ..

ـ بۆ تۆ هەر ئەوە باش بوو کە لە ژێر عەرزدا بمابایتەوە.

ـ هەست بە شتێکی نامۆ دەکەم، لە یەک کاتدا هەم تاڵە و هەم شیرین، دەڵێی ورد دەکرێم هەتا لە دایک بم.

ـ کەوا بێ دەیدرکێنی؟

ـ یان دەڵێی ئەنجن ئەنجن دەکرێم هەتا بمرم؟

ـ ئەمە شتێکی جوانە، ئەمە هەموو شتێکە.

ـ تۆ دەیزانی؟

ـ نا نا، بەڵام وای بۆ دەچم. با لە خوشکە گەورەکەمان بپرسین...
ـ وەرە!
هەرکە ڕوویان کردە ئەو واقیان وڕ ما. خوشکە گەورەکەیان زەرد هەڵگەڕا و گوڵەکانی ژاکان، بەڵام لە شیرینی ڕۆحەوە پێکەنی و پێی گوتن: وەک گوتتان ئەمە شتێکی نامۆیە، شیرینە وەک ژیان و تاڵە وەک مەرگ، تەنانەت لەم دووانەش گەورەترە، بەڵام من پێتانی ناڵێم، چونکە ئەمە نهێنی منە و پێش ئەوەی ئەو خاوەنەی چارەنووس بۆی دیاری کردووم بێت هەتا نهێنییەکەمی پێ بڵێم، دەڕۆم... بەڵام ئێوە پیرۆزتان بێ، چونکە دەیدرکێنن ئەویش بە دوو وشەی بە دیمەن جیاواز و بە نێوەرۆک وەک یەک. دیسان پیرۆزتان بێ... ماڵئاوا!
ئەمەی گوت و زریکاندی. نێونجییەکە هاواری کرد: خوشکێ!
چکۆلەکە قیژاندی: بە قوربانت بم!
بەڵام ئەو کەوتبووە سەر عەرز. بە سەریدا نووشتانەوە و لاواندیانەوە:
ـ کاری ئەو تۆفانەی شەو بوو کە هات و پشتی شکاند.
ـ بریا هەتا هاتنی کچان و کوڕان زیندوو بوایە...
ـ... هەتا نهێنییەکەی بدرکاندایە.
ـ مرد و نەیزانی ژان چیە؟!
ـ حەساوە!
ـ پێش ئەوەی شەکەتی بناسێ...
ـ پیرۆزی بێ!
ـ خودا عافووی کا!
پاش بێدەنگییەکی قورس، چکۆلەکە گوێی بۆ با ڕاگرت و هاواری کرد:
ـ دەیبیستی؟
ـ چی؟
ـ ئەوە هاتن... هاتن!

# سێداره و چۆلەکەکان

حاکم هاتە بەر هەیوانی کۆشک و وەڵامی شادی گەلەکەی داوە و لەم سەر تا ئەو سەری کۆشک گەڕا هەتا خۆشحاڵی خۆی لەو بڕیارە مەزنەی دەری کردووە، دەربڕێ.

وەزیری تازەش بە شادییەوە لەم جەژنەدا بەشداری کرد. لەو کاتەوە ئەم پلەیەی پێ درابوو، ئەمە یەکەمین سەرکەوتنی بوو. ئەو لە پەنای سەروەرەکەیدا ڕاوەستا و باسی خۆشحاڵی و هەستی گەلەکەی بۆ کرد.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە حاکم ئەم هەموو خۆشەویستییەی لە گەلە مەزنەکەی دەدی، بەڵکو هەمیشە هەستی دەکرد کە بە گەورەیی و هێزەوە لە نێوان ئاسمان و زەویدا لە سەر کورسی خۆشەویستی دانیشتووە؛ بەڵام بێگومان ئەو ڕۆژە لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی بوو.

«ڕۆژێکی مێژوویی» ئەمە قسەی وەزیر بوو. وێژەرەکانی خەڵکیش لە نێو گەلدا بەم ناوە باسی ئەو ڕۆژەیان دەکرد. بۆ وا نەبێ؟ ئەوەتا حاکم داخوازی گەلەکەی پەسند کردووە و تەمێیانەی ئیعدامی لابردووە و ڕوخساری دزێوی ئەوی سڕیوەتەوە... تەمێیانەیێک کە میراتی سەردەمە تاریکەکان بوو.

ئەوە گەلە لە حەوشەی کۆشکدا جەژنی سووتانی سێدارەی گرتووە. سێدارەکەیان دروست لەو جێگایە دانا کە لە کۆنەوە لەوێ هەڵدەبەسترا. گۆگرد و نەوتیان بە سەردا ڕشت و ئاوریان تێبەردا و دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی گوتن بە دەوریدا. بالۆرەی ژنان دەگەیشتە ئاسمان.

حاکم ماوەیەکی باش چاوی لەم دیمەنە دڵڕفێنە کرد. لە نێو بڵێسەی ئاورەکەدا دەستەی لە سێدارە دراوەکانی دەدی... تاوانبار... خوێنڕێژ...

ڕێگر... دەستەیەکی بێئەژمار لەوانەی حەرامەیان کردبوو و یاساکانیان لە ژێر پێ نابوو.

ڕوخسارەکانی لێ تێکەڵ دەبوو... ڕوخساری ئەوانەی بەرەو مەرگ دەچوون... مەرگیش تاقە ڕوخساری خۆی پێ خەڵات دەکردن و تەنیا نیشانەی خۆی لە سەروچاویاندا دەکێشاوە: گەوجی!

مردن تەنانەت لە سەر سێدارەش بێ، ترسێنەر نییە، خراپ ئەو نیشانەیەیە. لە چاوەکانیاندا ئەم نیشانەیە بەدی دەکرا. ئەوان وەک سەگی دەستەمۆ ملی خۆیان دەدا بە جەللاد، هەتا لە تەنافەکەی بخا... بێجگە لە چاوەکانیان... ئەوان نیشانەکەی خۆیان لە سێدارە دەدزیەوە و بە سەر مەرگدا زاڵ دەبوون... دوای مەرگیش لە سەر درکاندنی نیشانەکەیان سوور بوون، هەتا ئەوەی جەللاد دەیبەستن.

حاکم قەت ئەو ڕوخسارە لە بیر ناباتەوە کە لەو نێوەوە بێتە دەرێ. جەللاد دوایین داخوازی مەحکوومەکە دەپرسێ. وەڵام دەداتەوە: پێم خۆشە ڕووەو کۆشک بمرم. ئینجا ڕووی لە هەیوانی کۆشک دەکا و تفێک بۆ حاکمەکەی دەخا، پاشان جەللاد لەقەیەک لە کورسیەکەی ژێر پێی دەدا؛ دەڵێی لەقە لە تەختی حاکم دەدا.

ئەم بێشەرمییە هی دەستەی نەیارانی حکوومەت بوو. ئەوانەی خەریکی گەڵاڵە دارشتن بوون هەتا حاکم ترۆر بکەن و خۆیان لە جێی ئەو دانیشن. ئەوانی دیکە دوو داخوازی پەسندیان هەبوو: بەخشرانی یەکجاری لە لایەن خواکەیانەوە و جگەرەیەک کە هەتا نیوەی بیکێشن.

بۆ تاوانبارێکیان سێ جار تەنافەکە پچڕا. لە یەکەمیاندا گەل دەستیان کردە ئاه و نزا و لۆمە کردنی جەللاد. لە دووهەمیاندا گەل نارەزایەتی خۆی لە بەفیرۆدانی دارایی خەزانە بۆ کڕینی تەنافی ڕزیو دەربڕی. لە سێهەمیاندا گەل داوای بەخشین و لێبوردنی کرد.

*(داوایان لە من کرد. منی حاکمیش لەوانە بوو داخوازی گەلەکەم قەبووڵ کەم. نەک لە بەر ئەوەی بەزەییم بە کەسێکدا بێ... ڕەحم و بەزەیی بۆ عەدل*

*و داد، خراپتر و کوشندەترە لە بێڕەحمی و دڵڕەقی... بەڵکو لە بەر ڕێزنان لە خورافاتی گەل. چونکە خورافات پێخۆری گەلە... باوکم هەمیشە ئاوای دەگوت)*

جەللاد بە پەلە مەحکوومەکەی بۆ لای پەتی قایم و تەیار بۆ ملهوڕانی وەک ئەو دەبرد. ئەو گیراوانەی بە سەربەرزییەوە بەرەو سێدارە دەچوون... ئەو ترسەنۆکانەی سەری شۆڕیان دەکەوتە نێو باوەشیان و جەللاد بەرەو سێدارە ڕایکێشی دەکردن... ئەوانەی ڕەوانبێژی سەحبان کوڕی وائیل بە سەریاندا بارییبوو... ئەوانەی زمانیان دەگیرا و دوعا لە سەر لێویان ویشک دەبوو... ئەو دڵاوایانەی هەر بە کەڕەتێک و بە تەواوی گیانیان دەدا... ئەو قڕنیسانەی دەستیان پێوە دەگرت و خەڵک بە چرکەچرکی سەعاتەکانیان بۆیان دەبژاردن هەتا جەللاد ناچار دەبوو لاقیان ببەستێ هەتا حەقەکەیان لێ بستێنێ... ئەوانەی تۆبەیان دەکرد و ئەوانەی خەریکی کفر کردن بوون و ئەوانەی دەگریان... ڕوخساری تەواوی ئەوانە دەگەڕاوە.... سەرەکانیان لە نێو دووکەڵی سێدارە سووتاوەکەدا سەمایان دەکرد و بە دەوری خۆیاندا هەڵدەسووڕان... ون دەبوون و دەهاتنەوە... لە سەر سنگیان تاوان‌نامەکەیان هەڵواسرابوو... لە خوارەوە ئیمزای حاکم بە دەسخەتی خۆی دەبینرا.

گڕی ئاورەکە پڕ بە قوڕگی ناوی ئەوی دەگوتەوە... حاکم تەواوی ئەو ڕۆژە هەواڵی لە سێدارە درانی کوڕەکەی دا بەو دایکە، ناوی خۆی و ئاه و ناڵەی ئەو ژنەی لە گوێدا دەزرینگاوە... دایک پاش بیستنی هەواڵەکە بە دەوربەری کۆشکدا دەهات و دەچوو... قژی دەڕنییەوە و ڕوو لە ئاسمان تووک و نزای لە حاکم دەکرد و هەزار ئۆف و لەحنەتی بۆ دەنارد.

حاکم وەبیری هاتەوە بە پێی عادەتی پاش لە دار درانی هەر تاوانبارێک، پاشماوەی ئەو ڕۆژەی لای قەشەمەری کۆشک بردە سەر و گوێ‌بەستراوەکانی بۆ لای دەنگی دایک وەرسووڕاند.

«دەبێ گوێیەکت هەمیشە کەڕ بێ» ئەمەش قسەی باوکی بوو. پێش مەرگیش لۆکەی گوێی خۆی دەرهێنا و بە دەستی خۆی لە گوێی کوڕەکەی

خنی. «ئاگات لەم گوێ حەکیمەت بێ، حاکمی دوای من!» چۆن ڕازی ببوو لۆکەی گوێی دەربێنێ؟

حاکم لە پەستا چاوی لە خەڵکەکە دەکرد و لە ڕوخسارە شاد و بە ئاور ڕوونەکەیان ورد دەبۆوە... بۆ ڕوخساری ئەو دایکە دەگەڕا... هۆوە دەنگی ئەوە... دەنگی بالۆرەکەی... دەڵێی سەربەندی ئاه و ناڵەیە... ئەی خۆی لە کوێیە؟

وەزیر چەناگەی خستە سەرشانی حاکم و لە پشتەوە بە سرتە پێی گوت «ئەم کەرەتە بەرزی پلەت لە کۆشک و هەموو نیشتمانەکان بە واتای بەرتەسکیانەوە بەرەو شوێنێک تێپەڕیوە کە سنوور و نیشتمان ناناسێ... ئێستا بێجگە لە حاکمێکی باش و ساڵح، بوویەتە پاڵەوانێکی مرۆڤایەتی و بۆ هەمیشە نەمر و زیندووی.»

حاکم بە قەستی وای نیشان دا کە دەستی لە بەر ڕێزگرتن لە هەستی خەڵک بەرز دەکاتەوە. دەستی هەتا بناگوێی هەڵێنا و بە توندی گوێی خوراند. دەتگوت لۆکەکەی لێ ون بووە. گوێی بۆ قسە چەورەکانی وەزیر شل نەکردبوو. لە بیری ئەوەدا بوو سەر لە کاری خەڵک دەربێنێ؛ ئەو گەلەی ئێستا بە دڵخۆشی و شادییەوە سێدارە دەسووتێنێ هەر ئەو گەلەیە کە پێشتر وەک ئەمڕۆ لەم حەوشەیەدا کۆ ببوونەوە و ئافەریمیان بۆ سێدارە دەنارد. چونکە لە تۆڵەی مەحکوومەکان گیانی ئەوانی دەستاند... تۆڵەیەکی بەرامبەر بە تاوان... هەر ئەو گەلەشە دوعای سەرکەوتنیان بۆ حاکمی دادپەروەر دەنارد.

تاپۆی لە سێدارە دراوەکان لە بەرچاوی حاکم ون بوو. ئیتر هەر ڕوخساری پیاو و ژن و گەورە و چکۆلەی ئەو گەلەی دەدی کە لەبەر جەژن خۆشحاڵ بوون. دەتگوت سێدارە بۆ هەموویان هاتبوو... دەنا مانای ئەم تۆڵەیە کە بە شکڵی گۆگرد و نەوت و نەحلەت دەیکەن بە سەر سێدارەدا چییە؟ ئەگەر وایە خۆشحاڵی جارانی ئەوان لە بەر ئەوە بوو کەسێکی دیکەی بێجگە لەمان دەمرد و جارێ ئەمان دەمانەوە و بوغزێکی شیرین بەری گەروویانی دەگرت: تەناف ملیانی برد و ڕۆیی.

وا ئێستاش لە دەس سێدارە ڕزگار بوون... تەنیا نووکە قەڵەمێک سێدارەی لە ملیان کردەوە و ئیتر ئەوان هەموو بێگوناح بوون و بە سەر سێدارەدا سەرکەوتبوون... ئێستاش خەڵکەکە بە دوای جەللاددا دەگەڕێن هەتا ئەویش لە نێو خۆڵەمێشی سێدارەکەدا بسووتێنن.

حاکم بێ ئەوەی بزانێ، بە دەستی کایەی بە ملی حاکمی چکۆلە دەکرد کە هاتبووە بەرهەیوان و لە بەردەمی باوکیدا ڕاوەستابوو... لە پڕ بە خەیاڵیدا هات کە قامکەکانی لە ملی کوڕەکەیدا وەک تەنافێک لە ملی پێچراوە؛ تەزوویەک بە گیانیدا هات. منداڵەکە خێرا دەستی باوکی لە ملی خۆی کردەوە و کاتێ ناوی جەللادی بیست سەری هەڵێنا و گوتی: «ئەگەر سێدارە نەمێنێ جەللاد چی دەکا؟»

حاکم قەت ئەم پرسیارە بە مێشکیدا نەهاتبوو. وەزیر بە جێی ئەو وەڵامی حاکمی چکۆلەی داوە: «چیرۆکی ئەو کەسانەت بۆ دەگێڕێتەوە کە پێشتر لە داری داون»

❊❊❊

ئەگەرچی حاکمی چکۆلە زۆری پێداگرت بەڵام جەللادیان بۆ کۆشک نەهێنا هەتا چیرۆکی لەسێدارە دراوەکانی بۆ بێگڕێتەوە. دانیشتوانی کۆشکیش هەر لێیان نەپرسی.

جەللاد ڕۆژی یەکەم لە ماڵێدا خۆی شاردەوە و درگاکەی ئاڵقەڕێز کرد و گیانی خۆی لە تۆڵەی گەل ڕزگار کرد. ڕۆژی دووهەم هاتە دەرێ و بۆ کار گەڕا. بەڵام کەس کاری پێنەدا. ئەو لە ماوەی ژیانیدا هەر کاری لەسێدارە دانی کردبوو کە زەمانی ئەم ئیشەش بەسەرچوو بوو. ڕۆژی سێیەم ژنەکەی گوڕاندی بە سەریدا: «هیچ پێخۆر و بژیوێکمان نییە... هەتاکەی بە تەمبەڵی لە ماڵێ دادەنیشی؟» بە سەرلێشێواوییەوە دەرکەوت. لاقەکانی بەرەو کۆشکیان برد. دەستی لە نەردەکانی دەروازەکە توند کرد و هەتا نیوەڕۆ چاوی لە شوێنی ڕۆژییەکەی بڕی.

ڕۆژی چوارەم و پێنجەم و شەشەم ژنەکەی لە بەیانییەوە هەتا ئێواریێ بە نێوچاوانی تاڵەوە دەستی لە کەلەکەی دەنا و ناونیتکەی لیێهەڵدەدا: «جەللاد! وەحشی! دڕندە!»

ڕۆژی حەوتەم ژنەکەی دەری کرد. ناچار لە بەر درگای کۆشک خەوت. بەیانی بە زەینیدا هات بچیێ بۆ لای حاکم، بەشکوو ڕوحمی پیێ بکا و کارێکی چکۆلەی پیێ بدا، گەرچی ئەو کارە، باخەوانی لە «باخەکانی تۆبە»شدا بیێ.

پاش لەبەینچوونی ئیعدام ناوی بەندیخانە گۆڕابوو بە باخی تۆبە. جەللاد زۆر زوو ئەم بیرەکاڵەی لە مێشکی دەرکرد. چونکە باخەکانی تۆبە بۆ سەردەمی تازە بوون و وەزیر خۆی کارگێڕی پسپۆڕی بۆ هەڵبژاردبوو، ئیدی چۆن ئیزن بەو دەدا لەویێ کار بکا، ئەگەرچی کارەکەشی شێو کردنی زەوی بۆ چەقاندنی گوڵ و گیا بیێ! ئەو، جەللادی سەردەمی کۆن بوو.

جارێکی دیکە چووە حەوشەی کۆشک و چاوی لەو هەیوانە کرد کە وەختی خۆی حاکم لەوێوە چاوی لە سێدارە دەکرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە خۆی گوت: «لەبەین چوونی ئیعدام تاوانی لە بەین نەبرد، ڕزقی منی بڕی... هەتا دێت تاوانبارەکانیش زۆرتر دەبن و تاوانەکانیش گەورەتر»

گریانی نەدەهات... ئەو ڕۆژە هەر پێدەکەنی... یاسای تازەش کە مەحکوومەکان بەڕێوەیان دەبرد زۆرتری دەخستە پێکەنین... پێش هەموو شتیێ ئەم ماڵە سپیانەی بە جێی بەندیخانە کۆنەکان، لە نێو سەوزەلانی و ئاودا بۆیان دروست کرابوو... پۆل پۆلیش چۆلەکەی دڵڕفێنی زەرد و سوور و شین کە لە چوار قوڕنەی جیهانەوە کۆیان کردبۆوە و بە سەربەستی لە شەقەی باڵیان دەدا و تێیان دەچریکاند... بە جێی کۆت و زنجیریش، ئامرازی مۆسیقا بە مەحکوومەکانەوە هەڵدەواسرا، هەتا لاسایی دەنگی چۆلەکەکانی پیێبکەنەوە... ئەمە تەواوی تەمێیانەکەیان بوو...

**ـ مۆسیقا! مۆسیقا!**

ئەمە بنێشتەخۆشەی سەر زاری وەزیر بوو. زۆر جار بە حاکمی دەگوت: «مۆسیقا، وەحشی بیابان دەکاتە مەڕ، و شەیتان دەکاتە فریشتە! گەورەم! ڕۆژێک دادێ وڵاتی تۆ دەبێتە مەڵبەندی چۆلەکە و فریشتە»

وەزیر هەر بەمە ڕازی نەبوو. حاکمیشی ناچار کرد مانگی جارێک سەردانی باخەکانی تۆبە بکا. داوای لە ڕۆژنامەوانەکانیش کرد وێنەی ئەم دیمانانە بڵاو کەنەوە.

ڕۆژێکی دیکە بە حاکمی گوت: «گەورەم! پێت چۆنە لەگەڵ بەندییەکان دانیشی و پێکەوە نان بخۆن؟!... ئیتر ئەمە لوتکەی گەورەیی و ئەوپەڕی شانازییە بۆ جەنابتان...»

هەتا ڕازیشی نەکرد دەستی لێهەڵنەگرت.

***

پێشبینییەکەی جەللاد وەڕاست گەڕا. هێشتا چەند مانگ ڕانەبردبوو کە باخەکانی تۆبە و گۆڕانی پڕ بوو لە میوانانێک کە لە چوار قوڕنەی وڵاتەوە دەهاتن. وەزیر پێشنیاری بە حاکم کرد باخەکان پەرە پێبدا هەتا لە دەس ئەو کەوێڵە خوار و خێچ و نالەبارانەی بەر دەرکی باخەکانیان ناحەز کردبوو، ڕزگارییان بێ.

هەژارەکان لە ڕووخانیماڵەکانیان ناڕەحەت بوون. وەزیر دەستووری بە سەربازەکانی دا سەرکوتیان بکەن و ڕێبەرەکانیان بە تاوانی سەربزێوی بکێشنە دادگا. لەم ڕێیەوە ژمارەی مەحکوومکراو بە لاسایی کردەنەوەی دەنگی چۆلەکە زۆرتر بوو.

حاکم لەم تەگبیرە زۆر دڵخۆش نەبوو و وردە وردە فکر و خەیاڵ هێرشی بۆ دەهێنا.

تاوان و خراپە سەقامگیر ببوون. دزی و ڕێگرتن و کوشتن زۆرتر ببوو. کاری حەرامە پەرەی سەندبوو. وای لێهات گەل خوازیاری دانانی پەتی ئاسایش و هێمنایەتی بوو. وردەوردە لە هەموو سووچێکی وڵاتەوە دەنگی

نارەزایەتی لە تێکەولێکەی وڵات بەرز دەبۆوە. بەڵام وەزیر بەری کارەکەی گرت: یاسایەکی دانا کە ئیزنی نەدەدا ڕۆژنامەکان ئەم هەواڵانە بڵاو بکەنەوە. پاشان یاسایەکەی بردە لای حاکم و ناچاری کرد ئیمزای بکا.

حاکم لە سەردانێکی دیکەی بۆ باخەکانی تۆبە، لە بێدەنگی نێو ڕێگا سەری سووڕمابوو. گەل کە ئەویان دەدی لە بەری هەڵدەهاتن. ژنەکان درگای ماڵەکانیان دادەخست. لە کاتی نانخواردن لە گەڵ بەندییەکان بیری ئاڵۆز و پەرۆش ببوو بە قەد چۆلەکەیەکی ئەوانی خوارد... بەڵام ئەوان لە خۆشترین کاتی خۆیاندا بوون.... بە ئاسوودەییەوە نانیان دەخوارد و پەرداخیان ئاڵوگۆڕ دەکرد... سازیان لێدەدا و سەمایان دەکرد. چۆلەکەکانیش خۆشترین گۆرانییان دەچڕی. گەورەیەکی نێویان پەرداخەکەی هەڵێنا و بەرەو لای حاکم هات، هەتا لەوێ بیخواتەوە. گوتی: بە سلامەتی حاکم. داوای لەوانی دیکەش کرد پەرداخەکانیان هەڵێنن. بەڵام لە بەر مەستی لاتراسکەی بەست و پەرداخەکە لە دەستی بەربۆوە و خۆشی بە سەریدا کەوت. حاکم هەستا و داوێنی عەبا تەڕەکەی بە دەستەوە گرت و گەڕاوە بۆ کۆشک.

ئەو شەوە و شەوانی دیکەش خەو نەچووە چاوی حاکم. ئەم شان و ئەو شانی دەکرد و کاروباری حکوومەتی هەڵدەسەنگاند. هەموو بەیانییەک پۆلیس ڕاپۆرتی بۆ دەهێنا کە پڕ بوو لە باسی زنجیرەیەکی تازەی تاوان و خراپەکاری و شێوازی تازەی تاوان کردن و بەرەیەکی نوێی تاوانبار.

لە ڕاپۆرتێکی نهێنیشدا «خزمەتکارێکی دڵپاکی حاکم» دەیەویست بێپەردە لەگەڵ سەروەرەکەی بدوێ. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو: گەل لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا شۆخی بە چۆلەکەکان دەکەن و گاڵتەش بە حاکم دەکەن کە چۆن دەبێ لە سەر سفرەی چەتە و ڕێگر دانیشێ... و هەناسە بۆ سەردەمی سێدارە هەڵدەکێشن.....

حاکم بە تەواوی ڕاپۆرتەکەی نەخوێندەوە کە وەزیر بە هاوار و داد خۆی بە ژوورێدا کرد: «پیلان! گەورەم، پیلان! کۆنەپەرەستی خەریکە دژی سەروەرم پیلانێکی چەپەڵ دەگێڕێ»

ئاماژەی بە هاواڵەکانی کرد. ئەوانیش هاتنە ژووری و کوندەبوویەکیان لە بەردەمی حاکم دانا: «ئەوەمان لە بەر درگای کۆشک دیتەوە... ئەم کاغەزەش بە ملیەوە بوو (دیاری گەل بۆ حاکمەکەی، باوکی چۆلەکەکان)»

وەزیر گوتی: «ئاشکرایە بەم کارە چییان دەوێ! گەورەم! داوای سەری تۆ دەکەن... کوندیش هەواڵی مەرگی حکوومەتی تۆی پێیە.»

حاکم دەستووری دا کوندەکە بخەنە تاریکییەکی ئەنگوستەچاوەوە. بە پشتی دەستیش وەزیری جواب کرد و گوتی: «دەمەوێ ئەمڕۆ لە کۆشکدا بمێنمەوە و سەبارەت بە باری وڵات لەگەڵ کەس نادوێم... وەزیر! دەتوانی بڕۆیتەوە بۆ ماڵی خۆتان»

چاوەکانی حاکم ئاوسی بریقەیەکی ترسێنەر بوو. بۆیە ترس کەوتە دڵی وەزیر و خێرا ڕۆیشت.

حاکم خێرا سەرۆک پۆلیسی بانگ کرد و گوتی: «هەر ئێستا گزیری دەمڕاستم بۆ بدۆزنەوە و بیهێننە لام.» پاشان هەرای لە میرزاکەی کرد و گوتی: «ئەم دوو بڕیارە بنووسە: یەک وەزیر لە سەر کار لابرێ و بە جێی ئەو گزیری دەمڕاست دانرێ. دوو، درگای باخەکانی تۆبە داخرێ و سزای ئیعدام بەڕێوە بچێتەوە.»

سەرۆکپۆلیس زۆر زوو بە ڕەنگی سپی و هەناسەبڕکێوە گەڕاوە.

حاکم بەرۆکی گرت: کوا گزیر؟

سەرۆک پۆلیس وەڵامی داوە: سەربازەکانم نەیانتوانیوە لە شار بچنە دەرێ، خەڵک خەریکن رادەپەڕن... دەستە دەستە کۆڵان و شەقامیان پڕ کردووە و خوازیاری ڕووخانی حکوومەتی تۆن... لە ڕێگاش بەریان بە فایتوونی وەزیر گرتووە و بە جێی ئەسپەکەی زینیان کردووە و پشتیان بە شێلاق سوور کردۆتەوە... لە باخەکانی تۆبەشدا، مەحکوومەکان ئامرازەکانی مۆسیقایان لە

سەری ڕێبەری کۆڕەکەیاندا شکاندووە و هەموو چۆلەکەکانیان بە پەڕوپۆوە خواردووە... ئێستاش زۆر تووڕەن و دارەکان دەشکێننەوە و دەچنە ڕیزی نەیارەکان.

ـ گەورەم! گەلی تووڕە و ورووژاو خەریکن بەرەو کۆشک دێن!

حاکم پەڕیە بەر هەیوان و دیتی نەیارەکان پێشتر لە دەستەکانی تر گەیشتوونەتە حەوشەی کۆشک. حاکمی چکۆلە لای حەوزەکە کایەی دەکرد. هەموو یەکی سەروبەردیان تێهەڵکرد و لە خوێندا گەوزی. ئیتر لە هەموو لایەکەوە هەر بەرد بوو کە بەرەو کۆشک دەهات. حاکم وەک شێت کەفی دەچڕی. گوڕاندی بە سەر سەرۆکی پۆلیسدا: «دۆخی نائاسایی ڕاگەیێنە... دۆخی نائاسایی!» بەڵام دەرفەتێک نەمابوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی، گەل لە حەوشەی کۆشکدا سێدارەیان چەقاند و بە دوای جەللاددا دەگەڕان. بەڵام حاکم گەلەکەی تووشی نارەحەتی نەکرد: خۆی چووە سەر کورسی و بە دوو دەستی خۆی تەنافی سێدارەی خستە ملی.....

# هاوڕێ کامیل

پیاوەکە بە ژنەکەی گوت: خرینگەکەتم دەیە.... هەستە خێراکە....

لە چوارچێوەی درگاکەدا ڕاوەستابوو و دوو چاوە ڕەشەکەی بڕیبووە عەرز. ژنە وەڵامێکی نەداوە. کابرا ڕقی هەستا: هەستە دەی!

کامیل وەک کەسێ سەبری بە سەرچووبێ، بە دەستی ڕاستیشی ئاماژەیەکی لە ژێرەوە بۆ سەرێ کرد.

سامیە هەستی کرد ئەگەر هەر وا کتومت لە سەر سەندەڵییەکە دانیشێ، شەقەزلەیەکی دیکەی بۆ دادێنێتەوە کە لە هەر کوێ بکەوتایە دەکەوت. هەستا چووە لای تەختەکە و لۆیەکی دۆشەکەکەی هەڵداوە و دەستی درێژ کرد و خشڵە وەک نوشتە پێچراوەکەی دەرهێنا. پەتەکەی لێکردەوە. هەرکە چاوی بە زێڕەکە کەوت فرمێسکەکانی داوەرین. لە عەزرەتا لێوی دەکرۆشت.

کامیل گوێی بە گریان و ناڵەی ژنەکەی نەدا و پاش ئەوەی دوو جار زێڕەکەی لە سەر دەستی هەڵسووڕاند خستییە گیرفانی و ڕووی خۆی وەرسووڕاند بڕوا، بەڵام ڕاوەستا و بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە ژنەکەی پرسی: لە بیرتە بە چەندمان کڕی؟

ـ بە چوار عوسمانی... لە بیرت بێ کچەکەت نەخۆشە، منیش تەنیا لە بەر خەرجی دوکتور کە دەبێ بیهێنمە سەر کچەکەم لەم زێڕە دەست هەڵدەگرم، نەک لە بەر عارەق کە ورگتی پێهەڵماسێنی... وریا بە زێڕینگەر گزەت لێ نەکا؟!

کامیل دڵنیا بوو زێڕینگەر فریوی دەدا... بۆ ئەویش هەر لەو سەرمایەدارە چەوسێنەرانە نەبوو؟! مەگەر ئەویش یەکێ لە ئەندامانی ئەم شیرکەتە گەورە نییە کە بە سەر تەواوی دنیادا زاڵە؟... (کامیل ئەو کۆمپانیایانەی بە دێوەزمە دەشوبهاند).. چوار لیرە بەشی نانی ژن و منداڵەکەی و بەشی عارەق و

جگەرەی حەوتوویەکی دەکا، ئەی بۆ حەوتووی داهاتوو؟... نایهەوێ بیر لە داهاتوو بکاتەوە، ڕەنگە حەوتووی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بەندیخانە...

ئەوندە بە پەلە دەڕۆیشت کە بە پێنج خولەک لە ڕەمیلە، گەڕەکی ماڵەکەیانەوە گەیشتە گۆڕەپانی شەهیدان. خێرا چووە نێو بازاڕی زێڕینگەران و دەستی کرد بە نیشاندانی زێڕەکە و دووکانەو دووکانی دەکرد. نەیدەتوانی نە لە بارمتەدا داینێ، نە بیشیفرۆشێ. زێڕینگەر زەڕەبینێکی لە سەر چاوێکی دادەنا و لە زەێڕەکە ڕادەما... دوایە بە چاوە نیوە قووچاوەکەیەوە لە خاوەن زێڕەکەی دەپرسی: کوا پسووولە(وەسڵ)ی ئەم خشڵە؟! دوایە چاوی بە سەرتاپێی کابرادا دەگێڕا و دەیڕوانییە قەڵافەتی عەیبداری و شاڵە سوورە کۆنەکەی ملی و جلە دڕاوەکەی و گۆرەوییە شۆڕبۆوەکەی سەر کەوشەکانی. ئەمجار خشڵەکەی دەداوە و لە بن لێوەوە دەیپرتاند یان سرتەیەکی لەگەڵ شاگردەکەی دەکرد. دەمی کامیلیش بە پێکەنینێکی سووکایەتی دەکراوە و بەرەو دووکانێکی دیکە دەڕۆیشت. خاوەن دووکانی پێشووش چاوی دەبڕیە دڕاوی دواوەی شەڕواڵەکەی کامیل و بەم چاو لێکردنە بەڕێی دەکرد. دەتگوت ئەمەش پێکەنینی سووکایەتییەکی دیکەیە. ئاخری کامیل توانی دەسبەندەکە بە دوو لیرە و نیو بە زێڕینگەرێک بفرۆشێ. کابرا کە پووڵەکەی پێدا و گوتی:

- بە مەرجێک ئەم زێڕە هی خۆت بێ!

کامیل ڕووی لە زێڕینگەر تێکنا و پووڵەکەی لە بەینی قامکەکانیدا گوشی و چووە دەرێ... لە ڕێگا لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەی دەهات: من دزم؟ دز ئێوەن... هەمووتان دزن... سەگینە!

***

سامیە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی مێردەکەی بوو. ئەو ڕۆژە نەچووبوو جلی خەڵکی گەڕەک بشوا. لە ماڵێ لای جێخەوی نادیەی کچی هەڵترووشکابوو. نادیە دەینالاند و هەتا خەوی لێکەوت بە ترسەوە چاوە پڕ ئاورەکانی لە دایکی بڕیبوو. سامیە جێگاکەی ڕێکوپێک کرد و حەسیرەکەی

گسک دا و جلی منداڵەکەی پینە کرد. کاتێ لە کومێدێکدا بۆ پارچەیێک دەگەڕا هەتا قۆڵێکی دڕاوی پێ پینە بکا دەستی لە قاقەز و کتێبەکانی مێردەکەی کەوت، هەموویان پرش و بڵاو، لێرە پەڕەیەکی دڕاو... لەولا پەڕەیەکی پەڕتووت... لەو لاتر کتێبێکی نیوە ئاوەڵا.

سامیە لە جێگای خۆیدا ویشک بوو. دەتگوت بزمارکێشێک گرتوویەتی و لە بەینی ددانەکانیدا توند دەیگوشێ؟ ئەمانە بوون ئەو کتێب و قاقەزانەی کە دەبوو ڕووناکایی بە وڵات بدەن؟ ئەمانە بوون مامۆستای عەداڵەت و بەرامبەری و ڕووخێنەری کۆشکی زۆردار و داراکان؟ ئەمانە بوون دەیانویست نان بە هەژار و لەشساغی بە نەخۆش بدەن و زانیاری پێشکەشی نەزان بکەن؟ ئەمانە بوون ئەو کوڕە ئاسمانییە کە دەبوایە هەموو چینەکانی خەڵک بە دوای گۆرانییەکانیان بکەون... هەموو لە یەک ڕیزدا و لە یەک ڕێگادا و بەرەو یەک ئامانج کە بەختەوەری بۆ کۆمەڵە؟... هەمووی قسەیە! قسەی چەور و فریودەر!

ژنە هەروا چاوی لە شتەکانی کومێدەکە دەکرد و سەری بە نیشانەی سووکایەتی پێکردن ڕادەوەشاند و جنێوی بە کتێب و قاقەزەکان دەدا، هێندە ڕقی هەستابوو بە ئاواتەوە بوو دێڕ و وشە و پیتەکان بجووڵابان و شتێکیان لە وەڵامی ئەودا بگوتبایە؛ بەڵام ئەوان جووڵەیان نەدەکرد و کتومت و گەوجانە ڕاوەستابوون. ژنە پێی وابوو ئەمە سووکایەتیکردن بەوە... کتێبێکی هەڵگرت و پەڕەپەڕەی کرد و خستییە ژێر پێلەقە. کوڕە چکۆلەکەی کە هەر بە دووی دایکیدا دەهات و خۆی بە داوێنیدا هەڵدەواسی، بە گاگۆڵکێ لە سەر لاشەی کتێبەکە کایەی دەکرد و پەڕەکانی دەدڕاند. هەستی بە خۆشییەکی سەیر و یارییەکی بێوێنە دەکرد... ئەویش لە ماڵێکدا کە قەت لەیستۆکیان نەدیتبوو...

***

کامیل هەتا ساڵێ پاش زەماوەندەکەی مووچەخۆری شیرکەتێکی نەوتی بەیرووت بوو. مووچەکەی بە ڕادەیەک بوو کە دەیتوانی ماڵێکی دوو دیوی

بۆ خۆی و خێزانی بە کرێ بگرێ. هەردووکیان لە ژین ڕازی بوون. کامیل وەختەکەی خۆی لە نێوان کار وماڵێدا بەش کردبوو. بە تێپەڕینی زەمان، شەو لەگەڵ شەو درەنگتر دەهاتەوە ماڵێ و هەر جارەی کتێبێکی لە بن هەنگڵ بوو و هەتا نیوەشەو خەریکی خوێندنەوەی دەبوو. سامیە لێی دەپرسی هەتا ئەم درەنگانە لە کوێ بووە؟ ئەویش دەیگوت، لای چەند هەڤاڵێک... پێکەوە کاریان بووە...

کاتێک نەهاتنەوەکان چەند پاتە کراوە و لە مانگێک زۆرتر تێپەڕی، کامیل ناعیلاج ڕاستەقینەی بە ژنەکەی گوت. لە سەر تەختەکە لای سامیە دانیشت و گوتی: زگت دەبێتە عەمباری قسەکانم؟

تەزوویەک بە گیانی سامیەدا هات. دڵی هەواڵی کارێکی تەماوی دەدا کە مێردەکەی تێیدا بەشدارە، بەڵام دڵنیا بوون لە ئاکاری چاکی مێردەکەی ئەم گومانەی لابرد. کامیل گوتی: کۆمەڵەیەکی نهێنی هەیە کە من و هەڤاڵەکانم لەوێ کار دەکەین... کۆمەڵەیەکی سیاسی کە ئەمڕۆ چکۆڵە و بێهێزە، بەڵام ئامانجەکەی گەورەیە و بڕواکەی پتەوە و لە بەر هەزاران و ملیۆنەها کۆمەڵەی دیکەی هاوڕێی کە لە سەرتاسەری دنیادا بڵاو بۆتەوە گەورە و بەهێزە و ڕۆژێک دادێ ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە وەک شۆڕشگێڕ ڕادەپەڕن و ڕووپەڕی دنیا دەگۆڕن و لاپەڕەیەکی نوێ دەنووسنەوە.

- بەو مەرجەی ئەم کۆمەڵەیە دژی حکوومەت نەبێ! زۆرت بۆ پەرۆشم.

کامیل هەر شەوەی شتێکی لە بنەماکانی کۆمەڵەکەی بۆ سامیە دەگێڕاوە و چەند بەشێکی کتێبەکانی بۆ دەخوێندەوە. سامیە تا لە ڕستەیەک تێدەگەیشت چەند ڕستەی دیکەی لە بیر دەچۆوە. زۆر جار ویستی ڕازی بکا دەس لەم کۆمەڵە و کتێبەکانی هەڵگرێ. پێی دەگوت: ئەمە نیزامی دنیایە! خودا ویستوویەتی دارا و هەژار هەبێ... ئاغا و نۆکەر هەبێ... چۆن ئێوە خۆتان لە جێی خودا دادەنێن و دەتانەوێ لە سەرڕاوە بە ئیشتیای خۆتان دنیا دروست بکەنەوە؟ خودا بەشی خۆمانی ڕۆزی پێداوین، دەبێ سپاسی بکەین و سوژدەی بۆ بەرین.

کامیل وەڵامی دەداوە: خودا کاری بەم ئیشەوە نییە. خەڵک خۆیان زوڵم لە خۆیان دەکەن و لەمپەر بۆ یەکتری دروست دەکەن!

ئیتر هەروا لە سەر قسەکەی دەڕۆیشت و جارجارە هەلومەرجی ئێستای بەر جوێن و پلار دەدا و جارجارەش باسی خۆشییەکانی داهاتووی دەکرد. هەڵدەستا و لە دیوەکەدا دەهات و دەچوو. جاری وا بوو چاوەکانی غەزەبیان لێدەباری و جاری واش بوو پڕ بوون لە شادی.

سامیە بە خۆشییەوە دەیڕوانییە تووڕە بوون و سارد بوونەوەی مێردەکەی و بە پێکەنینەوە چاوی لە هاتوچۆ و ئاماژەکانی دەستی دەکرد. ئیتر گوێی لە قسەی عەقڵ نەدەگرت و هەر ئەوندە کە مێردکەی خۆش دەویست بۆ ئەو سەر و زیادی بوو. بۆیە بەرەو لای دەچوو و باوەشی پێدا دەکرد و لە خودا دەپاڕاوە مێردەکەی لە قەزا و بەڵا بپارێزێ.

ڕۆژ هات و مانگ چوو. ئیتر ماڵەکەیان ببووە مەکۆی هەڤالان و شەوراوێژەکانیان. هەتا ئەوەی ڕۆژێک سامیە بە بیستنی گیرانی مێردەکەی ڕاچڵەکا. کامیل لە بەر بڵاوکردنەوەی ئاگاداری گیرابوو، دوای بەربوونیشی بە دەرکرانی لە کاری شیرکەت ڕاچڵەکا. ئەمە بۆ هەردووکیان زەبرێکی قورس بوو. کامیل جارێکی دیکەش لە بەر هاندانی کرێکارانی کەوشسازی* گیرا. ئەو کرێکارەکانی هان دابوو بۆ زۆرکردنی مووچەکەیان مان بگرن. ئیتر لە پەستا دەچووە زیندان و هەر کە بەر دەبوو بە تاوانی بانگاشەی یاساغ دەگیراوە. لە پەستاش هەر وەک گول و هاولەیی دەرکرێ، لە کاری دەوڵەت و شیرکەت و بنکە بازرگانییەکان دەردەکرا. لە مەودای ئەم ڕووداوانە ماڵەکەی گوێستەوە بۆ ئەم خانووە چکۆلەی ئێستای. ماڵی چی؟ کەوێڵێک یان ئەشکەوتێکی تەنگەبەر بوو کە خۆر تەنیا بەیانان لە پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتەوە هێڵێکی باریکی دەنارده ژوورەوە و زەوییەکەی لە ڕێژنەبارانی تەموزدا نمەیەکی لێدەکەوت. سامیە لێ بڕا سووکایەتی قەبووڵ بکا و لای خەڵک کار بکا و خەرجی ژیانی منداڵەکانی دابین بکا. دژایەتی نێوان ژن و

* کەوش: پێڵاو

مێرد کە لە تافی ژیاندا بوون ببوە بنێشتە خۆشەی سەر زاری ژن و مێردەکانی دیکە. ژنە زۆر جار توورە دەبوو و دەیگوڕاند بە سەر مێردەکەی و کۆمەڵەکەی و ئەو هەڤاڵانەیدا کە ئەوانیان بەرەو ئەم جەحەندەمە بردووە. دوعای لێدەکردن: ماڵتان وێران بێ وەک ماڵوێرانتان کردم.

بەڵام کامیل هەر وەک جاران لە سەر بڕواکەی سوور بوو و نەیدەویست لە کۆمەڵەکە بێتە دەرێ و گوێچکەی بە هاوار و تکا و لالای ژنەکەی نەدەبزوا و تەواوی ڕۆژ و بەشێکی زۆری شەوانەی لەگەڵ هەڤاڵەکانی دەبردە سەر. هەتا ئەوەی ئێوارەیەکیان ناخۆشییەکی گەورە کەوتە نێوانیان و نزیک بوو خراپ تێگەیشتن لە مەسەلەیەک ببێتە شەڕ و لێدان. لە ئاکامدا ئەندامەتی لە کامیل سەندراوە. ئەمە گەورەترین کۆستێ بوو کە ڕووی تێکردبوو. بەڵام بڕواکەی هەر وا بەهێز بوو. هەر وەک پێشوو شاڵە سوورەکەی لە مل دەکرد و لە دووی سووکناهێنەرێک دەگەڕا و ئاخری شەڕابی دیتەوە. پاش بەینێک وردەوردە حاڵی بەرەو خراپبوون دەڕۆیشت. ئیتر ناسیاوەکانیشی خۆیان لێنەدەدا و پاش تەمەنێک ئابڕووداری، بێڕێز و حورمەت ببوو و بیر و هۆشێکی واشی نەمابوو. کاتێک لە پێیانەڕێیەکدا هاواڵێکی دەدی خۆی لێ لادەدا و دەچووە پێڕەوەکەی دیکە. زۆربەی پۆلیسەکان دەیانناسی. ئەو مشتەرییەکی دووپاتە و چەند پاتەیان بوو. هەر کاتێک دەیاندی، لەگەڵی دەکەوتن و دەیانخستە ژێر چاوەدێری. ئەویش ئەم کارەی پێناخۆش نەبوو. هەر لەم ڕێگایەوە توانی سێ کەس لە گەورەکانیان بێنێتە سەر بڕوای خۆی.

***

پاش حەوتوویەک نەخۆشییەکەی نادیە پیستر بوو. ڕەنگی زەرد، کز و لاواز، دوو چاوە ڕەشە گەورەکانی کە وەک هی بابی دەچوون زۆرتر ماسیبوون. سامیە بە مێردەکەی گوت: چاو لێ بکە! چاو لەو مناڵە بەسزمانە بکە.... شێی ئەم زاخرخانە دەیکوژێ... وا هەست دەکەم ئەم مناڵەم لە دەس دەبێتەوە و وەک شەمێک دەکوژێتەوە... تۆش کە هەر بیرت لای فەلسەفە و

پەرداخی ئارەقەکەتە.... دەبێ دیسان دوکتور بێنینە سەری... ئاخر چۆن باوەڕ بکەم زێڕەکەت بە دوو لیرە و نیو فرۆشتووە! من کەرم؟! ها... پێت وایە من گەوجم!! ئەم ملپێچە سوورە لە ملت بکەوە و لایبە لە بەر چاوم... ئەمەیە تۆی خنکاندووە و منی کوشتووە و منداڵەکانمی لە بەین بردووە... پێم وایە هەر بەمەش بەرەو گۆڕ ڕاکێشمان دەکەن....

ـ کێ گوتی سێ منداڵم بۆ بزێی؟! منداڵ... منداڵ... منداڵ...

کامیل کە چاوەکانی لە بەردەمی بڕیبوو ئەم قسانەی گوت و دوایین وشەکەی بە هێواشی دووپات کردەوە، دوایە سەری هەڵێنا و گوتی: ئەی پێت نەدەگوتم خودا ڕۆزی هەر منداڵێک لە گەڵ خۆیدا دەنێرێ؟ دەبا نانێکمان بۆ بنێرێ... دەبا گازێکمان بۆ بنێرێ... دەبا دوکتورێکمان بۆ بنێرێ! پێی بڵێ دەی، پێی بڵێ... نوێژ بکە بۆ خودا کەڕەکەت، سوژدەی بۆ بەرە و سنگت بڕنە....

سامیە لە ڕقدا سوور ببۆوە، ویستی ڕقەکەی بە سەر مێردەکەیدا بڕێژێ، بەڵام دەستی کرد بە گریان و گوتی:

ـ بەڵام تۆ ئیمانی منت بێهێز کرد... وات لێ کردم کفر بکەم! خودایە تۆبە... تۆبە!... خۆزگەم بەو زەمانەی نوێژ و تاعەتم دەکرد و خەریکی زیکر و تۆبە بووم و دەچوومە ڕێوڕەسمی شێوی ڕەببانی... ئەو کاتە هەستم بە ڕۆحسووکی دەکرد... لانی کەم بڕوام بە ژیانی پاش دنیا کە بەختەوەری تێدایە هەبوو، بەڵام ئێستا....

ـ هاها! ئەمانەش وەک ئەوانن، هەموویان لەم شیرکەتەدا بەشدارن. دەستەیەک لە جیهاندا خەریکی زوڵم و زۆرن، دەستەیەکی دیکەش دڵی هەژارەکان بە دنیای دیکە خۆش دەکەن...

ـ دیسان هاتینەوە سەر باسی فەلسەفە ژاراوییەکەت... گوتم ئەم شاڵە سوورەی ملت داکەنە!

شاڵەکەی گرت و دەستی کرد بە جنێو دان و لۆمە کردنی. کامیل دەستی ژنەکەی گرت و قامکەکانی ڕێکگوشی. سامیە شاڵەکەی بەردا. کامیل بە

قاقایەکی درێژەوە گوتی: بەڵام تۆ نافامی... پێم وابوو ڕۆژێ لە مێردەکەت دەگەی... ئاخ، ئەو هەموو هەوڵەی لە گەڵ تۆم دا بە فیڕۆ چوو... ئاخری ئەو کۆشکانە بە سەریاندا دەڕووخێنین... پێم گوتی ئاخری ئەنجن ئەنجنیان دەکەین و لە نێویان دەبەین... ئەم دەستانە دەبێ سەریان پان کاتەوە، دەبێ ورگیان بدڕێ... ئەم شاڵە سوورەت دیوە؟! دەبێ ئەم دەستانە بە خوێنیان ڕەنگ بکرێ و وەک ئەم شاڵە سوورسوور بێت!

دەستی کرد بە هاوار و داد، چاوەکانی ئاوریان لێدەباری، شاڵەکە لە ملیەوە کەوتە سەر شانی و قەڵافەتی وەک شێتی لێهات.

نەخۆشە چکۆلەکە لە خەو هەستابوو و بە دەنگی بەرز دەگریا. دایکی چووە لای و باوکی لە دیوەکە چووە دەرێ و درگاکەی شەق پێوەدا و خێرا بەرەو بازاڕی زێڕینگەران ڕۆیشت.

ـ هۆی کاکە! فریوت داوم! یان خشڵەکەم دەوە یان دوو لیرە و نیوی دیکەم دەیە... نرخی ئەم زێڕە پێنج لیرەیە.... یان پووڵ یان دەسبەند....

زێڕینگەر بڕێک خۆی بە زێڕەکەی بەردەمی خەریک کرد پاشان بە زەڕەبینەکەوە سەری هەڵێنا و بە بزەیەکەوە گوتی: خرینگە؟ فرۆشتم بە قوربان...

دوایە بە زەڕەبینەکەوە گەڕاوە سەر زێڕە trووسکەدارەکە. کامیل ویستی مستێ لە میزەکە بدا و ئەوەی تێی دایە پڕش و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام هەستێک لە دەروونیدا بەری گرت. بە هێمنی لە کابرا چووە پێشێ و بە ناڕەحەتییەکی ڕاستەقینەوە کە بۆ یەکەم جار لێرە و لای ئەم زێڕینگەرە هەستی پێدەکرد باسی نەخۆشی کچەکەی بۆ کرد. کابرا بێئەوەی دەس لە کارەکەی هەڵگرێ گوێی بۆ ڕاگرتبوو. دوایە زەڕەبینەکەی لە سەر چاوی لابرد و جانتاکەی کردەوە و نیو لیرەی خستە سەر میزەکە. گوتی: کەوابێ مەسەلە مەسەلەی ڕوحم و بەزەیە؟! ئەگەر وا بێ هەڵوێست دەگۆڕێ... ئەی بۆ پێشتر ئەمەت پێنەگوتم؟ ها بیگرە، خودا شەفای بدا... بەو مەرجەی قسەکەت ڕاست بێ و کچێکت هەبێ و نەخۆش بێ....

زێڕینگەر پێکەنی و بە پێکەنینەکەی کاسەی دڵی کامیلی لێوڕێژ کرد. پووڵەکەی بۆ فڕێ داوە. پووڵەکە بە بەر چاویدا ڕۆیی و لە درگاوە کەوتە سەر شەقام. کامیل گوڕاندی: بەزەیی؟! چاکە؟! نا نا، من مامەڵە بەم شتە ناکەم، ئەمە بنێشتەخۆشەی سەر زاری ئێوەیە، من تەنیا عەداڵەتم لە تۆ دەوێ... عەداڵەت... عەداڵەت....

ئەمەی گوت و چووە دەرێ. زێڕینگەر خۆی گەیاندە شەقام و زەڕەبینەکەی لە چاو کرد و بە چاو و لووت بە دوای نیو لیرەکەیدا دەگەڕا. هەتا دیتیەوە و خۆڵەکەی لێکردەوە و خستییەوە جانتاکەی. پاشان ڕووی لە شوێنی ڕۆیشتنی کامیل کرد و بە دەنگی بەرز پێکەنی. نەتدەزانی بەم پێکەنینە گاڵتەی بەو دەکا یان لە بەر گەڕانەوەی نیو لیرەکەی پیرۆزبایی بە خۆی دەڵێ.

کامیل گەڕاوە بۆ ماڵ. لە دیوەکەدا دەهات و دەچوو و جگەرەی هەڵدەکرد. گوێی لە ناڵینی کچەکەی بوو. جارجارە دەچووە لای و دەستی لە نێوچاوانی دەدا، ئاور بوو، دڵی کامیلیش وەک بەفر وردە وردە بە ژانەوە دەتواوە.

ئێوارێ کە سامیە لە کار گەڕاوە بزەی لە سەر لێو بوو. لێوەکانی لە مێژ بوو پێکەنینیان بە خۆوە نەدیتبوو. خێرا چووە لای مێردەکەی و بڕێک نانەڕەقی خستە سەر کۆشی و گوتی: دیتت چۆن خودا چاکەی ئەم منداڵەی بۆ نادرین؟ ئەمڕۆ جلم بۆ تازەماڵێکی گەڕەک شۆرد.... هەر لێرە، نزیک بە سێڕا، لە خانووە گەورەکەدا... ژنەکەی دە قورش و ئەم بڕە نانەی پێدام، مێردەکەشی نیو لیرەی پێدام، سەرجەم ئەبێتە شەست قورش... ئیتر هەر کات جلیان بۆ بشۆم ئەوندەم دەدەنێ. حەوتووی دوو ڕۆژیش دەچم، ئێستا ئیمانت بە خودا هەیە؟!

ژنەکە بە چاوی پڕ لە سەرکەوتووییەوە لە مێردەکەی دەڕوانی، ئەویش وەک جاران قاقایەکی کێشا و لە ژنەکەی پرسی: ئەی لەبری ئەوە هیچی پێنەگوتی؟! نەیگوت چەند جوانی؟!

ڕەنگی ڕوخساری ژنە گۆڕا و بە پێکەنینێک کە گاڵتە بە خۆی بوو وەڵامی داوە: جوان؟! ئەگەر جوانییەکم بووبێ بە سەر چوو....

***

کامیل بە بێسەبری چاوەڕێی بەیانی بوو. لە دیوەکەدا دەهات و دەچوو و چاوی لە پەنجەرەی ڕۆژهەڵات دەکرد. کاتێ ڕووناکییەکی نەدەدی بڕۆی گرژ دەکرد و لە بەر خۆیەوە ورتەی دەهات و وەک شێت دەستی دەوەشاند. سێبەرەکەی لە بەر تیشکی مۆمە لەرزۆکەکەی سەر ئاسنی جێخەوی نەخۆشەکە لە سەر دیوار سەمای دەکرد.

نادیە لە هۆش چووبوو. باوکی شەو بە شەست قورشەوە چووبووە لای دوکتور و داوای لێکردبوو جارێکی تر بێ کچەکەی ببینێ. پێی گوتبوو مەرگ هەڕەشەی لێدەکا و ئەرکی مرۆڤدۆستی ناچاری دەکا بەم پووڵە کەمە ڕازی بێ، دەنا بە زۆر دەیبا.

دوکتور لەم چەشنە قسە کردنە ڕقی هەستابوو و درگاکەی لە سەر داخستبوو.

ئێستا کامیل دەیەویست بچێتەوە بۆ لای زێڕینگەر. باسی نیو لیرەکەی بۆ ژنەکەی گێڕابۆوە. ئەویش سەرکۆنەی کردبوو و گوتبووی دەبوو وەریبگرتایە. بەڵێ دەبوو وەریگرتبایە. ئەگەر ئەو نیو لیرەی پێبوایە و بیخستایەتە سەر ئەم شەست قورشە، پووڵەکەی بڕێک زۆرتر دەبوو و ڕەنگە دوکتور لە بری هاتنەکەی بەم پووڵە ڕازی ببوایە.

بە دەرکەوتنی یەکەم تیشکی بەیانی، پاسەوانی شەو لە بازاڕی زێڕینگەران تێپەڕی. پیاوێکی جلشڕی دی کە لە بازاڕدا هەر هاتوچۆی بوو. هەر کە دەگەیشتە سەرەتا و کۆتایی بازاڕ، لووتە درێژەکەی بە ڕاست و چەپدا وەردەسووڕاند. دوایە بەرەو عەرزیی درێژ دەکردەوە و سەر لە نوێ کارەکەی دەس پێدەکردەوە. گومان کەوتە دڵی پاسەوان. ویستی ڕاوەستێ و کابرا بخاتە ژێ چاوەدێری. چاوی لە سەعاتەکەی کرد. کاتی بەرپرسێتیی ئەو تەواو ببوو. سەرێکی ڕاوەشاند و تێلاکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

ئاخری زێڕینگەرێک دووکانەکەی هەڵگرت. دوایە دووهەمین و سێیەمین و ئەوانی دیکە... بڵێی قەزاوقەدەر هێندە بێبەزەیی بووبێ کە دەبێ زێڕینگەرەکەی ئەو دوایین کەس بێ دووکان هەڵبگرێ؟!

کامیل هەستی بە سووکایەتییەک دەکرد کە قەتی بە خۆوە نەدیبوو، هێواش هێواش لە دەرابەکە چووە پێش و دووکانەکەی لەگەڵ زێڕینگەر هەڵگرت. دەتگوت بەم کارە داوای لێدەکا لێی خۆش بێ و تاوانەکەی ببەخشێ. بە دوای زێڕینگەردا چووە ژوورێ. کابرا دەستی کرد بە ڕێکوپێک کردن و سڕینی زێڕەکان. کامیلی بە هیچ دانەنا هەر وەک بڵێی لە دووکانەکەیدا نەبێ، بێدەنگییەکی زۆر کەسەرهێنەر بە سەریاندا زاڵ ببوو. کامیل تفەکەی قووت دا و گوتی: دوێنێ نیو لیرەت پێدام و...

- بەڵێ تۆش وەرتنەگرت؟ ئەگەر پێتخۆشە دوو لیرە و نیوەکەم بدەوە، منیش خرینگەکەت دەدەمەوە... با ئیتر لەم سەودایە ڕزگار بم...

زێڕینگەر بە ترسەوە چاوی لە کامیل بڕیبوو و خۆی بۆ وەڵامەکەی تەیار دەکرد. ڕازی بوو بە جێی نیو لیرە، لیرەیەک، دوو لیرە و تەنانەت چوار لیرەشی بداتێ بەو مەرجەی خرینگە بەنرخەکەی لێنەستێنێتەوە. کامیل گوتی: ئەی چۆن گوتت فرۆشتوومە؟

پرسیارەکەی تێکەڵاوی هێندێک تووڕەیی بوو. بە دوای قسەکەی کامیلدا دوو ژن هاتنە ژوورێ و زێڕینگەر خۆی بۆ خزمەتکردنیان حازر کرد. لێرە خرینگەیەکی نیشان دەدان، لەوێ پلپڵەیەک... دڵێک لێرە و گوارەیەک لەولاتر. کامیل بە جوانی لەم دیمەنەی دەڕوانی. گەوجێتییەکەی خۆی وەبیر هاتەوە - گەرچی پاشان بەکاری هات، بەڵام هەر گەوجێتی بوو - پێی وابوو ئەم گەوجێتییە پاشماوەی بورژوازییە لەودا دەبیندرێ، ئەویش هی کاتێک بوو کە لە تەڕابلوس پاش زەماوەندەکەی چووە بازاڕی زێڕینگەران و ئەم خشڵەی بۆ سامیە کڕی. کامیل چاوی لە زێڕەکانی بەردەستی ژنەکان دەکرد و گوێی بۆ چەنە لێدانیان دەگرت. لەپڕ چاوی بە ویترینێکی لای ڕاستی کەوت کە زێڕینگەر کردبوویەوە هەتا زێڕەکانی ئەوێش نیشانی ژنەکان بدا بەڵام

داینەخستبۆوە. چاوی بە خشڵەکە کەوت... ئەوەتانێ! ئەوە زێڕەکەی خۆیەتی...!

خێراخێرا بە چاوی ڕاستی لە ویترینەکەی دەڕوانی. پاشان سەندەڵییەکەی بەرەو لای ڕاست برد و بە دزییەوە چاوی لە زێڕینگەر کرد. دەستی بەرەو ویترینەکە برد. دەستی بە ئاشکرا دەلەرزی. ویستی لەرزینەکەی ڕاگرێ، نەیتوانی. تەواوی هێزی خۆی کۆ کردەوە و دەستی درێژ کرد. خشڵەکەی وەبەر دەست کەوت و بە قامکەکانی گرتی و خستییە گیرفانی. بە گرانباری هەستا و پەڕیە نێو قسەی ژنەکان و زێڕینگەر. قسەی بێسەرەوبەرەی دەکرد و وشەکان هەروا لە زاری دەهاتنە دەرێ.

کاتێک ژنەکان چوونە دەرێ زێڕینگەر خۆشحاڵ بوو. چەقەنەی لێدەدا و لە بەر قازانجی سەوداکەی لەگەڵ ئەو ژنانە پێدەکەنی. خێرا بە شادییەکی زۆرەوە جانتاکەی کردەوە و لیرەیەکی بە کابرای چاوەڕوان دا. کامیل هەتا نەچووە دەرێ هەستی بە لیرەکەی نێو مشتی نەکرد.

هەر کە کامیل گەیشتە سەرەتای بازاڕ لای گۆڕەپانی شەهیدانەوە، لە پشتەوە هەراوهوریا هەستا: دز! دز! بیگرن، بیگرن!

ئەم وشەیە لە سەر تاپێی کامیلدا دەنگی داوە، بەڵام بە هێندی نەگرت و هەروا بە هێواشی ڕێگای خۆی بڕی. هەتا خەڵک وەدووی کەوتن و دەنگی فیتوو و بیگرن بیگرنی پاسەوان وڵاتی پڕ کرد. ئاخری پۆلیسێک گرتی و تفێکی لە نێوچاوانی کرد: کومونیست! ئەوە تۆی؟ هەم کومونیست، هەم دز؟!

دەستی لە گیرفانی کامیل دا، خشڵەکەی وەبەر دەست هات، بردیە پاسگا. لەوێش بەر لەوەی دەلاقەی زیندانی لێ داخرێ، پۆلیسەکانی دیکە چینێکی باشیان لێدا. بەڵام ئەو هیچی نەدەگوت. کاتێک ئەوان ڕۆیشتن چاوی لە شاڵە سوورەکەی کرد. شاڵەکە دڕابوو. چەن دڵۆپی گەورەی خوێنی لووتیشی ڕژابووە سەری. دڵۆپەکان تروسکەیەکی سەرنجڕاکێشیان هەبوو. قاقایەکی کێشا و هەروا کە لە شاڵەکە ڕامابوو لە خەیاڵیدا خوێنەکە ببوو بە بەیانییەکی سووری گەورە و باڵی بە سەر دنیادا کێشابوو....

# قەبری دایکێک

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی، کچەکە نەبوونی دوو برا چکۆلەکەی و سەرقاڵ بوونی باوکی کە خەریکی بەڕێکردنی میوان بوو، بە هەل زانی و لە درگای متبەقەوە دەرباز بوو و بەرەو گۆڕستان هەڵات هەتا دایکی ببینێ. ئەمەی بە دڵنیایی و سادەیی منالآن دەگوت. هەڵبەت نەک کچە هێشتا هەر منال بێ، ئەو مانگێک زیاتر بوو سنووری چاردە ساڵانی بەزاندبوو. قسەکەی لە بەر ئەوە بوو کە نەیدەتوانی ئەم قسەی خەڵکی و باوکی قووت بدا: هەموو شتێ تەواو بوو... قەت دایک ئاوا نامرێ! هێندێ قۆناغ هەیە کە پێش ئەوەی بڕیاری سەفەری بێگەڕانەوە بدەی دەبێ لەوان تێپەڕ بی! کوا سپیەتی پرچ؟! لەرزینی دەس؟! کووڕی پشت؟! کوانێ بە گۆچان ڕۆیشتنی بەیانانی یەکشەممە بەرەو کلێسە و دیتنی شەوانەی هاواڵەکان؟! مەرگی دایکان هێندێ نەریت و بنەمای هەیە کە دنیای خەڵکی لە سەرەتای ژینەوە هەتا کۆتایی ڕەچاوی کردووە.

بەڵام ئەگەر دایکی کچە حەوتووی پێشوو نەخۆش بکەوێ و دوای دوو ڕۆژ دوکتور بێت و بۆ نەخۆشخانەی ببات و دوای سێ ڕۆژ باوکی و هەڤاڵەکانی هەڵیبگرن و بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە و ئەویان لەگەڵ نەبێ، لای جیرانەکانیش نەبێ و لە کلێسەش نەبێ... ئەمە شتێکی ئەستەم و نەگونجاوە!!!

لە ڕێگا هێندەی پەلە کردبوو کە بە هەناسەبڕکێ گەیشتە گۆڕستان. دیتی درگاکەی ئاوەڵایە. چووە ژوورێ. لە مەوبەر قەت پێی نەنابووە شاری خامۆشان. جوانی و ڕازاوەیی گۆڕەکان سەرنجی ئەویان ڕاکێشابوو. بە نێویاندا گەڕا. لای هەر گۆڕێ کەمێ ڕادەوەستا و نووسراوە زێڕینەکەی

دەخوێندەوە. لێرە چاوی بە پەیکەرەیەکی جوان دەکەوت کە دەتگوت بەرەو پیری دێ... لەم لا خاچێکی گەورەی دەدی کە باسکەکانی لە ئاسۆدا بڵاو کردبۆوە... لەو لاتر تاجە گوڵینەیەکی دەسکردی دەدی کە خۆر سیسی نەدەکرد و زستان زەفەری پێنەدەبرد.

نەیزانی چەندە وەختەکەی بەم شتە دڵرفێن و جوانانەوە گیراوە. لەپڕ وەخۆ هاتەوە و پێی وابوو بێئەوەی ئاگای لێ بێ بەلای گۆڕەکەی دایکیدا تێپەڕیوە. بە ڕێگاکەیدا گەڕاوە و سەر لە نوێ چاوی بە گۆڕەکاندا گێڕا... دایکی، گۆڕی ئاوا ڕازاوە و جوانی نەبوو... خەریک بوو شێت بێ. ئۆقرەی لێهەڵگیرابوو. نە ئاسمان هەڵیدەکێشا، نە زەویش قووتی دەدا. هەتا ئاخری ناهومێدی بە سەریدا زاڵ بوو، ئەمجار بە تەواوی هێزەوە قیژاندی: «دایە!! دایە!!» پاشان بە عەرزدا کەوت.

پارێزەری گۆڕستان هەستی کرد زیندوویەک لە مەڵبەندە کڕوکپەکەیدایە. هاتە پێشتر و لە دەوروبەری ڕوانی هەتا کیژەکەی دیتەوە. کاتێ دوای حەول و تەقەللایەکی زۆر زانی کێ دایکییەتی، پێکەنی و بە گاڵتەوە پێی گوت: لێرە بە دووی دایکتدا دەگەڕێی؟!.... وەرە.....!

دەستی گرت و بۆ سووچێکی دوور و بێکارەی برد کە هێندێک گژوگیای بێناوی لێ ڕوابوو. کابرا بڕێک تاجەگوڵینەی سیسی نیشان دا کە لە سەر عەرزێکی تازە هەڵگەڕاوە کەوتبوون.

گوتی: ئێرەیە!

پاشان پشتی تێکرد و ڕۆیی.

***

کچەکە بە دوو ڕاستەقینەوە گەڕاوە بۆ ماڵێ. یەکەم، دایکی مردووە، دووهەم، مەرگەکەی زۆر سووک و هەژارانە بووە کە شیاوی دایکان نییە! چونکە ئەگەر هەر دەبوایە بمردایە، دەبوو لانی کەم گومبەزێکی دەسکرد و پەیکەرەیەکی جوان و تاجە گوڵینەیەکی بێژاکانی لە گەڵدا بوایە.

هەر کە پرسەکاران ماڵەوەیان چۆڵ کرد چووە لای باوکی و داوای لێ کرد سبەینێ زوو گۆڕێکی جوان و ڕازاوە بۆ دایکی دروست بکا و دەستی کرد بە شیکردنەوەی چۆنیەتی قەبرەکە... باوکی کڕوکپ گوێی بۆ ڕاگرتبوو، نیگاکانی لە کچەکەی دەدزییەوە. دوایە لە باوەشی گرت و بە گریانەوە گوتی:

ـ حەتمەنە کچەکەم... حەتمەن! قەبرێکی باشی بۆ دروست دەکەین... بەڵام ئێستا دەبێ دوعای بۆ بکەی... بەڵێنیشم دەیە ئیتر قەت بە تەنیا نەچی بۆ گۆڕستان!

بەڵام نە کچە و نە باوک هیچیان پەیمانەکەیان نەبردە سەر. باوک لە دروستکردنی قەبرەکەدا ئەم دەس و ئەو دەسی بە کچەکە دەکرد و دەیخستە ئەمڕۆ و سبەینێ و هەتا بیتوانیبایە کچەکەی هەڵدەخەڵەتاند و وێڕای ئەو بیچم و بارستا و ڕەنگی گۆڕەکەی دەکێشاوە و پێکەوە سەبارەت بە فریشتەی خاوەن دوو باڵی گەورە و فریشتەی خاوەن دوو باڵی چکۆلە کە وەک گوڵ لە سەر شانی ڕوابوون قسەیان دەکرد و ئەو دووانەیان پێکەوە بەراورد دەکرد.

هەتا ئەوەی ئێوارەیەک کچەکە زۆری پێداگرت. باوکی چاوێکی لێکرد. لە چاوەکانی کچەکەیدا بۆی دەرکەوت کە ئەو هەموو شتێک دەزانێ. دەتگوت ئەو چاوانە قسە دەکەن و پێی دەڵێن: تۆ درۆزنی! درۆم لەگەڵ دەکەی!

ئیتر باوکی دەبوو ئەو تۆپە جیرەی خەیاڵی بدڕێنێ. ئەو لە بەر ناهومێد بوون لە سەرگرتنی ئەم کارە ڕۆژی لێ تاڵ ببوو، بۆیە بە توندی گوڕاندی: ئەتۆ شێتی! ئێمەی زیندوو نانی شەومان نییە بیخۆین کەچی تۆ دەتەوێ بۆ دایکی مردووت قەبری مەڕمەڕ دروست بکەی؟!

ئەو شەوە کچە زۆر گریا. باڵنجەکەی لە ئامێز گرتبوو و بە گریانەوە دایکی دەلاواندەوە. پێی وابوو کاتێ هەواڵی مردنی دایکی پێدرابوو هێندە نەگریاوە. بەیانی جلەکانی لەبەر کرد و بێپرسی باوکی دەرکەوت.

ئەگەریش باوکی لێی بپرسیبایە، بۆ کوێ؟! سەری وەردەسووڕاند و وەڵامی نەدەداوە؛ بەڵام باوکی هیچی نەگوت. کچەکە ئەمجارە یەکڕاست بۆ لای سووچە دوورە چکۆلەکە چوو. تاجە گوڵەکان ببوونە هێندێ چیلکەی ویشکی لار و درێژ و خۆڵی ژێرەکەیان ویشکەوە ببوو و ڕەنگەکەی وەک ڕەنگی عەرزی لێهاتبوو.

کچە لە جێگای خۆیدا ویشک بوو. پێی وابوو دایکی دوو جار مردووە: دوێنێ لە دنیادا دەرچووە و ئەمڕۆش لە ماڵ و دڵی مێرد و منداڵەکەیدا دەمرێ. جانتاکەی کردەوە و وێنەیەکی چکۆلەی دایکی دەرهێنا. وێنەکە هی تافی کچێنی بوو کە دایکی پێش مردنی پێی دابوو. چووبووە ناخی وێنەکە و بە شیرینترین وشە لەگەڵی دەدوا. سەری سوڕمابوو لە جوانی ڕوخساری، چاوی کەژاڵی، شیرینی گفتی دەمی کە بێجگە لە دوعا و بێدەنگی هیچی دیکەی نەناسیبوو.

وێنەکە پێدەکەنی. کچەکەش وەڵامی داوە. پاشان بە قامکەکانی توند توند وێنەکەی گرت و بە دڵپڕییەوە گوتی:

ـ دایە!! دایە!! بە قوربانی جوانیت بووم! تۆ پێت گوتم زوو شووت کردووە. ئەگەر برێک دەستت ڕاگرتبایە حەتمەن کەسێکی تر کە هەزار جار لە باوکم باشتر دەبوو دەهاتە خوازبێنیت...

وێنەکەی بۆ لای لێوی برد. زانی چ قسەیەکی نەفامانەی کردووە. زۆرتر ئاوری گرت. حەجمینی نەمابوو. خۆی دا بە عەرزا. دەیویست سنگی لە عەرزەکە بکوتێ و بە لەتوپەت کردنی خۆی تۆڵە لە قەزا و قەدەر بستێنێتەوە. هەر وا خۆی دەتلاندەوە کە لە پڕ لە نێو خۆڵەکەدا چاوی بە شتێکی خڕی سپی کەوت. دەستی بۆ برد و وەریسووڕاند ـ ئەی هاوار ـ کاسە سەرێکی چاوکونی ددان ڕیچ بوو. لە ترسا بە هەموو هێزیەوە قیژاندی و بەرەو درگا هەڵات.

***

پاش چەند ڕۆژ بە داری ڕەش گومبەزێک لەوێ دروست کرا. لە سووچێکدا خاچێکی دارین دانرا و ناوی دایک و مێژووی ژین و مەرگەکەی تێدا نووسرا. کچەکەش هات و لە نێو گومبەزەکەدا هێندێک گوڵی چەقاند و هەموو پووڵەکەی دا بە پارێزەری گۆڕستان هەتا هەموو ڕۆژێ گوڵەکان ئاو بدا. بەڵێنیشی پێدا هەموو حەوتوویەک ئەوندەی پووڵ بداتێ.

هەموو ئەم کارانە دوای ئەوە کرا کە باوکی بە ڕووداوە ترسێنەرەکەی کچەکەی زانی. ئەویش پووڵی دار و زەحمەتانەی دارتاش و خۆشنووسی لە هەڤاڵەکانی وەرگرت و ئەم گومبەزەی دروست کرد. لەم ماوەدا کچە فەرهەنگی گۆڕستانییەکەی خۆی زۆرتر کرد و تێگەیشت ئەو خاکەی دایکی لەوێ نێژراوە لە کۆنەوە هەر بۆ هەژاران بووە و لەوێدا مردوو لە بان مردوو دەنێژرێ و ئێسک و پرووسکیان تێکەڵاو دەبێ. ئەو کاسەسەرەش کە دیتبووی هی یەکێک لەو مردووانە بوو کە خاوەنەکەی نەیانتوانیبوو گۆڕی باش و کێلی بەرز و نووسراوەی زێڕینی بۆ دروست بکات هەتا ئەمانە پێناسەی مردووەکە بن؛ هەروەها تێگەیشت ئەگەر باوکی بیتوانیبایە قەبرێکی تایبەت بۆ دایکی دروست بکا، دەبوو پێشتر زەوییەکەی بکڕیبایە و لە شاری مردووەکاندا ماڵێکی بە قەد خانووی شاری زیندووەکانی دروست بکردایە، جا کچەکە لەو تاوانانەی باوکی کە پێی وابوو بۆ لێبوردن نابن، خۆش دەبوو... بەڵام بە دروست کردنی ئەم گومبەزە چکۆلە دەسبەردار بوو چونکە پارێزەری گۆڕستان بەڵێنی پێدا بوو هەتا کاتێ زەوی دەکڕێ کەسی دیکە لێرەدا نەنێژرێ. بەڵام چۆن زەوی دەکڕێ؟ ئەمە نهێنییەک بوو لە بەینی خۆی و دڵی خۆیدا. نهێنییەکی گەورە کە نە بۆ باوکی درکاند، نە بۆ کەسی دیکە. (بەڵێ، هەر دایک شیاوی ئەوەیە بەمە بزانێ و بێگومان بەمەش بەختەوەر دەبێ)

کچەکە ئەو ئێوارێیە لای گوڵەکانی قەبرەکە هەڵترووشکا و قەڵەمەی کردن. پاشان سووکە ئاوڕێکی داوە و چاوی لە خاچ و دیوارەکانی گومبەزەکە کرد و بە سرتەوە بە دایکی گوت:

ـ دایە! دڵنیا بە ئەمە شتێکی کاتییە.... لە بیرتە؟! نەبوو پێ دەگوتی من هەر شوو بە کوڕێکی جوان و جەحێڵ دەکەم، با ماڵی دنیاشی نەبێ و ئەسپێ لە گیرفانیدا سەوزەڵێ بڵێ... بەڵام دایە، ئێستاکە بیروڕاکەم گۆڕیوە... من کوڕێکی دەوڵەمەند هەڵدەبژێرم... مەرجی یەکەمیشم نە جلوبەرگی هاورێشمە، نە ئەنگوستیلە و خرینگە... بەڵکو مەرجەکەم ئەوەیە کە دەبێ خێرا دوای تاجە گوڵینە گڵکۆیەکی باش و ڕازاوەت بۆ دروست بکا کە شیاوی تۆ بێ....

## پەندێک لە شەقامەوە

دوێنــێ شــتێکی ســەیرم لــێ روون بــۆوە. زانــیم ئــەو بارەبــەرەی کەلوپەلەکـەمی لـە بـازاڕەوە بـۆ مـاڵێ هـەڵگـرت ئینسـانێکە وەک خـۆم. لـەم زانیارییەش بەو ڕادەی کە شەرمەزار بووم سەرم سوڕ نەما.

خێزانم داوای لێکردم بچمە بازاڕ و بڕێ پێداویستی ماڵێ بکڕم. چوومە بازاڕی سەوزی فرۆشان. هەر کە چوومە نێو بازاڕ، دەوراندەورم پڕ بوو لە بارەبەر. بازاڕی سەوزیفرۆشان مەکۆی ئەو کەسانەیە. تەمەنی زۆربەیان لە نێوان حەوت ساڵ و دە ساڵدایە، سەر ئاڵۆزکاو، جلچڵکن و دڕاو، پێخاوس، لە منداڵییەوە لاقیان هاواڵی زیخ و خۆڵە، بۆیە توێژی خوارەوەی لاقیان بۆتە کەوشێکی ویشک و ئەستوور، نە پووڵێکیان پێ داوە و نە قەت پێویستی بە گۆڕین هەیە. ئەم بارەبەرانە قرتاڵەی گەورەگەورەیان بە کۆڵەوەیە. هەر قرتاڵەیەک بۆ دوو کەسیان دەبێ.

لە دەوروبەرم قالوبەلایەکیان بوو، سەیر! ئەم پاڵی بەوی دیکەوە دەنا، ئەو جنێوی بەوەی دیکە دەدا و لەم بەینەدا هەر قرتاڵە بوو لە یەکتر دەکەوت. هەر کام لەوان دوو چاوی پڕ لە تکای لە من دەبڕی و هاواری دەکرد:

ـ من!

سەرم سوڕما، کامیان هەڵبژێرم. ئاخری ڕێگاچارەیەکم بۆ ئەم گرفتە دیتەوە. ڕووم لە دانەیەکیان کرد کە لە بەر کزی و بێهێزی دوورتر ڕاوەستابوو. بەزەییم پێیدا هات. ئاماژەم پێکرد بێتە پێشێ.

دەستم کرد بە گەڕان بە ناو بازاڕدا، لەم دووکان بۆ ئەو دووکان. بارەبەری چکۆلەش بە قرتاڵە گەورەکەیەوە هەر بە دوامەوە بوو. لێرە بڕێکم

باینجان تیٚخست. لەو لاتر دوو کیلۆ گۆشت و لە شوێنێکی تر پیواز و توور و هێلکە و ئەو شتانەی کە لە تۆمارەکەی خێزانمدا نووسرابوو.

کڕینمان تەواو کرد و ویستم بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ، ماڵیش دوور لە بازاڕ، ئەگەر بە پێیان لەگەڵ بارەبەر بڕۆشتایەم سێ چارەگی پێ دەچوو. پێشنیارم بە حەماڵەکە کرد پێکەوە سواری تراموا بین و پووڵی ترامواکەی کە دوو قرش و نیو بوو لە کرێکەی بگێڕمەوە کە حەوت قرش بوو، بەڵام ئەو وای پێباش بوو بە پێیان بێت و دوو قرش و نیوی بۆ بمێنێتەوە. ئاخری بڕیارمان دانا من بە تراموا لە پێشەوە بڕۆم و لە فلانە وێزگە چاوەڕێی بم تا ئەویش دێ.

وامان کرد.

بە جێی سێ چارەگ، سەعاتێکی تەواو چاوەڕێ بووم، بەڵام بارەبەر نەهات. نگەران بووم، دوایە لە ئەمیندارییەکەی کەوتمە شکەوە، دەستم کرد بە جنێودان و لەحنەت ناردن بۆ ئەو و هەموو بارەبەرەکانی سەر زەوی. بە خۆم گوت:

ـ ئەو واوالێکراوە هەڵات و شتەکانمی برد... جا لە نێو ئەو هەموو حەماڵەدا چۆنی بناسمەوە؟

بە زەینمدا هات کە بچمە پاسگا و شکات بکەم و داوا لە پۆلیس بکەم بیبیننەوە. سبەینێش بچمە ڕۆژنامە و هەواڵەکە بڵاو بکەمەوە و داد و هاوار بکەم. هەڵبەت بە زەینیشمدا هات کە بچمەوە بازاڕ و لەوێ بۆی بگەڕێم و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ لەوێ ڕاوەستم و هەرکە چاوم پێی بکەوێ دەزانم چۆنی تۆڵە لێ بکەمەوە.

لەو بیرانەدا بووم کە لە دوورەوە تاپۆی حەماڵە چکۆڵە بەرەو لام هات. بە جێی ئەوەی هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشم زۆرتر تووڕە بووم و بە کەفچڕینەوە بەرەو لای چووم. کە لێی نزیک بوومەوە دیم لە ژێر بارەکەدا نرکەنرکیەتی و بە دوو چاوی سووری پڕ بزەوە تێم دەڕوانێ. هەر وەک بڵێی بۆ درەنگهاتنەکەی داوای لێبوردن بکات. پشتی چەمابۆوە، چۆکەکانی

وە شەقەشەق کەوتبوون و ڕەگی ملی ئەستوور ببوون، ڕەنگە ویستبێتی پەلە بکات، بۆیە هەرچی هێز بوو لە خۆی دا و هەنگاوی گەورەی هەڵێناوە. بەڵام نەیتوانی و کەوت بە عەرزدا و قرتاڵەکەش بە سەر ئەودا و هەرچی بوو پرش و بڵاو بۆوە. خۆی بە دمدا کەوت و خوێن لە لووتی بەر بوو. گوێی پێ نەدا و بە پشتی دەست خاوێنی کردەوە. هەستا بەربووە کۆکردنەوەی باینجان و گۆشت و پیواز و...

چاوی لێکرد دوو هێلکە شکاوە و لە سەر عەرز بڵاو بۆتەوە. دای لە قوڵپەی گریان. نەیدەوێرا چاو لە من بکا.


من چاوم لێکرد.

بریا کەسێک لەوێ بوایە و منی بدیبایە! زۆر سەیر حەپەسابووم. تووڕەییەکەم وەکو خوێ لە ئاودا، لە نێو گیانمدا تواوە. چوومە لای بارەبەری چکۆڵە. دەتگوت ئەو کابرای سەعاتێ لەمەو بەر نیم، دەسرەیەکم لە گیرفانم دەرهێنا و خوێنی لووتیم خاوێن کردەوە و دەستێکم لە پشتی دا و دڵنیام کرد. بەربوومە خڕکردنەوەی شتەکان. قرتاڵەکەم هەڵگرت. هێندە قورس بوو واقم وڕ ما. وەخۆم نەخست. چاوێکم لە دەوربەر کرد، نووشتامەوە و قرتاڵەکەم خستە سەر شانم و وەڕێکەوتم.

مەودای نێوان من و ماڵێ هەر پەنجا میتر دەبوو. بارەبەری چکۆڵە سەری سوڕمابوو. لە پەستا هەرای لێدەکرم. پێی وابوو من شێت بووم.

کە گەیشتمە ماڵێ ئەوندەی بڕیارم پێدابوو دامێ. هەر دەیبژراد، پێی سەیر بوو؛ بڕوای نەدەکرد. پێم پێکەنی و قرتاڵەکەی وەرگرتەوە و بەرەو بازاڕ هەڵات. لە خۆشییان قرتاڵەکەی سەرشانی کەوتبووە سەما.

## تۆفیق حەکیم



سـاڵی ١٨٩٨ (هێنـدێک سـەرچاوەش دەڵـێن ١٩٠٢) لـە ئەسکەندەرییە لـە دایک بـووە. بـاوکی پـارێزەر و دایکیشـی بـە ڕەگـەز تـورک بـووە و هێنـدە زانـا بـووە، شـوێنێکی گـەورەی لـە سـەر کەسـایەتی تۆفیق داناوە. بۆ درێژەی خوێندن چوو بۆ قاهیرە و لە زۆر فێرگە و یەک لەوان لە فێرگەی دسوق و فێرگەی محەمەدعەلی دەستی بە خوێندن کرد. پاشان وەک زۆربەی هاودەورەکانی خۆی کە ئەدەبدۆست بوون لە زانکۆی مافدا ناوی نووسی و وێڕای خوێندنەکەی خەریکی کاری شانۆش بوو.

هێشـتا هـەر قوتـابی بـوو کـە شـانۆیەکی بـۆ دەسـتەی شـانۆی (برایـانی عەکاشە) نووسی و لە ترسی لۆمەی بنەماڵەکەی بە ناوی خوازراوی حسێن تۆفیقـەوە بـڵاوی کـردەوە. دوای بـە دەس‌هێنـانی پلـەی (نێـونجی) لـە تاقیکارییەکاندا باوکی ناردییە پاریس هەتا لەوێ دوکتۆرای ماف وەرگرێ. لەوە بەدوا ژیانی تۆفیق ئاڵوگۆڕیی تەواوی بە سەردا هات و لە جێی دەرس خوێندن خـەریکی لێکۆڵینـەوە و موتـالای فەرهـەنگ و شـانۆی ئـەوڕووپا بە تایبـەت فەڕانسـە بـوو، شـانۆنامەکانی شکسـپیەر، میترلینـگ، ئیبسـۆن و پیـەر ئەنـدێللۆی بینـی و بـۆ نووسـینی شـانۆنامە و چیرۆکـەکانی خـۆی کـەڵکی لـێ وەرگرتن. هێندێک لەو بەرهەمانە دواتر تەواو کران و بڵاو بوونەوە.

ساڵی ١٩٢٨ باوکی گەڕاندییەوە بۆ میسر و بوو بە دادیاری گشتی لە بەشی دڵتای میسر.

ساڵی ١٩٣٣ دوو بەرهەمی گرینگی ئەو کە لە گەشەپێدانی ڕۆماننووسی شوێنیان هەبوو بڵاو بۆوە: «گەڕانەوەی ڕوح» و «یارانی ئەشکەوت» و بەدوای ئەمانەدا چیرۆک و شانۆنامەی زۆری دیکەی نووسی و بڵاوی کردنەوە.

تۆفیق حەکیم لە زۆر شوێندا ئیشی کردووە وەک بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان، سەرۆکی کتێبخانەی نەتەوەیی (دار الکتب). لە ساڵی ١٩٥٤دا بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی زمانی عەرەبی. ئەم پلەیە و وەرگرتنی خەڵاتی دەوڵەتیی ئەدەبیات لە ساڵی ١٩٦١دا شوێنی ئەوی وەک مەزنترین کەسایەتی ئەدەبیاتی میسر دیاری کرد. تۆفیق لە ساڵی ١٩٥٩دا بوو بە نوێنەری هەمیشەیی سازمانی یۆنیسکۆ.

لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئەنوەر ساداتدا بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (گەڕانەوەی وشیاری) کە دواتر بوو بە کتێب، هەڵلا و زەنایەکی گەورەی ساز کرد. لەو نامیلکەیەدا تۆفیق بیروڕاکانی خۆی سەبارەت بە شۆڕشی میسر لە سەردەمی جەماڵ عەبدولناسردا باس کردبوو.

نووسراوە ناودارەکانی بریتین لە:

- گەڕانەوەی ڕوح، شەهرزاد (١٩٣٤)، پیگمالیون (١٩٤٢)، پادشا و نووسەر (١٩٤٩)

لە دەیەی ١٩٤٠دا تۆفیق کۆمەڵێک شانۆنامەی یەکپەردەیی نووسی کە سەرەتا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەوە و دواتر بوون بە دوو کتێب: (شانۆی کۆمەڵگا ١٩٥٠)، (شانۆی ڕەنگاوڕەنگ ١٩٥٦)

تۆفیق حەکیم لە ساڵی ١٩٨٧ لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

# بەرەو ژینێکی باشتر

ژن: (لە کاتی چوونە دەرەوەدا) شەوت خۆش!

(دەچێتە دەرەوە و مێردەکەی بە تەنیا لە دیوەکەدا بەجێ دێڵێ... کابرا دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکەی و نوقمی خوێندنەوەی دەبێ... پاش ماوەیەک، بێ ئەوەی کابرا ئاگادار بێ، تیشکی چراکە وردەوردە کەم و زۆر دەبێ و لەپڕ تاپۆیەک لەبەر درگا پەیدا دەبێ... ئەوە "شەیتانە".)

خێرخواز: (هەستی بە بوونی کەسێک لە دیوەکەدا کردووە، وا دەزانێ خێزانیەتی... بێ ئەوەی سەری لە کتێبەکەی هەڵگرێ، دەڵێ): دیسان هاتیەوە؟ گوتم بڕۆ بخەوە.

شەیتان: ئەو ڕۆیشت و خەوت.

خێرخواز: (بە ترسەوە ئاوڕ دەداتەوە) ئەوە کێیە؟

شەیتان: منم.

خێرخواز: تۆ کێی؟

شەیتان: من ئەو کەسەم کە ئێستا لە کتێبەکەتا سەبارەت بەو شت دەخوێنیتەوە و قەدەرێک لەمەوبەر باسی ئەوت لە خۆت دەپرسی.

خێرخواز: شەیتان؟!

شەیتان: لە خزمەتت دام.

خێرخواز: م م من...

شەیتان: پێویست ناکا بە ترسێکی لاسایی‌کەرانەوە، کاتی خۆمان بە فیڕۆ بدەین... من هاتووم خزمەتێکت پێ بکەم.

خێرخواز: من نەترسام، بەڵام پەشۆکام.

شەیتان: دەی ئێستا کاتی پەشۆکان تەواو بووە؟ ئایا بەڕاستی قسە بکەین؟

خێرخواز: فەرموو.

شەیتان: حەتمەن بەسەرهاتی منت لەگەڵ فەیلەسووف "فاوست"بیستووە... هەروەک لەو کتێبەی بەردەمیشتا هاتووە، ئەوە پەیمانێک بوو لە نێوان من و ئەودا...

من هەموو بەڵێنییەکانی خۆم بردە سەر و جەحێڵیم پێ بەخشییەوە... بەڵام ئەو بڕیارەکەی نەبردە سەر و هەتا ئێستاکە حەقەکەمی نەداومەتێ...

خێرخواز: حەق؟!

شەیتان: بەڵێ، حەق، کە ڕۆحیەتی... ئەی کاتێک بڕیارنامەکەی ئیمزا دەکرد بە ئاشکرا نەیگوت کە ڕۆحی خۆییم دەداتێ؟ وابوو یان نا؟! بەڵام کە وەختی وەرگرتنی حەق هات، لەپڕ ئەم ڕۆحە بوو بە هەڵم، یان تواوە... نازانم چی بە سەر هات؟ لەپڕ بەرەو ژوور ڕۆیشت و نەمتوانی بیگرمەوە... دیوتە هاواڵەکەت چۆن فێڵی لێکردم؟

خێرخواز: هاواڵی من؟!

شەیتان: گرینگ ئەوەیە کە تۆ ئێستا ڕووبەڕووی کەسێک ڕاوەستاوی کە لە مەعامەلەدا دروستە و بەڵێنییەکەی دەباتە سەر و ڕێزی ئیمزاکەی دەزانێ.

خێرخواز: ئەمە چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

شەیتان: دەتوانی لە هەر چەشنە پەیمانێکی نێوانمان دڵنیا بی.

خێرخواز: نێوان من و تۆ؟!

شەیتان: ئەی بۆ نا؟ ئەی قەدەرێک لەمەوبەر لەم بیرەدا نەبووی؟

خێرخواز: بەڵێ... بەڵام هەر بە خەیاڵ، یان بە خۆشی... بەڵام ئەو کاتەی کارێک ناوی جیدی لێ بنرێت...

شەیتان: کە دەبێ ئەم کارە زووتر بکرێ.

خێرخواز: لەگەڵ تۆ یەک بکەوم؟ من فەیلەسووفێک نیم کە تەنیا لە بیری چارەنووسی خۆیدا بێ... من خێرخوازێکم کە دەیهەوێ چارەنووسی خەڵک لە چنگی شەیتان ڕزگار بکا... ئاخۆ ئەمە بە تەواوی لەگەڵ ئەرکەکەم دژایەتی نییە؟

شەیتان: ئەگەر ڕاستت دەوێ، من ئێستا تەواو ئامادەم بۆ ئیسلاحی خەڵک یارمەتیت بدەم... قەبووڵتە یان نا؟

خێرخواز: ئیسلاحی خەڵک؟!

شەیتان: هەر لە چاو ترووکانێکدا.

خێرخواز: تۆ ئەو کارە دەکەی؟!

شەیتان: تاقیم بکەوە.

خێرخواز: نرخەکەی چیە؟

شەیتان: زۆر سادەیە... دڵنیا بە داوای ڕۆحت ناکەم... ئیتر ئەم مەسەلەی ڕۆحە جێی متمانە نییە، نا، نا، ئیتر کارم بە کاڵایەکی نامۆ نییە کە هەمیشە فێڵ و تەڵەکەی لە سەر کراوە... گەورەم! من ئەمڕۆ لە جاران جیاوازم ... جاران لاوێکی لاڕێ بووم کە پێی خۆش بوو، بەری چاکە بگرێ و خەڵک تووشی گوناح و تاوان بکا و سەریان لێبشێوێنێ، بەڵام ئێستاکە من کەسێکی ترم.

خێرخواز: کەسێکی تر؟!

شەیتان: بەڵێ... ئێستا هەروەک دەمبینی، کابرایەکی پیر و سەنگینم، هەر لەبەر ئەمە هەستم گۆڕاوە و پێم خۆشە لەگەڵ خێرخواز و زاناکاندا هەڵسوکەوتم ببێ... دەمەوێ لە ئیسلاح و چاکەدا یارمەتی خەڵک بدەم، هەر بۆیە کاتێ بیستم تۆ ژیانێکی باشترت بۆ گەلەکەت دەوێ، نەک بۆ خۆت، خێرا هاتمە لات، دەنا ئەگەر تۆش وەک "فاوست" ژینی باشترت هەر بۆ خۆت ویستبا، قەت قەت ئەمشەو نەدەهاتمە لات، چونکە ئیتر نامەوێ خۆم بخەمە گێژاوی تەجرەبەیەکی کۆنەوە... چاخە کۆنەکان ڕابردن و من ئێستا لە چاخێکدا دەژیم کە بۆ وەدەسهێنانی تەجرەبەیەکی نوێ هانم دەدا... خزمەت بە کۆمەڵ، نەک خزمەت بەتاقە کەسێک.

خێرخواز: بەڕاستی دەتوانی لە خزمەت کردن بە گەلدا یارمەتیم بدەی؟!

شەیتان: پێم گوتی، لە چاو ترووکانێکدا.

خێرخواز: دروست، بەڵام ئەی نرخەکەی؟!

شەیتان: هەروەک گوتم، زۆر سادەیە.

خێرخواز: چیە؟ بیڵێ...

شەیتان: پیاوێکی دەمڕاست بە.

خێرخواز: ئیتر چی؟!

شەیتان: هەر ئەمە و هیچی تر...

خێرخواز: ئەی نرخ؟!

شەیتان: ئەوە هەموو نرخەکەیە: پیاوێکی دەمڕاست بە.

خێرخواز: دەرسی ئەخلاقم فێر دەکەی؟! من هەمیشە ڕاست دەکەم.

شەیتان: ئەگەر وایە پێکهاتین؟!

خێرخواز: ئەمە هەموو داخوازییەکەی تۆیە؟!

شەیتان: لەوە زیاتر هیچم ناوێ.

خێرخواز: زۆر سەیرە.

شەیتان: ئەی پێم نەگوتی کە بوومەتە کەسێکی دیکە؟ پێت وا بوو چ داخوازییەکم لێت دەبێ؟ ئەی نابێ داخوازییەکەم لەگەڵ بنەما تازەکانم تەباییyان هەبێ؟

خێرخواز: ئەگەر وایە دەتەوێ دەس بکەی بە ئیسلاحکردنی من؟

شەیتان: تکا دەکەم... مەبەستی وام نییە.

خێرخواز: هەر ئەم بڕوایەشم هەیە.

شەیتان: بەڵام لەپێشدا داخوازییەکەم گوت هەتا دڵنیا بم.

خێرخواز: ئەگەر وایە هیچ دژایەتییەکمان پێکەوە نییە... ئیتر تۆ دەبێ لە کاری ئیسلاحی خەڵکدا یارمەتیم بدەی.

شەیتان: تۆش دەبێ ڕاستەقینەیان پێ بڵێی؟

خێرخواز: (بە پەرۆشەوە) مەبەستت چیە؟!

شەیتان: پێم وایە مەبەستم ڕوونە.

خێرخواز: دەتەوێ پێیان بڵێم کە شەیتان لە ئیسلاحی ئەواندا یارمەتی داوم؟!

شەیتان: بەڵێ، حەتمەن... من یارمەتیم داوی.

خێرخواز: (دەگوڕێنێ) عەقڵ ئەوە دەسەلمێنێ؟!

شەیتان: ئەدی چی؟ ناوێری لە ئاستی خەڵکدا پیاوێکی ڕاست بی؟

خێرخواز: تۆ بیر لە کاریگەریی ئەم قسەیە لە سەر ئەوان ناکەیتەوە.

شەیتان: ئەی دەتویست چیان پێ بڵێی؟ وای دانێ دانەیەکیان لێتی پرسی: چۆن وا خێرا توانیت ئەم کارە بکەی. وەڵامەکەت چی دەبێ؟

خێرخواز: بە یارمەتی شەیتان؟ ببڕای ببڕ... هەر باسی مەکە... ناتوانم بە ئاشکرا بە خەڵک بڵێم کە شەیتان لە ڕێی چاکەوە، ئیسلاحی کردوون.

شەیتان: ئەگەر وایە ڕاستی ناڵێی؟

خێرخواز: بەڵێ نایڵێم.

شەیتان: ئەی لە ڕوانگەی ئەخلاقەوە نێوی ئەم هەڵوێستەت دەنێی چی؟ ئەگەر وایە تۆش فریوم دەدەی... تۆش...

خێرخواز: ئەم نرخە زۆر و گرانە، لە دەستم نایە ئەم نرخە بدەم.

شەیتان: تەنانەت ناتوانم داوات لێبکەم، هەر تاقە وشەیەک ڕاستی بڵێی.
خێرخواز: تۆ خۆت لە جێی من دانێ.
شەیتان: من ئەو گەورەیی‌یەم نییە... من بوونەوەرێکم کە هەر لە کۆنەوە عادەتی گرتووە ڕێک و ڕاست بێ و هەر شتێک بە ناوی خۆی بانگ بکا: خراپە، ناوەکەی خراپەیە. ترس، ناوەکەی ترسە. درۆ، ناوەکەی درۆیە.
خێرخواز: بەداخەوەم...
شەیتان: ئەگەر وایە پەیمانەکە هەڵوەشاوە؟!... قەیدی نییە، بە ڕێگای خۆمدا دەگەڕێمەوە، با گەلەکەشت لە بەدبەختی و هەژاری و چارەڕەشیدا بمێننەوە... بەڵام کاتێک ویژدانت وەخەبەر هاتەوە، مەترسە و ئەمجارە بە ئاشکرا ڕاستەقینەیان پێ بڵێ و ناوی بەرپرسی ئەم شکستە بدرکێنە.
خێرخواز: دەتەوێ بەرپرسایەتییەکەی بخەیتە ئەستۆی من؟!
شەیتان: زۆر سەیرە! ئەی دەتەوێ منیش هەر وە ئەستۆی بگرم؟!
خێرخواز: نا، شتی وام ناوێ... بەڵام شتێکی ڕوونە کە سبەینێ ویژدانم بە ئاسوودەیی‌یەوە بەخەبەر دێ.
شەیتان: حەتمەن وایە... زۆر چاک دەزانم... ئەمانە شتێکن کە لەوەتا من لەم دنیایەدا دەژیم، هەموو ڕۆژێ لێم ڕوو دەدا... زۆربەی ئێوە پاش ئەوەی گوناح و تاوانەکانتان خستە ئەستۆی منی هەژار، ئیتر خۆتان بە خەیاڵی ئاسوودەوە ژین دەبەنە سەر.
خێرخواز: ئەمشەو هاتووی گاڵتەم پێ بکەی؟
شەیتان: تکایە... من هەر هاتووم یارمەتیت بدەم.
خێرخواز: تۆ یارمەتیت نەداوم، بەڵام نیەتی دەروونی خۆت دەرخست.
شەیتان: نا، ڕاستەقینەی تۆم وەدەرخست.
خێرخواز: ڕاستەقینەی من؟!
شەیتان: تۆ ئەوەندەی خۆت خۆشدەوێ گەلەکەت خۆشناوێ... بەو ڕادەی لە بیری سلامەتی هەڵوێستەکەت دای، لە بیری ئیسلاحی گەلەکەتدا نیت.
خێرخواز: لاچۆ لە بەرچاوم، مەلعوون!

شـــەیتان: (بــە پێکەنینــەوە هێــواش دەڕوا) دەڕۆم، هیــوام خــەوێکی ســووکە بــۆ دەروونت!

خێرخواز: ڕاوەستە!

شەیتان: (ڕادەوەستێ) لە خزمەتت دام.

خێرخواز: مەرجەکەم قەبووڵە.

شەیتان: ئایا ڕاستەقینە بە خەڵک دەڵێی؟

خێرخواز: بەڵێ دەیڵێم.

شەیتان: بە ئاشکرا بە گەلەکەت دەڵێی کە شەیتان لە ئیسلاح و بەختەور کردنیاندا یارمەتی داوی؟

خێرخواز: پێیان دەڵێم

شەیتان: بەردەبارانت دەکەن

خێرخواز: دەزانم

شەیتان: دەس لە نێو دەستم نێ... ئێستا ئەتۆ خێرخوازێکی ڕاستەقینەی!

خێرخواز: گاڵتەم پێ دەکەی؟

شــەیتان: نــا، بــەڕاســتمە... خێرخــوازی ڕاســتەقینە ئــەو کەســەیە کــە چــاوەڕوانــی ڕەجمکرانی هەیە بەڵام کاری خۆی هەر دەکا.

خێرخواز: ئێستا پێم بڵێ کە چۆن گەلەکەم ئیسلاح دەکەی؟

شەیتان: بە چاوی خۆت دەیبینی!

خێرخواز: کەی؟!

شەیتان: لە چاوترووکانێکدا، هەر وەک بەڵێنیم پێدابووی.

خێرخواز: دەی بەڵێنییەکەت بەرە سەرێ.

شەیتان: چاوت بقووچێنە،پاشان هەڵیبێنە.

خێرخــواز: (خێرخــواز چــاو دەقــووچێنێ؛ لــەم کاتــەدا دنیــا دەبێتــە چەخماخەیــەکی کەمخایەن ـ چاوی هەڵدێنێ) ئەوە چاوم هەڵێنا.

شەیتان: منیش کارەکەم کرد.

خێرخواز: ئەی کوانێ؟!

شەیتان: هەستە و لەو پەنجەرەوە چاو لێکە.

خێرخواز: (هەڵدەستێ و لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە دەرێ و بە سەرسووڕمانەوە هاوار دەکا) خودایە! کوانێ دێیەکە؟! کوانێ کاولاشەکان، کۆخەکان؟! کوا دێیە خاپوور و پیسەکە؟! کوا خانووە ناحەزەکان؟! ئەم هەموو خانوە جوانە چییە؟ ئەم هەموو پارکە گشتییە لە کوێیەوە هات؟ ئەم هەموو ویلایە کە باغچە دەوری گرتوون... موعجیزەیە... گەلی من لەم بەهەشتەدا دەژیت؟

شەیتان: بەڵێ... بەڵێ...

خێرخواز: (بە خۆشحاڵییەوە) چەن بەختەوەرن! بێگومان هەموویان لە خۆشیدا دەژین!!

شەیتان: حەتمەنە.... دەتەوێ چەن کەسێکیان ببینی؟!

خێرخواز: بەڵێ... تکات لێدەکەم.

شەیتان: کامەیان هەژار و کۆیلەتر بوو ئەوەت بۆ دێنمە بەردەم.

خێرخواز: ئەم بەیانییە لە ژێر داری ئەقاقیادا مێگەلێکم دی کە ڕەنجبەرێک دەیلەوەڕاند... کابرا لە مێگەلەکەی پیستر و بێبایختر بوو... تەنیا جلێکی کۆنەی دڕاوی لە بەردا بوو کە تەنانەت گیانیشی دانەدەپۆشی... ژنەکەشی لە دوایەوە بوو، وەک ئەو هەژار، خەریک بوو کێویلەی کۆ دەکردەوە هەتا بیکاتە سووتەمەنی بۆ نان کردن.

شەیتان: هەر ئێستا دەیانهێنم.... هەر بە چاوترووکانێک... (دەستی لێک دەدا، درگا دەکرێتەوە و جووتیارێک بە جلی ڕۆژەوە دەبیندرێ... ژنەکەشی بە دوای ئەودا دێ، ئەویش بە جلی ژنانەی مۆدی ڕۆژەوە)

خێرخواز: (بە سەرسووڕمانەوە لێیان دەڕوانێ) بەڵێ... هەر ڕاست خۆیانن... بەڵام...

شەیتان: چۆنت پێخۆشە دەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەی.

خێرخواز: (ڕوو لە جووتیار) فەرموو، تکایە دانیشە... بەڕێز... ناوی جەنابتان چییە؟

جووتیار: بچووکت «مەحرووس جێرف».

خێرخواز: (روو لە ژنە جوتیار) ئەی خاتوونێ...

ژنە: (بە مەکر و نازەوە) ناوم خەزرەیە.

خێرخواز: لە بیرتانە ئەم بەیانییە من ئێوەم لە ژێر داری ئەقاقیادا دی، نزیکی...

شەیتان: (بە سرتە) هەر وەک تۆ لەدایکبوونی خۆت وەبیر نایەتەوە ئەوانیش ئەم بەیانییەیان لە بیر نەماوە.... لە ڕابردوویان گەڕێ... باسی ئێستایان بکە.

خێرخواز: (ڕوو لە جووتیار) بەڕێز مەحرووس! ئێستا خەریکی چیت؟!

مەحرووس: خەریکم مەزراکەم بۆ شێوی زستان ئامادە دەکەم!

خێرخواز: مەزراکەت؟!

مەحرووس: بەڵێ... مەبەستم ئەو بیست فەددانەیە کە هەمە.

خێرخواز: بیست فەددان زەویت هەیە؟

مەحرووس: بۆ ئەمە زۆرە؟! هەژارترین وەرزێڕی ناوچە بیست فەددانی هەیە، هەڵبەت لەگەڵماڵێکی چکۆلە و باخێکیش...

خێرخواز: ماڵێک و باخێکیش؟!

خەزرە: بەڵێ... بە ماڵەکەشی دەڵێ "قەیلەلا"!

خێرخواز: قەیلەلا؟! (ڕوو لە ژنە) خاتوو خەزرە! تۆ لە قەیلەلادا دەژیت؟!

خەزرە: ئەدی؟! ئەی لە کوێ بژیم؟!

خێرخواز: ماشەڵڵا... زۆر باشە... لێم سوورە ئێوە زۆر بەختەوەرن.... بەڕێز مەحرووس! لە کاتی بێکاریدا چی دەکەی؟ ئێوە کە ژیانتان لە ئاستێکی بەرزدایە حەتمەن دەبێ کاتی بێکاریتان زۆر بێ....

مەحرووس: کاتی بێکاریم؟!

خەزرە: براگیان من ڕاستیت پێدەڵێم... دەزانی ئەو و هاواڵەکانی چۆن شەویان تێپەڕ دەکەن: چایی... حەشیش...

مەحرووس: باوەڕی پێمەکە.... ئەوە پیرێژنێکی تووڕەی پەککەوتەیە... ئاخر دەمەوێ ژنی بەسەر بێنم...

خێرخواز: ژنی بەسەردا بێنی؟

خەزرە: ئەی چۆن برا! ئێستا هەموو کاری بۆتە ئەوە لە دووی ژنێکی تازە بگەڕێ.

خێرخواز: جا بۆ وا دەکەی؟!

خەزرە: پێی بڵێ برا.... پێی بڵێ...

مەحرووس: بێدەنگ بە ژنەتیو...

خێرخواز: بۆچی خۆت بە خوێندنەوەی کتێبێکی باش سەرقاڵ ناکەی؟! یان باسی شتێکی باش بکەن یا گوێ لە بەرنامەیەکی خۆشی ڕادوێ ڕابگرن؟!

مەحرووس: ڕادوێکەمان لە دیوی میوان دانراوە و مریشک هێلکەی لە سەر دەکەن و پشیلە کایەی پێ دەکەن.

خەزرە: درۆزن...

مەحرووس: دە سوێند بخۆ وا نییە...

خەزرە: جا بۆ هەر ئێمە واین؟! خەڵکی دیکە کەروێشکەکانیان بەڕەڵڵا دەکەن لە ژێر فەڕشەکەیاندا زاوزێ بکەن...

مەحرووس: بیبڕەوە ژنەتیو! بۆچی نهێنی ماڵی خۆمان لای خەڵک دەڵێی؟! یاڵڵا بۆ ماڵێ.... یاڵڵا... (بە دەس ماڵاوایی دەکەن و دەڕۆن)

شەیتان: دەی... دەڵێی چی؟! من بەڵێنییەکەم بردە سەر.

خێرخواز: (بیر دەکاتەوە) بەڵێ وایە... بەڵام...

شەیتان: بەڵام چی؟

خێرخواز: بڵێی ژین هەمووی هەر ئەمە بێ؟!

شەیتان: مەگەر ژینیان نەگۆڕاوە؟! لە چارەڕەشییەوە نەگەیشتوون بە بەختەوەری؟! ئیدی لە چییان کەمە؟!

خێرخواز: ڕۆح...

شەیتان: مەبەستت چییە؟

خێرخواز: تۆ شتێکی تازەت دروست نەکردووە.... هەر ئەوانت بردۆتە دۆخی بەناوبانگی ئەربابانی دێهات.... پێشتر چوومەتە کۆشکی دەوڵەمەندێکی گوندێک کە پتر لە بیست هەزار فەددان زەوی هەبوو.... بزن لە نێو هاڵێکی زێڕیندا بە سەر فەڕشی گرانبابیدا دەڕۆی... دانیشتووەکانی ئەم ماڵەشم دی کە پتر لە مەحرووسی هاواڵت لە مانای ژین نەدەگەیشتن.... گرانترین جل لە بەر دەکەن، بە کەشتی و فڕۆکە و کادیلاک دەچنە ئورووپا و دێنەوە، کەچی هەر بە قەد مەحرووس لە خۆشیەکانی ڕۆح دەگەن...

شەیتان: جوان لە مەبەستت حاڵی نەبووم!

خێرخواز: مەبەستم ئەوەیە کە سامانی ماڵ شتێکە و سامانی ڕۆح شتێکی تر...

شەیتان: سامانی ڕۆح؟!

خێرخواز: بەڵێ، ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێ لێی حاڵی بی و بیزانی.

شەیتان: تا ئەو جێگەی من بزانم تۆ ژینێکی باشترت بۆ گەلەکەت دەوێ... هەموو کەسیش پێی وایە ژیانی ئێستای ئەم جووتیارە لە ژیانی ڕابردووی کە تۆ بە مێگەلەکەیەوە لە ژێر دارەکەدا دیبووت باشترە...

خێرخواز: بەڵێ... لە ڕوانگەی جلوبەرگ و خواردەمەنی و ماڵەوە باشترە...

شەیتان: ئەی لەوە زۆرتر چیت دەوێ؟

خێرخواز: مرۆڤێکی باشترم دەوێ... تێگەیشتنێکی بەرزترم لە واتای ژین دەوێ...

شەیتان: مەبەستت چییە؟

خێرخواز: کە وایە تۆ ژینی چاترت بە گەلەکەم نەداوە... ژیانی چاتر واتای بەرزترە لە ژیان...

شەیتان: مەرجەکەمان وا نەبوو!!

خێرخواز: مەرجەکەمان ئەوە بوو تۆ خەڵک ئیسلاح بکەی و ئیسلاحی ڕۆحیش بەر لە هەموو شتێکە...

شەیتان: (دەگوڕێنێ) ڕۆح... ڕۆح...

خێرخواز: ڕۆح جەوهەری مرۆڤە...

شەیتان: نەمگوت تۆش وەک «فاوست» فریوم دەدەی؟! ئێوە هەر لەم شوێنەوە فێڵم لێدەکەن.... ڕۆح... بە لەحنەت بێ ڕۆح... گێرە و کێشە هەمووی لەم وشەوە ڕووم تێدەکا... من ڕۆیشتم.

خێرخواز: دەڕۆی؟

شەیتان: چارەیەکی ترم نییە.... ئەوەی تۆ دەتەوێ من نایتوانم... من ناتوانم ئەو ئیسلاحە بکەم کە زۆرتر لە کەسێک باسی دەکا

خێرخواز: ئەو کەسە کێیە...

شەیتان: تۆ... (شەیتان دەڕوا و خێرخواز سەر دەخاتەوە سەر کتێبەکەی... ژنەکەی دێتە ژوور و بە هێواشی لە خەوی هەڵدەستێنێ.)



## ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل

چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسە. ساڵی ١٩٦١ لە قامیشلی لە دایک بووە. زۆربەی شانۆنامە و چیرۆکەکانی لە بڵاڤۆکە عەرەبی و کوردییەکاندا لە سوریە و دەرەوەدا چاپ کردووە. زۆربەی شانۆنامەکانی لە سوریە و دەرەوەی وڵاتدا چوونەتە سەر پەردە و سەرنجی بینەریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. وەک: لە نێوخۆی سوریەدا: حەسەکە، دیمەشق، لازقیە، حەڵەب، قامیشلی. هەروەها لە دەرەوەی سوریە وەک لە میهرەجانی نێونەتەوەیی شانۆی منداڵان "شفشاون" لە مەغریب ساڵی ٢٠٠٦، ڕەئسولخیمە ساڵی ٢٠٠٧. هەشتەمین میهرەجانی شانۆی منداڵان لە مەغریب ساڵی ٢٠٠٨، بەسرە، سلێمانی.

لە بواری شانۆ و چیرۆک نووسیندا زۆر خەڵاتی بردۆتەوە وەک خەڵاتی داهێنانی شاریقە لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە بەر نووسینی «سەمای ئەویندار»، خەڵاتی فەرهەنگیی منداڵی عەرەب لە شاری ئەبوزەبی لەبەر «کێڵگە» لە ساڵی ٢٠٠١دا.

هەتا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بڵاو کردۆتەوە:

١ـ شانۆی دڵخوازی ئێمە (لێکۆڵینەوە لەمەڕ شانۆی کوردی)، دیمەشق، ١٩٩٧

٢ـ کاتێک شەمدینۆ گۆرانی دەڵێ، شانۆنامەی منداڵان، دیمەشق، وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٠

٣ـ تۆبەی ڕێوی

٤ـ سەمای ئەویندار، چیرۆک، شاریقە، ٢٠٠١

٥ـ هەمبانەی بدلیسی، (بۆ منداڵان)، هەولێر ٢٠٠٣

٦ـ کێڵگە (بۆ منداڵان)، ئەبوزەبی، ٢٠٠٣

٧ـ چیرۆکی سێ سەربزێو (دوو شانۆنامە بۆ منداڵ)، دیمەشق ٢٠٠٤

٨ـ لووتکە (بۆ مێرمنداڵان)، دیمەشق، وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤

## نیشتمان پەروەری

بە ڕێزەوە ڕووبەڕووی ئاڵای شەکاوەی نیشتمانەکەی ڕاوەستا.

چاوی بە کیژۆڵەیەکی جلوبەرگ دڕاوی شڕۆڵ کەوت.

پارچە ڕەنگاوڕەنگەکەی هێنا خوارێ و لەشی کچۆڵەکەی پێداپۆشی.

ئەمجار بە ڕێزێکی زۆرترەوە ڕووبەڕووی شادیی ڕەنگاوڕەنگی کچەکە ڕاوەستا.

## لێپرسینەوە

کاتێک سەبارەت بە کردەوەکانم پرسیاری لێکردم وڵامم نەداوە؛ وەک جاران ترسێک کەوتە دڵم بەڵام متەقم لێوەنەهات.

کاتێک چاو و لاق و دەستم دژی من شایەدییان دا، دڵنیا بووم کە حەتمەن ئەو دەبێ خودا بێ و منیش بە ڕاستی مردبێتم.

## میرات

بیرم لە شتێک دەکردەوە کە لە پڕ ژنەکەم گوڕاندی بە سەرما:

ـ قوڕ بە سەری داماو! هەتا کەی خەو بە جوانییەوە دەبینی؟ دە دەس هەڵگرە!

گوتم: بیر لە نیشتمانی جوانم دەکەمەوە!

گوتی: ئەوەندە ئەوەت گوت ئیدی لێی بێزار بووم!

تووڕە بووم: هەر دەیڵێمەوە هەتا لە جیهانی ڕاستەقینەدا بیبینم!

بە گاڵتە و ناهومێدییەوە وەڵامی داوە: قەتی نابینی!

ـ ڕەنگە وابێ، بەڵام کوڕەکەم دەیبینێ، ئەمەش بۆ من بەسە!

دایکە پیرەکەم دەستێکی لە یەک دا و بە پێکەنینێکی پڕ لە دڵۆڤانییەوە گوتی:

ـ سوبحانەڵڵا! باوکیشت هەر ئەم قسەی بۆ من دووپات دەکردەوە.

لەم قسەیە نارەحەت بووم، بەڵام هیچم نەگوت. لەو ڕۆژەوە ترسێک کەوتە دڵم: بڵێی ڕۆژێک کوڕەکەشم هەر وا بە ژنەکەی بڵێ؟ کوڕی

کوڕەکەشم هەر ئەمە بە خێزانی بڵێ و ئەم میراتە بۆ زەمانێکی زۆر درێژ لە بنەماڵەکەمدا بمێنێتەوە؟!!

## نوسخە

دوکتور نوسخەیەکی دەوا بۆ نووسی. لە پشت نوسخەکەشەوە نووسی:

(پارێز: پیواز، نان، ڕۆن، نیگەرانی، خەفەت، دڵەڕاوکێ.

ئیزن دراو: میوە، سەوزی تازە، گۆشت، شیرینی، شادی، بەختەوەری، ئازادی، ئاسوودەیی.)

نوسخەکەی لە دوکتور وەرگرت و بە ڕێزەوە قەدی کرد و خستییە گیرفانی و وەدەرکەوت. لە ماڵێ بۆ خێزانی خوێندەوە. بە خەمەوە چاوی لە مێردەکەی کرد و... گریا...

بۆ جیرانەکەشی خوێندەوە. بە نارەحەتییەوە چاوی لێکرد و... پێکەنی.

نیوەشەو لە تەنیاییدا زۆری بۆ خۆی خوێندەوە.

گریا و پێکەنی.... پێکەنی و گریا...

بۆ بەیانی خەڵک بۆی گریان!!

## بەربەرەکانێ

بەرەبەیانێک ئاسمان لە زەوی تووڕە بوو. بڕیاری دا ئێوارێ زەوی لە ژێر پێ بنێ. چۆلەکەیەک لە هێلانەکەیدا بڕیاری ئاسمانی بیست. خێرا بەرەو دەشت هەڵات و خۆی دا بە عەرزدا و هەر دوو لاقی ڕوو بە ئاسمان هەڵێنا.

چۆلەکەیەکی هاوڕێی کە لەوێوە تێدەپەڕی، پرسی: هاوڕێ! چی دەکەی؟

ـ زەوییەکەمان لە هەڕەشەی ئاسمان دەپارێزم

هاوڕێکەی دای لە قاقای پێکەنین و بە گاڵتەوە گوتی:

ـ ئا بەو لاقانەوە عەرز دەپارێزی؟ قوڕبەسەر!

ـ وەرە تۆش وەک من بکە، دڵنیا بە ئاسمان ناتوانێ هیچ بکا.

هاوڕێکەی ڕازی بوو و وەک ئەو لاقەکانی بەرەو ئاسمان هەڵێنا.

پۆلێک چۆلەکە بە سەریاندا تێپەڕین. لەگەڵیان کەوتنە چەلەحانێ و مشتومڕ. دوایە هەموویان وەک دوو هاوڕێکەیان کرد.

پێش ئەوەی ڕۆژ چاوی لێک بنێ، ئاسمان خێسەیەکی لە زەوی کرد. جەنگەڵێکی وردەلاق دی کە بۆ بەربەرەکانێ بەرەڕووی وەستابوون. وەک شەقشەقە کەوتە لەرزین و ڕەنگی ڕەش‌وشین داگەڕا و لە بڕیارەکەی بەیانی سارد بۆوە.

## مەسخ

لە پێشدا هەموو وایان زانی یەکێکە لە هاوالانی ئەشکەوت، بارانی پرسیار بە سەریدا باری:

ـ کوا پووڵە قەدیمییەکانت؟

ـ کوا هاواڵەکانت؟

ـ سەگیشتان لەگەڵە؟

وڵامی نەداوە. لەبەر ژان دەستی بە زگیەوە گرتبوو، بە نیوەنووزەیەکەوە لێیان پاڕاوە:

ـ برسیمە، تکایە نانێکم دەنێ.

کەس لێی حاڵی نەبوو. قەڵافەتەکەی سەیر و ترسێنەر بوو. چاوی جەماوەر برووسکەی ترس و سەرسووڕمانیان تێزابوو.

دەستەیەک گەڕۆک بەوێدا تێپەڕین و لەگەڵ خۆیان بۆ شوێنێکی دووریان برد. لە نێو ڕێ لێیان پاڕاوە و لەبەر برسێتی ناڵاندی. دانەیەکیان چاوی لێ‌کرد و زۆری لێ‌ڕاما. دوایە بە سەرسووڕمانەوە لە هاواڵەکانی پرسی:

ـ ماشەڵڵا!! ئەم خەڵکە لە هەموو شتێکدا دواکەوتوون، لە مەیموونەدا نەبێ... دەڵێم زۆر لە بەشەر دەچێ... وا نییە؟

دوایە ڕووی خۆی وەرچەرخاند و مۆزێکی بۆ خۆی پاک کرد و بە بێ‌وازی خەریکی جاوینی بوو.

## فەرهەنگۆک

ئاژانس: (لێرەدا) شوێنێک کە چەند دانە ماشێنی لێ بێ بۆ ئەمبارەو بار کردنی مسافیر

ئاکاردۆن: ئامێرێکی مۆسیقایە

ئالبێرتا: گۆرانییەکە

ئایفۆن: کەرستەی درگا کردنەوە

ئیسلامبول: شەقامێکی تارانە

ئەسکەندەرییە: شارێکی وڵاتی میسرە

بادکووبە (باکۆ): شارێکی وڵاتی ئازەربایجانە

بلینی: خواردەمەنییەکە

بولغارستان: وڵاتێکی ئەورووپییە

پاپریکا: چەشنێک خواردەمەنییە

پیراشکی: خواردەمەنییەکە وەک کەیک

پێرمەنگەنات: بۆ شتنەوە و خاوێن کردنەوەی جێی برین بە کار دێ.

پەیکان: چەشنێک ماشێنی ئێرانییە

تانگۆ: سەمایەکە

تورمیز: ئیستۆپ

تونێل: ڕەهەند

تەورێز: شارێکی ئێرانە

جاڕوو: گەسک

چارداش: گۆرانییەکە

دانووب: گەورەترین و گرینگترین چۆمی ئەورووپای ناوەندییە.

دیالیزەکراو: بێژەندراو

ڕاسباڵ: سەمایەکە

ڕامی: یارییەکە لە وەرەقێندا

ڕومبا: سەمایەکە

زەنجان: شارێکی ئێرانە

سۆس: جۆرە تامێکە بۆ هێنێدک چێشت

سینەما مایاک: ناوی سینەمایەکی تاران بوو

سێرتسا: گۆرانییەکە

سەربازی پیک: وەرەقێکە لە کایەی وەرەقێندا

سەندەڵی: کورسی

عەلادەولە: شەقامێکی تاران بوو

غوڕابی: بیسکووئیت

فلووت: ئامێرێکی مۆسیقایە

فۆکسترۆت: سەمایەکە

فیردەوسی: شەقامێکی تارانە

ڤۆڵگا: درێژترین چۆمی ئەوڕووپایە، لە ڕووسیادایە و دەڕژێتە نێو زەریای خەزەرەوە

قەزوێن: شارێکی ئێرانە

قەوامولسەڵتەنە: شەقامێکی تاران بوو

کابینێت: کەوەنتەر

کازاچۆک: سەمایەکە

کافەی ژاڵە: کافەیەکی تاران بوو لە سەردەمی ڕژێمی شادا

کیف: جانتا، ساک

کەشەف: سینی

گارسۆن: خزمەتکاری چێشتخانە

گارمۆن: ئامێرێکی مۆسیقایە

گڕام: ئەو سەفحە خڕانەی، گۆرانی لە سەر تۆمار دەکرا و دەخرایە سەر گڕامافۆن.

گڕامافۆن: دەزگای بڵاو کردنەوەی گۆرانی لە پێشوودا

لالەزار: شەقامێکی تارانە
لوپانزا: گۆرانییەکە
لۆتۆ: قومارێکە. لە چەند دانە کارتدا هێندێک ژمارە دەنووسرێ، ئەگەر ئەو ژمارەیەی لە نێو خولخولەکە دێتە دەرێ، لەگەڵ ژمارەی کارتێک یەک بن، خاوەنی ئەو کارتە دەیباتەوە.
لیکۆر: چەشنێک عارەقی ئالکۆڵیی شیرینە بە تامی میوەوە
لەهێستان: وڵاتێکی ئەورووپییە
مارمالاد: مرەبایەکی زۆر خەستە کە لە چەرخکراوی میوە ئاودارەکان دەیکوڵێنن.
ماقنە: جۆرە سەرپۆشێکی ژنانەیە
مامیدریم: گۆرانییەکە
موغان: شارێکی ئێرانە
میانە: شارێکی ئێرانە
مەجار: هۆنگری
نادری: شەقامێکی تاران بوو
نەردە: محەجەرە
واڵس: سەمایەکە
ڤیولین: ئامێرێکی مۆسیقایە
هۆنگری: یان مەجارستان، وڵاتێکی ئەورووپییە